

## ئاشنابوون بە

# ئالان تۆرین

کۆمەڵێک نوسەر

تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر،

چاپ: چاپخانەی کارۆ

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

## بیۆگرافیای ژیانی ئالان تۆرین

**ئا: لوقمان رەئوف**

– زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی لە 1925/8/3 لە ئیرمانفیل سورمیر، کالفادوس لە فەرەنسا لەدایک بووە.

– لە ساڵی 1945 چووە خوێندنگەی باڵای مامۆستایان.

– لە ساڵی 1947 هەوڵیدا لەو ژیانە داخراوەی خوێندنگە ئاساییەکان هەڵبێت.

– لە ساڵی 1947–1948 پاش گەشتێکی خوێندنگە بۆ مەجەڕو تێپەڕبوونی بە یوگوسلافیادا، چوو بۆ ڤالنسیا، بەمەبەستی ئەزمونکردنی ژیانی سەخت.

– لە ساڵی 1950 چووە بنکەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی کە بەسەرۆکایەتی (فریدمان) بوو.

– لە ساڵی 1952 دەرفەتێکی لە دەزگای (روکفار) لە زانکۆی هارڤارد بۆ ڕەخساو بەهۆی ئەمە شەوە، چاوی کەوت بە (تالکوت بارسونز)، بەمەش زانین و زانیاری لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوە فراوانکرد.

– لە ساڵی 1956 چوو بۆ شیلی و چاوی کەوت بە (ئادریانا ئاریناس) و لەهەمان ساڵدا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجامدا.

– لە ساڵی 1958 چووە (CNRS) بۆ قوتابخانەی خوێندنی باڵا لەزانستە کۆمەڵناسیەکاندا، هەروەها کاری لە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی فەرەنسی دەکرد.

– لە ساڵی 1959 بەشداریکرد لەدامەزراندنی گۆڤاری (زانستی کۆمەڵناسی کار) دا.

– لە ساڵی 1960 بنکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستیدا لە زانکۆی چیلی دامەزراند،بوو بە لێکۆڵەر لە (ئیکور–ئیتودیس) لە زانستدا لە پاریس.

– لە ساڵی 1964 نامەی دکتۆرای بەناوی (کۆمەڵناسی بەناونیشانی کار) کە وەک نامەیەکی تەواو، لەسەر هۆشیاری کار پێشکەشکرد.

– لە ساڵی 1966 نامەی دکتۆراکەی بڵاوکردەوە.

– لە ساڵی 1969 کتێبی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی بڵاوکردەوە.

– لە ساڵی 1981 چوو بۆ پۆڵندا بۆلێکۆڵینەوە لەبزوتنەوە کرێکاری و هاوکارییەکان.

– لە ساڵی 1984 بۆیەکەم جار بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لەزانکۆی (کوتشاباما) وەرگرت و تائێستاش (14) بڕوانامەی فەخری وەرگرتوە و دواترینیشیان لەساڵی (2008) بوو، کە لەلایەن زانکۆی (بابویە)ی کاسۆلیکی لەپیرۆو، زانکۆی (مایوردی سان مارکوس) لە لیمادا بوو.

– لە ساڵی 1988 خەڵاتی (amalfi) ئەوروپی بۆ زانستی کۆمەڵناسی وەرگرتوە

– لە ساڵی 1989 دژی دەرکردنی خوێنکارانی باڵاپۆش بوو لەزانکۆ.

– لە ساڵی 1998 کتێبی (رەخنەی مۆدێرنەی) بڵاوکردەوە، خەڵاتی (ئامالفی–Amalfi) ئەوروپی بۆ زانستی کۆمەڵناسی وەرگرت.

–لە ساڵی 2004دا دکتۆرای فەخری لە زانکۆی (فالبراسیۆ) لە شیلی وەرگرت.

–لە ساڵی 2005 کتێبی (لە پێناو تێگەیشتن لە جیهان)ی ئەمڕۆوە بڵاوکردەوە.

–لە ساڵی 2006 دکتۆرای فەخری لە زانکۆی (نیشتمان) لە سانت مارتن و زانکۆی کۆلۆمبیای نیشتمانی وەرگرت.

– لە ساڵی 2010 لەگەڵ (زیگمون یومان) خەڵاتی زانستی مرۆیی وەرگرتوە.

–ساڵی 2013 نوێترین کتێبی لەسەر کەتیگۆرە نوێکانی جیهان و کاریگەرییان لەسەر هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەکردووە.

# دیالۆگی نێوان مەلا بەختیارو ئالان تۆرین

ئامادەکردنی: ئەنوەر بازگر – فەرەنسا

مەلابەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی، دوای بەدوای ئەوەی رۆژی (2013/6/29) لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بە بەبابەتی (رۆشنگەری لەناو وڵاتی دواکەوتوودا)کە لە هۆڵی بەناوبانگی کۆلبێری پەرلەمانی فەرەنسا، پێشکەشیکرد، بەشداری لەکۆنفرانسی نێودەوڵەتی (کوردستانی عیراق، هەرێمێک بەرەو دیموکراسی) کرد، کە ئینستوتی کوردی – فەرەنسی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا رۆژی (2013/6/30)رێکیخستبوو ، بەمەبەستی گفتوگۆیەکی فکریی و ئاگاداربوون لە دواین بۆچوونەکانی سەبارەت بەبارودۆخی جیهان و ئەو شەپۆلە دیموکراسییەی کەپێویستە ئەمڕۆ لەجیهاندا بگیرێتەبەر، لەماڵەکەی خۆی، سەردانی گەورەبیرمەندی فەرەنسی و سۆسیۆلۆگی جیهانی ئالان تۆرینی کرد، هەروەک لەسەردانەکەیدا مەلا بەختیار سەبارت بەکوردستان و ئەو هەوڵانەی یەکێتیی نیشتمانیی، کە بەپلەی یەکەم لەپێناو پراکتیزەکردنی دیموکراسی لەهەرێم و عێراقدا ئەنجامیداون، گفتوگۆی لەگەڵ تۆریندا کرد.

لەو سەردانە نارەسمیەدا کە یەکەم سەردانی سیاسەتمەدارێکی کورد و وەفدێکی کوردیە بۆ لای بیرمەندێکی گەورەی وەک ئالان تۆرین، کە لەلایەن د. عادل باخەوان مامۆستای زانکۆ لە فەرەنساوە رێکخرابوو، لە هەمانکاتدا هەرخۆشی گفتوگوکانی نێوان ئالان تۆرین و مەلا بەختیاری وەرگێڕاوە، کاتێک وەفدەکە گەیشتە ماڵی ناوبراو لە شوقەکەی خۆیدا لەچاوەڕوانیاندابوو.

ئالان تۆرین وتی"من زۆر خۆشحاڵم کەپێشوازی لە سیاستمەدارێکی کورد و هاوڕێکانی دەکەم، جگە لەو دیالۆگەی لەسەر دیموکراسی و کتێبە نوێکەی خۆی و درێژەپێدانی سیستمی سەرمایەداری، ئالان تۆرین باسی لەوەکرد کەپێویستە تۆ وەکو ( مەلابەختیار) و سەرکردەیەکی سیاسی کورد گرنگی بە هەر چوار پارچەی کوردستان بدەن و هەوڵبدەن بۆ یەکگرتن و ئەوەشی وت من هیوادارم، رۆژێک بێت هەر چوار پارچەی کوردستان ئازادو رزگار بێت و تۆ ببینم وەکو سەرۆک و رۆڵ و کاریگەری گەورەت هەبێت، چونکە ئایندەت رونەو هیوادارم خۆشت کاری

باش بکەی بۆ ئەو پرسە گرنگ و چارەنوسازە"

لەو دیدارەی نێوان ئالان تۆرین و مەلابەختیار، دیالۆگێکی گرنگ لەسەر زۆر بابەت روویدا ئەوەی لێرەدا بڵاوبۆتەوە بەشێکی گرنگی ئەو دیالۆگەیە، لەکۆتایشدا مەلابەختیار قەڵەمێکی گرانبەهاو تایبەتی پێشکەشکردو وتی «ئەمە وەکو دیارییەکی تایبەتی کەسێکی کورد وەربگرە" و هەر لە دیدارەشدا، مەلابەختیار بانگهێشتی ناوبراوی کرد بێتە کوردستان و ئالان تۆرینیش بە لێنیدا پێش کۆتایی ئەمساڵ سەردانی سلێمانی بکات.

***مەلا بەختیار: ئەگەر مێژوی سەرمایەداری و دیموکراسییەکان بخوێنینەوە، هەمیشە مێژویەک بووەو ناو بەناو قەیرانی توش بووە و مرۆڤایەتی نزیک کردوەتەوە لە کارەسات، بەڵام دووبارە خۆی ڕێکخستوەتەوە، بەواتایەکی تر لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا سەرمایەداری خۆی ڕێکخستووە، لە ڕابردوودا وا بووە، ئایا لە سەردەمی گۆڵباڵیشدا وا دەبێت؟ ئایا ئەڵتەرناتیڤ هەر ئەوەیە کە تۆرین وتویەتی هەر خۆمان کۆبکەینەوە، یان ئەڵتەرناتیڤی تر هەیە، چونکە ئەڵتەرناتیڤی تر هەیە، کە لەسەر ئاستی جیهان پرۆسەکە چارەسەر بکات و دیموکراسی بەردەوام بێت؟ ئایا لەمەو دواش ئەڵتەرناتیڤ هەر دیموکراسیە؟**

-ئالان تۆرین: چەندێک لە گەشەی ئابوریدا پێشکەوین، ئەوا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە و لە چرکە ساتێکدا هەموو شتێک بینادەکەین، لە چرکە ساتێکدا دیموکراسی ناتوانێت موقاوەمە بکات، ئەگەر ئەویش بە هەمان شێوە بە ناو هەموو ڕووبەرەکانی کۆمەڵگەدا نەکشێت ، چەند کاپیتاڵیزمی نوێ بکشێ، دەبێت ئەوەندەش دیموکراسی خۆی گولەباڵیزە بکات، بەبێ خۆگولەباڵیزەکردنی دیموکراسی، ئەگەر دیموکراسی خۆی لۆکاڵیزە بکات، هەر لە دیمکراسی کورد، عەرەبی، فارسی ..... تا دواتر بەناوی تایبەتمەندیەوە ئاین بهێنێتە ناویەوە، دژی ئەوەم دەبێت خۆی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا گولباڵیزە بکات، ئەوا وەک ئۆپشن لەناو دەچێت، بۆ نموونە ئێمە کەشفی دیموکراسی سیاسیمان کرد، ئەمەش ئەو شتەیە جاران پێماندەوت سەردەمی شۆڕش، لەو چرکە ساتەدا دەستمان کرد بە هەڵگەڕانەوەی شارستانیەتەکان، لە ئەمریکا سەربەخۆیی وەرگیرا، لە ئیسپانیا بەهەمان شێوە، پاشان شۆڕشی ئەکتۆبەر لە سۆڤییەت، دوای هەموو ئەمانە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دیموکراسی سیاسی ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، دەتوانم تۆ لەسەر کارەکەت لەق بکەم، لەناو دیموکراسی سیاسیدا من وەک خاوەن کار مافی ئەوەم هەیە، کە تۆی کرێکار وەک گوێرەوی لولبکەم.

بەڵام لەسەدەی بیستەمدا چەندێک پێشدەکەوتین و چوینە ناو مێژووەوە، ئەم بۆچوونە دەگۆڕدرا، لەناو سەدەی بیست و یەکدا ئەم دیموکراسییە سیاسیە دەکەوێتە ناو قەیرانی گەورەوە و ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بۆیە ئێستا شتێکی تر خۆی بەسەرماندا فەرز دەکات ، کە دەرەنجامی قۆناغەکەیەو برێتییە لە دیموکراسی کۆمەڵایەتی، بەبێ دیموکراسی کۆمەڵایەتی ناتوانین وەڵامی ئەو شتانە بدەینەوە، ئەمڕۆ لەدەرەوەی ئەوروپا بزوتنەوەکان دەستیان پێکردوە، بە تایبەتی ئەوانەی پێیاندەڵێن چوونە دەرەوە لە کۆڵۆنیالیزم و وڵاتان دەیانەوێت سەربەخۆبن، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ گۆڕانکاری بەسەر بەرهەم لە هەموو بەشەکانی ژیاندا دێت، دەیانەوێت ململانێ بکەن ،نەک لە پێناو سیاسەتدا یان کۆمەڵایەتیدا، واتە ململانێکە هیچییان نییە، بەڵکو ململانێکە لە پێناو کلتوردایە ، ئەمەش ئەو شتەیە کە ناوم نا بزوتنەوەی چوونە دەرەوەی لیزاسیۆن، کۆڵۆنالیزاسیۆنی تازە ئەوەیە دەیانەوێت بە ناوی زمانێکەوە ، یان شوناسێکەوە، یان شتی ئایینی، یان کلتورێکی تایبەتیەوە ململانێ بکەن، ئەو سەردەمە تەواو بوو کە لە پێناوی دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا بزوتنەوەی گەورە دروست بکەی، لە یەکێک لە کۆتا کتێبەکاندا دەڵێم لەپێناو ململانێی دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئێستا کاڵبوونەتەوە لە ئەوروپا، ئێمە چەندین بزوتنەوەمان هەیە، لەپێناو دەسکەوتە کلتورییەکاندا ململانێ دەکەن، یەکێک لەوانە بزوتنەوەی ئافرەتانە، کە ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان خاوەنی لاشەی خۆیان بن، ئەم لاشەیە نیشتمانی خۆمە و خۆم تێیدا دادەنیشم، لە چەندین شوێنی دژیەک و دنیادا و ئەوەی دەیبینین تەنها ئەو بزوتنەوانە نین کە لە پێناو دیموکراسی و کایە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردەکەن، بەڵکو ئەو بزوتنەوانەن کە دژی ئەو ئەکتەرانەن، کە ئەکتەری ئازادیخوازی نیشتیمانیەکانیان بوون، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئێکس کۆمۆنیست، هەروەها لە جیهانی ناسیۆنالیستی پۆست عەبدولناسردا، گوماندەکەم سبەینێش لە وڵاتانی وەک چین و کۆریا و هیندستان و هەموو وڵاتانی جیهان ئەو بزوتنەوانە دروستبن،

هەموو کاتیگۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەم کتێبەدا سەر لەنوێ پێناسە دەکەمەوە، یەکێک لە کەتیگۆریەکانیش بە تایبەتی بریتییە لە دیموکراسی، ئاگاداربن ئەمڕۆ لە دنیادا ڕەخنەی زۆر هەیە لەسەر دیموکراسی نوێنەرایەتیکردن، دیموکراسی شتێکە پارتە سیاسیەکان شەق دەکات، حزب دەتوانێت لە خزمەتی دیموکراسیدا بێت، وەک چۆن دەتوانێت کەندەڵان بێت لە ڕێگەی دیموکراسیدا، حزبە ستونییەکان لە بەریتانییا، ئەمریکا، بە پێچەوانەی ئێمەوە شتەکان دەبینن، هیچیان ڕێکخراوی ستونییان نییە و تەواو کۆتایی پێهات، مانیفێست ساسۆنیەکان لە مۆسکۆ دەژین.

دەمەوێت بڵێم هەوڵبدرێت ئەو گۆڕانەی بەسەر گەردوندا دێت چییە، یەکەم لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا هەلومەرجە ئابورییەکە بەدوای خۆیدا قەیران دەهێنێت، بە تایبەتی لە ئەوروپا کە قەیرانێکی ئابوری گەورە هەیە و کێشەی دراوی زۆری دروستکرد بۆ نمونە لەساڵی 2010 لە یۆنان، بەڵام پاشان ئەو گرفتەی دروستکرد، دەوڵەمەند قەرز دەداتە دەوڵەت، بەمەش هەژارەکان دەبێت بە گران شت بکڕن، بۆیە ئەم پرسیارەم کردووە لەم کتێبەدا کە چۆن دەکرێت سەرلەنوێ بینای بکەینەوە، وەڵامی منیش بەیەک وشەیە ئەمەیە کە ئەگەر کاتیگۆریە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوەشاینێنەوە، ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە پێیدەڵێن چوونە دەرەوە لە کۆمەڵگەی سیکۆلاریزم، هەروەها گەڕانەوە بۆ بزوتنەوە ئاینیەکان و ئەنتی دیموکراسی، ئەوەی من دیفاعی لێدەکەم ئەوەیە، کە هەموو وڵاتانی دنیا خۆیان ئازاد کردوە لە هەیمەنەتی ڕۆژئاوا و هەمان ڕێگە ناگرنە بەر، تەنانەت لە ئەوروپاش چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە، ئەم وڵاتە تازە ڕزگاربوانە تێدەگەن لەوەی کە فرە دەنگ و ڕەنگ و کۆمەڵایەتی، مێژوو، کلتور .. پێکەوە گرێیداث، ئەوەی لەم کتێبەمدا گەیشتومەتە ئاکام ئەوەیە، کە ئەو وڵاتە تازە پێگەیشتوانە، لەسەریانە مێژوو و کلتور و ڕابردوی خۆیان گرێبدەنەوە بە دەستکەوتە هەرە جیهانییەکانی ڕۆژئاوا، لە ئەفلاتونەوە تاوەکو ئەمڕۆ، واتە ئەم دوانە پێکەوە گرێبدەن، ئەمەش شتێکی نۆرماڵە، چونکە ڕێگە بە خۆم دەدەم بڵێم، ناتوانن جگە لەمە شتێکی تر بکەن، مرۆڤایەتی جگە لەمە هیچ چارەسەرێکی تری نیە، یان بەرەو کارەسات و جەنگ دەڕۆین، واتە بەرەو چارەسەر یان بەرەو کارەسات ڕۆشتن .

ئەمەی دەیبینین کشانی کەپیتالیزمە، چەندە کەپیتالیزمی نوێ دەکشێ، ئەوەندەش ململانێی نوێ لە دایک دەبێت، ئەوانیش تەنها پەیوەندییان بەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا گلۆبەلیشن، دەبێت دیسانەوە سەر لە نوێ پێناسەی دیموکراسی بکەینەوە کە دیموکراسی عەقڵ و مافەکانی مرۆڤە، چونکە بەبێ پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ دیموکراسی مانای نییە، لەگەڵ ئەوەی ئەمە کۆنترین پێناسەی دیموکراسییە لە ڕۆژئاوادا.

بە تایبەتی لە سەردەمی ئەنواردا، ئێمە دەتوانین ئەم پێناسەیە بدۆزینەوە، چونکە ئێستا پێویستمان پێیەتی، چونکە دیموکراسی نوێ ئەوەیە، کە ماف بدات بە گەل و ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، کە گەل بە دەسەڵات بڵێت نەخێر، کە ئەمە پێیدەوترێت مافە سەرەتاییەکانی گەل، یاسا، دادگا هەمووی لەژێر ئەمانەدایە، هەر یاسایەک لەگەڵ ئەم پرەنسیپانەدا یەکی نەگرتوە، ئەوا دیموکراسی فڕێدەداتە دەرەوە.

*** مەلا بەختیار: ئێمە لەناو وڵاتێکداین تازە ئازاد کراوە، ڕزگاربوونمان زۆر سەخت بوو، بەڵام بنیادنانی دیموکراسی لەم وڵاتەشدا سەخترە، بەتایبەتی گەلانی ئەوروپا شۆڕشی دیموکراسییان سەرخست، شۆڕشی دیموکراسی سەنتراڵی بوو بە ئاسانی سەرکەوت، سەبارەت بە ئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکەوە، ئەوە پێناسەی دیموکراسییەکەیەتی کە بەڕێزت باستکرد، لە دیموکراسی سیاسییەوە بەرە بەرە، بەرەو دیموکراسی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی فراوان دەڕوات، سەبارەت بە ئێمە (کورد) هێشتا زۆر گرانە، چونکە نەتەوەیەکی (50) ملیۆنین و بە مانای دەسەڵات دەسەڵاتمان نییە، لەوەش خراپتر وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هیچییان تا ئێستا دیموکراسی سیاسی ڕاستەقینەییان بە چاو نەدیوە؟**

–ئالان تۆرین :لە عیراقدا لەسەر ئاستی پراکتیک سەربەخۆن یان نا؟

***مەلا بەختیار : ئێمە خەریکە گوتارەکەی بنیادبنێین، مەسەلەی دیموکراسی و نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ بەشەکانی کوردستان لەناو ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسییان تێدانییە، گرفتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەم شەپۆلە نوێیەی دیموکراسی کە هاتووە کاریگەری لەسەر ئێمە و کۆمەڵگەکەمان و ڕۆژنامەنوسان داناوە، واتا سەرمایەداری بە کۆمپانیا و بەرژەوەندی و ڕاگەیاندن و بەشێک لە**

**کەلتور .... تا د هاتوە، هاتنی ئەم بنچینانەی سەرمایەداری بۆ کوردستان، بێگومان چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیشمان هەیە، ئێستاش دەسەڵاتێکی فیدراڵی کە هەیە، ئێمە لە باشوری کوردستانین، لە باکوری کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژئاوای کوردستان دەسەڵاتمان نییە، زمانمان نییە و ناهێڵن بە زمانی خۆمان قسە بکەین، بۆیە لە 20٪ ی کورد، دەسەڵاتێکی فیدڕاڵی هەیە؟**

–ئالان تۆرین: ئەوەی لەم باس و کاتەدا گرنگە ئەوەیە، کە تۆ تەنها باس لە کوردستانی عیراق ناکەیت، بەڵکو باسی هەموو کوردستان دەکەیت، من هەمیشە لە گلۆباڵدام، بۆیە دەستخۆشیت لێدەکەم.

***مەلا بەختیار : ئێمە پەیوەندی ئۆرگانیمان لەنێوان هەر بەشێکی کوردستاندا هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم پەیوەندییە ئۆرگانییە بەیەکەوە نەچێتە پێشەوە، مەترسیە بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان، ئێمە وەکو (ی.ن.ک) تێدەگەین چ ڕاگەیاندن یان نوسەرانی، بەڵام لە دەرەوەی ئێمە چەندین حزب هەن، هەرگیز لەمە تێناگەن، زۆرتر بیری حزبەکانی تر، بیری دیموکراسی سیاسی سەنتراڵیە و ئەمەش گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە، من دەزانم بەرێزت تیرۆسینێکی زۆر باشی بۆ ڕۆژئاوا، بەڵام ئامۆژگاری تۆ چییە کە ئێمە لە وڵاتانی دواکەوتوو، تازە ئازادکراودا چیبکەن، بۆ ئەوەی ئەم هاوئاهەنگییە لەگەڵ هێزە دیموکراسەکانی ڕۆژئاوادا بەهێز بکرێت، چونکە زۆر جار وتومە، ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە پەرەنەسێنێ بۆ وڵاتانی دواکەوتوو، یاخود لەلای ئێمە بنەما دانەنێت ، بێگومان پێش ئێمە ڕۆژئاوا کێشەی قوڵتری بۆ دروستدەبێت، ناکرێت بەشێکی دنیا دیموکراسی بێت و باکوری دنیا دیموکراسی نەبێت، لەهەموو بوارەکاندا؟**

– ئالان تۆرین : سەرەتا حەزدەکەم لەو تێبینییە بچوکەوە دەست پێبکەم، ناکرێ کەسێ نەزانێ ئامۆژگاری یەکێک بکات کە ئەزانی، واتە تۆ ئەزانی و من دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نازانم، ئەمە وەک تێبینی سەرەتا، شتێکت وت لە کۆمەڵگەدا پێویستە کە ئەوەیە، یەکیەتی سیاسی لە دنیادا نییە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، کە ئەم یەکیەتییە سیاسیە لە دنیادا زۆر ئاڵۆزە و بەرژەوەندی وڵاتان و کۆمەڵگەکان جیاوازن، دەرەنجامی ئەمە ناشتوانین بڵێین لە کوردستاندا هەمان ڕێگە بگرینە بەر، کە لە ئەوروپا گرتومانەتە بەر، لە هەمانکاتدا دیموکراسی کۆمەڵایەتی

هەروا بە ئاسانی لە دایک نابێت، چونکە بەسەدان گرفتی لەبەردەمدایە، گرفتی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کلتوری کە دەبێت زاڵ بیت بەسەریاندا، کورتەکەی ئەوەیە ئەولەویەت بدرێت بەو شتانەی کە پێیاندەوترێت مافە کلتورییەکانی کۆمەڵگە، دواتر بە مانا فراوانەکەی.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئامانجی ئالان تۆرین و دەرچوون لە پاوانخوازی

لەفارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

ئالان تۆرین لە کتێبی رەخنەگرتن لە مۆدێرنێتەی خود، لە پێگەی پشت بەستو بە بیری مۆدێرن، رەخنە لە نوێبوونەوە دەگرێت. ئەوەی ئەو رەخنەی لێدەگرێت، ئەندێشەی میحوەری پێشکەوتو لە مۆدێرنێتەدایە. ئەندێشەیەک کە بەبۆچوونی ئەو لەلایەکەوە لەلایەن ئامرازی فکری رۆشنگەری بەیارمەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دروسنکراوە و گرنگی پێدراوە، لەلایەکیترەوە مێژوگەرایی هیگلی دەیکات بە ئایدیالیزم و بە دەستی مارکسی مێژوگەرا فرۆشگەیەکی بینراو ـــ مادی لەخۆدەگرێت ، لەکاتێکدا بەتەواوی بابەتی لەدەستداوە مەیلی گەڕانەوە بۆ سروشت دەدۆزێتەوە.

لەبەرئەوە تۆرین لەکتێبەکەیدا عەودالّی دیاریکردنی چۆنێتی نەهێشتنی بابەتە. ئامانجێک بەبۆچوونی ئەو لەسەردەمی رۆشنگەریدا لە سیستمی کۆمەڵایەتی یان رەونەقی کۆمەڵگە و پەسەندکردنی کۆمەڵگەدا و لە مێژوگەرایی هیگل بۆ دەوڵـەت و لە ئەندێشەی مارکسی مێژوگەرا لەسەرکەوتنی سروشتدا کورت بووەتەوە. تۆرین دەچێتە ئەو پێگەیەی کە لەسەر هەر ئەندێشەیەک، کە رێگەی دولایەنە دەگرێت و لەم رێگەیەوە چالاکیەکانی لە گشتگیریەکدا کورتدەکاتەوە، چونکە ئافاتی ئازادی مرۆڤ و لەدایکبوونی هێزە تۆتالیتار و ئایدۆلۆژیاکان بە دەرەنجامی ئەم کەمتەرخەمیانە دەزانێت.

ئالان تۆرین نەیاری سەرسەختی کەمکردنەوە و پاشەکشێیەکی ئەم بابەتەیە بەرامبەر شتێکی گشتگیرتری ئەوە. بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە تۆرین ناتوانێت بەرامبەر مێژوگەرایی جێ مەبەستی ئێمە بە نەهێشتنی ئەنجامەکەشی رازی بێت، چونکە پەسەندکردنی ئەوە بەواتای پەسەندکردنی ئەو بابەتەیە، کە پێگە و بارودۆخە مێژوییەکان کاریگەریان لەسەر هەڵبژاردەی مرۆڤ هەیە. بەواتایەکیتر بەهەمان ئەو رێژەیەی مرۆڤ مێژوو و پێگەی خۆی دروستدەکات، پێگە و بارودۆخی مێژووییش کاریگەریان لەسەر دروستبوونی ئەو هەیە. ئەندێشەیەک کە لە مێژوگەرایی هارمۆنینیکی و مێژوگەرایی ئامانجی کۆنایيدا هاوبەشە.

پەسەندکردنی ئەم بابەتە بۆ تۆرین یەکسان بوو بە نەمانی کاریگەری بابەت و هەڵبژاردنی ئەو. بۆ نموونە دەتوانرێت باس لە پێگە و بارودۆخی مێژوویی سەدەی رۆشنگەری بکرێت، کەلەژێر کاریگەری ئەودا سیستمی کۆمەڵایەتی و پەسەندکردنی کۆمەڵگە گرنگی بابەتی دیاریدەکرد، لەویش گرنگتر بابەتەکە خۆی نەک تەنها هاوکاری ئەوی دەکرد، بەڵکو بە بڕوای تەواو ئەو ئەندێشەیەی وەک بیری رۆشنگەری دەخستەڕوو، کە پێچەوانەی دابونەریت بوو.

لە راستیدا تۆرین دادوەری بابەت و بابەتی رۆشنگەری و مێژوگەرایی لەئەستۆیە، کە بەدەستی دیکارت بەرهەمهێنراوە. بەبۆچوونی ئـەو، ئەو نوێبوونەوەی بەدەستی دیکارت دەردەکەوێت بە هۆی دولایەنی ئەو (ڕێگرییێکە بۆ کەمکردنەوەی تاک بۆ گشتیەکان) فێرمان دەکات چۆن سەرلەنوێ نوێبوونەوە پێناسە بکەین.

بەڵام ئەم بابەتە دیکارتیە کەلەسەر ئەو بنەمایە دەبوو خوێندنەوەی نوێبوونەوە فێربێت، چیە؟ دیکارت بە (من بیردەکەمەوە) دەستدەکات بە باسکردنی بوونی ئادەمی. تۆرین رونیدەکاتەوە کە ئەم بیرکردنەوەیە بەبۆچوونی دیکارت ئەندێشەیەکە لەلایەن خوڵقێنەری جیهانەوە دروستکراوە و بیر بە نیشانەیەک دادەنێت، کە دەستی ئیلاهی لەدروستکردندا بەسەر دروستکراوەکانی خۆیدا داناوە. تۆرین بەدواداچون دەکات بۆ دوانەیی دیکارتی (منی بیرکەرەوە و دروستکەری ئەم ئەندێشەیە کە خودا بێت)، هاوکات لەگەڵ دوانەیی دیکارتی (من بیردەکەمەوە و سروشت) (جیهانی سروشت و جیهانی خوداوەند لە یەکتر جیاوازن، تەنها لە ڕێگەی مرۆڤەوە ئەو دوانە بەیەکەوە گرێدەدرێن. کاری مرۆڤ، جیهانی شتومەک دەخاتە سەر ڕێڕەوی پێویستیەکانی ئەو، هەڵبژاردنی ئەو لە خودادا بزر نابێت، بەڵام لە خۆیدا منێکی چالاک دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ بیروڕا و هەست و پێویستیەکانی بەهەڵە وەرناگیرێت و لەبەرئەوە بابەتە.)

لەبەرئەوە بابەتی دیکارتی بەهۆی لـەدەرەوە مانەوەی لە سروشت و سروشتی خۆی و وەستاوی لەسەر ئیرادەو جەوهەرێکی کامڵتر لە خۆی (خودا) دەبوو، بێجگە لە ئازادی و هەڵبژێردراوی، بەبنەمای ڕێنوێنی ئەخلاقی و رەفتاری دابنرێت. تۆرین وتەی دیکارت دێنێتەوە:

(تەنها شتێک کە بەڕاستی پەیوەستە بە مرۆڤەوە ئیرادەی ئازادە. ئیرادەیەک کە ڕێپێدانی نکۆڵیکردن لەو ڕووەوە بەدەستەوە دەدات، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی باش یان خراپ بەکاربهێنرێت و تا ئەو سنورەی لەناوخۆیدا توانای بەکارهێنان بدۆزێتەوە، واتە بەردەوام کەمتەرخەمی نەکات لە ئەنجامدانی هەرچیەک کە بەباشتری دەزانێت: شتێک کە پەیڕەوی بێ کەموکورتی باڵایە.)

پێویستە سەرنج بدرێت لەوەی ئەم بنەما و پێوەری بەناوەکی بووەی ڕەوشت، سەرچاوەکەی بابەتی ئازاد یان بکەری هەڵبژێردراوە، کە تۆرینی موشتاقی بابەتی دیکارتی کردوە، چونکە مەرجی بابەت (ئازادی و خۆویستیە). مەرجێک کە دیکارت دەیخاتەڕوو، ئەو بابەتەی سەدەی ڕۆشنگەری دەیخاتەڕوو لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا کورتدەبێتەوە و ڕەوشت کە بە بۆچوونی دیکارت سەرچاوەیەکی ناوەکی و بڕیارلێدراوە لەلایەن بابەتی ئاگاوە، ئازاد و خۆویستە و سەدەی ڕۆشنگەری بە بواری یاسایی دەسپێرێت. دیکارت ڕەوابوونی ڕەوشتی بابەتی خۆی لەروی سەلماندنی بوونی خوداوە بەدەست دێنێت، بەڵام ئەم سەلماندنە بەپێچەوانەی فەلسەفەی کانت، کە لەڕێگەی ئیمان و بیروباوەڕەوە بەدەستدێت، لەڕێگەی عەقڵەوە دەگاتە ئەنجام. پێویستە سەرنج لەوە بدرێت کە ئەم عەقڵانیەتە پشت بە جیهانی هەستەکان نابەستێت، کە فریودانی هەستەکانی لەگەڵدایە، بەڵکو عەقڵانیەتێکی تەواو هزریە. دیکارت بەیارمەتی ئەم عەقڵانیەتە بوونی خودا و خۆی دەسەلمێنێت. ئەو دەڵێت: (من، زاتێک بوم کە تەواوی بوون و سروشتی لە فکرەوە بووە و بۆ بوون نەپێویستی بە شوێنێک هەبووە و نە هیچ مادەیەکی پێوە گرێدراو.)

دیکارت بۆ سەرکەوتنی ئازادی ئەم عەقڵە، نەک تەنها پەسەندی جیابوونی گیان و جەستە دەکات، بەڵکو بەها و پلەی باڵا بۆ ئەو پەیوەندیە بە جەستەوە لەبەرچاو دەگرێت: (من واتە روحێک کە بەهۆیەوە ئەو منە ئەوەم کە هەم، بەتەواوی لە جەستە جیایە و ناسینیشی ئاسانترە ، ئیتر ئەم روحە بەپێچەوانەی جەستە خۆی بزر ناکات بەڵکو گەشە دەکات.)

لەبەرئەوە وەک ئەوەی سەرەنج درا، ئازادی بابەتی دیکارتی لە راستیدا ئازادی و پێویست نەبوونی هیچ شتێکی مادیە: دوانەییەکی سەرچاوەگرتو لە لایەنی

خودایی دۆزینەوەی هزر، کە مەرجی پێویست نەبوونی جیهانی مادی و بینراوە. لەراستیدا ئەم هزری ناساندنە عەقڵە، کە شایەتی بونی خۆی و خودا دەدات و رەوایی بنەمای ئەخلاقی خۆی لەوەی بەخێر و باشەی دەزانێت لەولایەنەوە بەدەستدێنێت. لێرەدا باس لەڕۆڵی پوچی ئەم عەقڵانیەتە هزریە ناکەین. ئەو رۆڵە پوچەی کەلەڕەخنەی هزری کانتدا لەلایەکەوە لەڕێگەی سەلماندنی بوونی خودا لەڕێگەی باوەڕەوە نەک عەقڵ، لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی خستنە روی دوانی (شتەکان بۆ ئێمە) و (شتەکان بۆ خۆم) کۆدەکرێتەوە. لەڕاستیدا دەتوانرێت بوترێت لەڕێگەی کانتەوە ئەو جیهانە نمونەییەی لە فەلسەفەی دیکارتدا لەناوبرابوو، سەرلەنوێ بەکاردەهێنرێتەوە، چونکە ئەو هزرە بیرکەرەوەیەی فەلسەفەی دیکارت پێدەچو پێویستی بە هیچ جۆرە مادەیەک نەبێت، لەلایەن کانتەوە دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندی و وێنا مادیەکان. کانت بەپرۆژەکەی خۆی ئامادەیی بەشداریکردنی عەقڵی نمونەیی لەگەل جیهانی نمونەدا دروستکرد.

ئالان تۆرین لەترسی هێزە تۆتالیتارەکانی کۆمەڵگە، کە بەهەر ڕێگەیەک بێت ئازادی تاک سنوردار دەکەن، روو لە بابەتی دیکارتی دەکات. بابەتێک کە کارایی و ئیرادەی ئازادی خۆی بەدەست ناهێنێت، ئەگەر دیدێکی ئامرازی بۆ جیهان نەبێت و خۆی بە بەشێک لە جیهانی نموونە نەزانێت، بەڵکو خۆی بە چاودێر و ناسێنەر و ئازاد لە پاشەکەوت و بەکارهێنانی بزانێت. ئایا دەتوانرێت دڵنیا بوو لەوەی ئەم دیدە بەرامبەر جیهان نەچێتە سنوری تاک و ئازادیەوەو دیکتاتۆری لە جۆرێکیتر بەرهەم نەهێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەو لایەنەوە کە تۆرین باس لە سارتەر دەکات و (ڕەوشتی پشت بەستو بە ئازادی) بابەتی دیکارتی وەک جۆرێک پێشنیاری ئایدیا تایبەتیەکانی ئەو دەناسێت، ئێمەش بەروانینمان لە فەلسەفەی ئەو بۆ وەڵامەکە دەگەڕێین.

لە فەلسەفەی هەبونی سارتەردا بەپێچەوانەی فەلسەفە هەبوونیەکانی پۆپەر و مارسل وەک نمونەیەک دەردەکەوێت. نمونەیەک لەلایەن (من)ەوە لە پلەی بابەتدا بۆ کارکردن و سەرکەوتن بانگهێشت دەکرێت. لە باسی (عەشقی) سارتەردا ئەم مەیلی کارکردن و سەرکەوتنە نامێنێت. ئەو کاتە ئێمە ئەو وتەیەی سارتەرمان نییە، کە (ئازادی یەکێکیتر سنوردارکردنی ئازادی منە.)

بابەتی دیکارتیان بە کاریگەر لەسەر بابەتی ناو فەلسەفەی سارتەر زانیوە. گومان لەوەدا نییە و لەوانەیە بتوانرێت باشترین راستی فەلسەفەی دوانی جەستە و گیانی دیکارتی لە شێوازی رووبەڕووبوونەوەی روکاننن (کەسایەتی سەرەکی چیرۆکی دڵ تێکهەڵاننی سارتەر) لەگەڵ جەستەی خۆی و شتە مادیەکانی دەوروبـەری بدۆزرێتەوە. بابەت یان بکەری لێکۆڵەرەوە و ئازادی دیکارتی لەولایەنەوە، کە پشت بە عەقڵانیەتی هزری دەبەستێت و ئەم عەقڵانیەتە خۆی بە هەبویەکی بەرزتر لە خۆی لە پلەی دروستکەر دادەنێت، بابەتێکی ئاینیە. ئاین و مەزهەبێک کە گیان بە گرنگی بابەت بوونی و هەبوونی مرۆڤ دادەنێت و جیهان وەک نمونەیەک لەبەرامبەر ئەم بکەرە پاکە لە روخساری مادی دادەنێت، بۆ ئەوەی حوکمی بکات. تۆرین بەپێی شیکردنەوەی فرجیناند وتەکانی دیکارت درێژە پێدەدات:

(مرۆڤایەتی سروشت نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانێت لەگەڵ خودا یان گیان ببێت بەیەک. شتێک لە نێوانیاندا هەیە. مرۆڤ، سروشت بە کردنەوەی نهێنی گەمارۆ دەدات. گیانی ئەو نیشانەی خودای پێوەیەو پەسەندی دەکات، کە خودا لە ئەندێشەی ئەودا ئامادەیە، لە سنوری ئەو تێدەپەڕێت. ئەندێشەیەکی هاوشێوەی راپەڕینی گشتی هەر جۆرێک تیۆری چوونە ناویەک وەلادەنێت.)

ئەم کردنەوەی نهێنیە لە جیهان و سروشت وەک نمونەیەک لەلایەکەوە پشت بەستو بە بکەری ئـازاد، یان بابەتی ناسێنەر پێویستی بە مادە نییە ، لەلایەکیترەوە خودا لە ئەندێشەی ئەم بابەتەدا بە ئامادەبوو دەزانێت. ئەندێشەی (خودا لە ئەندێشەی خۆیدا بەئامادەبوو زانین) بۆ خود ناوەندی بابەتی دەگۆڕێت، کە هیچ نیگەرانیەکی بێجگە لە ناسینی پشت بەستو بە دەسەڵاتی نییە. ئەمجۆرە بابەتە تێڕوانینی بۆخۆی بەدوور دەبێت لە هەر جۆرێک جادو و رەمز و نهێنی، چونکە ئیرادە و توانایەکی هەیە کە بەسروشت و ئیرادە و توانای خودا بزر نابێت. تۆرین بە باشی دەزانێت ئەوەی لە بابەتی دیکارتی دێتە دەرەوە، سەرکەوتنی عەقڵانیەتی ئامرازیە. عەقڵانیەتێک کە بەهۆی تایبەتمەندی دژایەتی پاڵنەری هێزەوە لە بوونی جیهان و شتەکان و لە بوونی مرۆڤ خۆیدا ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم دروستبوونی هەرجۆرە ئامانجێک کە بابەتەکە بدات بە شتێکی گەورەتر لە خۆی و ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو. لەم ڕووەوەیە ئەو ئەم عەقڵانیەتە لەگەڵ بوونی



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئەو رەخنە توندانەی لەلایەن بیرمەندە رەخنەگرەکانەوە گیراوە، بڵاوبوونەوە و سەرکەوتنی بە مەترسیەک بۆسەر مرۆڤی مۆدێرن دەزانن، هەروەها پێی باشترە تا ئەو شوێنەی بۆشایی بەها دێتە نێوانەوە، چونکە بوونی ئەم بۆشاییە بە گرەنتی دیموکراسی دەزانێت:

(عەقڵانیەتی تەکنیکی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتخوازی هەموو بزوتنەوەیەکی فەرهەنگی سنوردار دەکات و بەمشێوەیە ڕێگری لە ئەوان دەکات، بۆئەوەی لە مشتومڕدا بۆ باڵادەستی سیاسی نەگۆڕێن بۆ هێزی کۆمەڵایەتی. لەناوەندی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرندا دوێنێ و زیاتر لە ئەویش ئەمڕۆ، لە باشترین دۆخدا کەلێنێکی بەنرخ دەبینرێت، کە گرەنتی سەربەخۆیی عەقڵانەیی تەکنیکی دەکات و ڕێگە دەدات، ئەم کەلێنی دەسەڵاتە لەناوەندی کۆمەڵگەدا پارێزراو بێت، شتێک کە (کلودلفور) بەمافی سەرەکی سەرەتاترین دیموکراسی داناوە.)

لە راستیدا ترس لە گۆڕانی ئامانجە بەنرخەکان بۆ هێزی سیاسی و لە ئەنجامدا سەرکوتکردنی بابەتی تایبەتییە، تۆرین ناچار دەکات پەرچەکرداری سلبی بیرمەندە رەخنەگرەکانی دەسەڵاتی عەقڵانیەتی تەکنیکی بە (دورکەوتنەوەی بوون) لێکبداتەوە. ئەو بەهەمان ڕێژەی لەو جوڵانەوە فیکریەی کەبەپێی لێکدانەوەی خۆی، بووەتە هۆی غوربەت یان دوور کەوتنەوەی بوون بەدوای دوریدا دەگەڕێت، داوای یارمەتی لە پێگەی رەخنەیی جوڵانەوەکانی وەک لە نیچە یان قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دەبینرێت دەکات، کە وەک ناوەندی سەرەکی رەخنەی نوێ کاردەکەن، بەڵام نەنها لەبارەی رەخنە لە مۆدێرنیتە نەک هاوڕایی لەگەڵیاندا، چونکە بێجگە لەوەی تۆرین بەندی بابەتی تایبەتیە، کە لەلایەن قەفەسێکی ئاسنین بەهۆی گشتگیرکردنی فەرهەنگ و دروستکردنی کەلێنی بەهادار و واتاوەیە، هاودڵی هەیە، لەگەڵ ئەوشدا لەناوچوونی عەقڵانیەتی نموونە و جێگرتنەوەی بە عەقڵانیەتی ئامرازی بۆ رەهایی لە بابەتی تایبەتی بە پێویست دەزانێت. ئەو لە عەقڵی نموونەدا بەهۆی تێشکخستنەسەر بەها و ئامانج، خەسڵەت و زاتی دەسەڵاتدار دەبینێت. دەسەڵاتێک کە بابەتی تایبەتی لەناودەبات.

ئالان تۆرین بەرەخنەگرتنی لە مۆدێرنێتە، هەنگاو بۆ بانگەوازی چوونە دەرەوە لە قەیرانی مۆدێرنیتە دەنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پڕوپاگەندەیەکی بۆ

دۆزینەوەی ڕێگە و وەڵامێک نییە، بەهۆی پێداگری لەسەر عەقڵانیەتی ئامرازی بەشێوەیەکی لاوەکی جەخت لەسەر ڕێڕەوێک دەکاتەوە.

لەم ڕێگەیەدا دەبینین کە تۆرین بەشێوەی سەرسوڕهێنەر ڕووبەڕووی قەیرانی مۆدێرنیتە بووەتەوە و جێگەی دەستخۆشیە. ئەو پێیخۆشە مەترسی نەبوون و لەناوچوون کەلەلایەن عەقڵانیەتی نموونەیی و عەقڵانیەتی ئامڕازیەوە هەڕەشە لە بابەتی تایبەتی جێسەرنجی ئەو دەکەن، نەهێڵێت. لەمڕووەوە لە کۆتاییدا نەشەڕی خودایانی وێبری کە عەقڵانیەتی نموونەی ئاراستەکراو بۆ ئامانج و بەها لەخۆدەگرێت پەسەند دەکات و نە لەدەستدانی واتا و کەلێنی بەنرخ کە جوانکاری عەقڵانیەتی ئامڕازیە. هەمان دۆخ  کە نیچە بە جوانی لە بەیانی (دوا مرۆڤ)دا رایگەیاندوە. تۆرین خوازیارە بابەتی تایبەتی لە هەڕەشەی یەکپارچەخوازی و لەو کۆتەی کە دوودڵی تاک بۆی دروستکردوە بپارێزێت، بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا ئەو بەرامبەر دوو دڵی خۆی بەدەستەوە دەدات و نیشانەی زانینی وەڵامەکەیە. وەڵامێک کەلەناخی رەوایی پێگەی عەقڵانیەتی ئامرازی، کە لەجێگەی عەقڵانیەتی نموونەیە بە ئێمە دەدرێت. بەواتایەکی راستتر ڕێنیشاندانی ئەو لەوشوێنەوە دەستپێدەکات، کە بیرمەندانی سەرەتای قوتابخانەی فرانکفورت (لەژێر ناوی تەکنیک سالاری و نەفی تەکنەلۆژیا، بە بەرپرسیاری پوچی فەرهەنگ و کەلێنی نرخ و واتا زانیوە) پشتیان تێکردبوو، بە وتەی تۆرین چووبوونە ناخی دووری بوونەوە. هەڵێنجانی تۆرین لەبڕوابوونی ئەم عەقڵانیەتە تەکنیکیە، لە تێگەیشتنی ئەو بۆ کەلێنە چوارینەکان سەرچاوە دەگرێت، کە هەریەکەیان بە کەموکورتی و لەناوچوونی عەقڵانیەتی نموونە سەربەخۆیی بەدەستدێنن: حەز، خەرجی، کۆمپانیاکان، نەتەوە. ئەو پێیوایە ئەوەی یەکێتی نهێنی نێوان ئەم کەلێنە لەیەکتر جیابووەوانەی مۆدێرنیتە دروستدەکات، عەقڵانیەتی ئامڕاز (یان تەکنیکی) ە، چونکە بەهۆی لەناوچوونی لەکاتێکدا کە لەناوەندی کۆمەڵگەکاندا جێگیر دەبێت و پەیوەندی نێوان کەلێنەکان دروستدەکات، بۆشایی بەنرخ دروستدەکات ، ئەمەش لەمپەڕێکە لەبەردەم سەربەخۆیی هەر یەکێک لەو چوار پارچەیە کە خۆیان بەسەر ئەوانیتردا دەسەپێنن.

بە هەڵوەستەیەکی وردتر بەپێچەوانەی ئەوەی تۆرین پڕوپاگەندەی بۆ

دەکات، ئێمە لە جیهانی ئێستاماندا لەجیاتی چوار پارچە و کەلێن روبەڕوی دوو پارچەین، چونکە حەز، بەکارهێنان و ناوەندە ئابوریەکان هەر سێیان زاتێکی تاکن: قوتار بوون لە کۆنترۆڵە رەوشتیەکان، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری، هەمان ئەو کۆنترۆڵەی خودای عەقڵانی بەها و ئامانجی نوێی کلاسیک بەهەر شێوە و رەخسار و ناوەڕۆکێک بێت لە دەسەڵاتیدا بووە، بەواتایەکیتر لەنێوان ئەم سێ کەلێنەدا، نەک تەنها هیچ دوری و جیابوونەوەیەک نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەیەکەوە گرێدراو و لەیەکتر ئاڵاو و بەیەکەوە بەستراون. هەر سێیان بەرەو رەتکردنەوەی بەهایەکی کرداری کار دەکەن، کە لەلایەن دەسەڵاتی (نەتەوە - دەوڵەت)ەوە دروستبووە، لەبەرئەوە مێژوی بەرهەمی دروستبوون و یەکێتی نهێنی ئەو سێیە بۆ ئەو کەلێنە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان نەتەوە _ دەوڵەت دروستبووە.

کاتێک کە رەوایی دەوڵەت بەرامبەر نەتەوە رووبەڕووی قەیران بووەوە، هاوکات کۆنترۆڵی بەسەر خەرجی و حەز و دامەزراوە ئابوریەکانیشی لەدەستدا. لەوانەیە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکاری قەیرانی رەوایی دەوڵەتە مۆدێرنەکان و دروستبوونی کەلێن لەنێوان نەتەوە _ دەوڵەت، سەرچاوەکەی زاتی رەخنەگری مۆدێرنیتە خۆی بێت.

دەوڵەت بۆخۆی دەسەڵاتێکی میتافیزیکی دروستکردوەو ئەمەش بەواتای پێشێلکردنی عەقڵانیەتی مۆدێرنیتەیە. لەم دۆخەدایە کە کەلێنی نێوان نەتەوە - دەوڵەت دروستدەبێت و دەرکەوتەکانی وەک خەرجی و حەز و ناوەندە ئابوریەکان دروستدەبن، لەلایەکیترەوە لەگەڵ هەریەکێک لە ئەم دەرکەوتانە (خەرجی، حەز و ناوەندە ئابوریەکان) کە لە رێگەی ئازادیەوە بەدەستهاتون، خەسڵەتی دووبارە بیرکردنەوە و رەخنەگرانەی خۆی بەرامبەر خۆی و یەکتر لەدەست دەدات و پێدەخەنە ناوەندێکی میتافیزیکیەوە، دووبارە شایەتی ناکارای دۆخی یەکێتی نەتەوە - دەوڵەت دەبین.

تۆرین لە نێزی کەلێنە چوارینەکانیدا سەرەتا پرۆژەکەی خۆی تەریب بە (شەڕی خوداکان) دەبینێت و لەسەر ئەو بنەمایە بە ئەم ئامانجە دەگات:

(لێرە بەدواوە عەقڵ تەنها ئامرازێکە، عەقڵانیەتی ئامرازەکان جێگرەوەی عەقڵانەیتی ئامانجە... ئەمە هەمان ئەو باسەیە کە ڤیبەر دوای کانت پەسەندیکردوە

بە باسکردنی جودایی بەها رەوشتیەکان و کەمتر ئامرازی و بە خستنە ڕوی شەڕی خوداکان، کە شەڕی ناوەندە ئابوری و نەتەوەکانیشە و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیکدا بووە.)

بەڵام لە هەنگاوی دواتردا دەخوازێت پرۆژەی خۆی لەسەرو شەڕی بەهاکان یان خوداکانی ویبری دابنێت: (رۆڵی ئیجابی تەکنیک ئەوەیە کە پاسەوانی لە کۆمەڵگە دژی پاوانخوازیە فەرهەنگیەکان بکات.) تۆرین بیری دەچێت کە تەریب بوون بەشەڕی خوداکان، تەنها کاتێک دەبێت کە رەوشتی باوەڕ لە پێشێلکردنی عەقڵانیەتی تەکنیکیدا کار دەکات. بەپێی پرۆژەی تۆرین کەلێنی بەهای سەرچاوە گرتو لە عەقڵانیەتی ئامرازی وەک دەمارێک کەلێنی لەیەک جیاوەبووەی مۆدێرنیتە بەیەکەوە دەبەستێتەوەو پێش هەموو شتێک ئەرکی هاوسەنگکردنی هێزە لە نێوان کەلێنەکاندا. کرۆکی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەم کارە تەنها لەڕێگەی بەناوەندبوونی کەلێنی بەها دەبێت.

پێویستە ئەو خاڵە روون بکرێتەوە، کە پرۆسەی شەڕی بەهاکانی ویبری نەک لەڕێگەی بۆشایی بەها، بەڵکو لەڕێگەی ئازادی میتافیزیکی و هاتنە ناوەوەی خوداکان بۆناو ژیانەکە روخسار وەردەگرێت: جیهانێکی پڕ لەو خودایانەی لەگەڵ یەکتر کێبڕکێیانە ، لە هەمانکاتیشدا لەلایەن مرۆڤەوە دوبارە بیریان لێدەکرێتەوە. پێداگری لەسەر ئەو بۆشایی بەهایەی سەرچاوە گرتو لە ترسی پاوانخوازی لەناخی تۆریندا، بەرێژەیەکە ناچاری دەکات لە پلەی کۆمەڵناسی ئەمڕۆدا بەڕێوەبردنی گەشە لە پێگەی پێشوی دوور بخاتەوە و رایبگەیەنێت کە (ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە بابەتێک کە قورسە و بەڕێوەبردنی گەشە نیە، بەرەنگاری دیکتاتۆری و توندوتیژی، پاراستنی رەوایی و لێبوردەیی و قبوڵکردنی کەسانیترە.)

لەڕاستیدا ئەوەی تۆرین رایدەگەیەنێت پاشەکشێ و چاوپۆشی لە دۆزینەوەی هۆکارەکانیترە، کە بەرهەمهێنەری دەرکەوتەی توندوتیژین. ئەم پاشەکشێیەی ئەو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سەرجەم توندونیژیەکان لە بابەتی پاوانخوازی فەرهەنگیدا کورتبکاتەوە.

ئەم پاشەکشێیە لە کۆمەڵناسی بەشێوازی مارکسی لە تۆریندا ئەوەندە بەهێز کاردەکات، کە لەتوانایدا نیە لەنێوان (توانای لەدەستدان)ی ئەو وڵاتە رۆژئاواییانەی

میوانداری پەنابەرانی جیهانی سێهەمن بە و قەیرانە ئابوریەوە گرێبداتْ، کە ئەو وڵاتانە گیرۆدەی بوون و پەیوەندیەک لەنێوان ئەو دوانە دروستبکاتْ.

ئەوەی تۆرین لەبارەی توندوتیژیەوە پێشکەشی دەکاتْ، بەهۆی یەک ئاراسنە بوونی و لەبەرچاو نەگرتنی هۆکارەکانیتری رۆژ، ناتوانێتْ کارێکی راستەقینەی کۆمەڵناسی توندوتیژی بێتْ.

ئالان تۆرین لە کتێبی رەخنەی مۆدێرنیتەدا ئەو توانایە بە ئێمە دەبەخشێتْ، بۆئەوەی بێداربینەوە و سەرلەنوێ بابەتێک بخەینەڕوو، لەوانەیە بتوانرێتْ بوترێتْ دوای پرسیاری قوڵی ماکس ڤیبەر، هەرگیز بەو ڕێژەیە گرفتی ناخی زاتی مۆدێرنیتە لەبەرچاومان نەدەکرایەوە. ئەوەندە بەسە کە رەخنەی مۆدێرنیتەی تۆرین لەگەڵ سەرجەم کەموکورتی و لادانەکانی، ببێتە یەکێک لە بەرهەمە سەرسوڕهێنەر و باشەکانی ئەم سەردەمە،چونکە ئەوە لەخۆدەگرێتْ کە ستایشی ئەو گیانی پرسیار کردنە لەئێمەدا بەئاگادێنێتەوە، کە بەرهەمی بێهاوتای مۆدێرنیتەیە و لە ئازادی میتافیزیکیەوە لەدایک بووە. مرۆڤی مۆدێرن ناگاتە گەورەیی خۆی، تا ئەو کاتەی ئاگاداری دۆخی پێشهاتوی تراژیدی نەبێتْ.

بەهۆی ئەم ئاگادار بوونەوەیە کە مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی دەبێتْ، چونکە رووبەڕووی سەرەکیترین هەڵبژاردە دەبێتەوەو دەتوانێتْ خۆی لەواتای راستەقینەی ئازادی نزیک بکاتەوە: ئەو ئازادیەی کە ڕێژەی تەواوی هەمان ئەو ئاگادار بوونەیە لە دۆخی کەموکورتی پارادۆکسی کە بەرهەمهێنەری تراژیدیای ئازادکردنی مۆدێرنیتەیە.

**سەرچاوە:**

http://www. anthropology. ir–1



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئالان تۆرین و قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم

وەرگێڕانی: ئیبراهیم حاجی زەڵمی

## ئالان تۆرین کێیە؟

ئالان تۆرین بە یەکێک لە دیارترین زانایانی کۆمەڵناسی هاوچەرخ دێتە ئەژمار. بەڕەگەز فەرەنسیەو لەدایکبووی 1925زاینیە ،وەک توێژەرێک لە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ توێژینەوە فەرەنسیەکان کاریکرد، تاوەکو ساڵی 1958، پاشتر سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی کاری لە زانکۆی چیلی لەساڵی 1960زاینی دامەزراند، بوویە توێژەر لە ایکول « اینودیس « بۆزانستەکان لە پاریس، ناوبانگی بە پەرەپێدانی چەمکی کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی دەرکرد،وگرنگی تەواوی بە لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان دا، لەم بوارەدا گەلێک پەڕاو و نوسینی بەپێزی نووسی، بە بەناوبانگیەکی زۆرەوە لەم بوارەدا وەک کۆمەڵناس و زانایەک لە ئەمریکای لاتینی و لەئەوروپا ، کەوتە بەرچاو، بۆیە دەبینین لەساڵی 1998 خەلاتی(ئەمالفی- Amalfi ) ئەوروپا بۆ کۆمەڵناسی وزانستە کۆمەلایەتیەکانی پێدەبەخشرێت، لەساڵی 2004 دکتۆرای فەخری لە زانکۆی « فالبرایسو « لە چیلی پێدەدرێت، بەهەمانشێوە دیسان لەساڵی 2006زاینی دکتۆرایەکی تری فەخری لە زانکۆی نیشتمانی سان مارتن پێدەدرێت، پاشان لە هەمان ساڵدا لە زانکۆی کۆلۆمبیای نیشتمانی و لە ساڵی 2008زاینی لە زانکۆی « مایوردی سان مارکوس « لە لیما دکتۆرای فەخری پێدەبەخشرێت. ئالان تۆرین هەر لە گەنجیەتیەوە کاریگەر بوو بەو جۆرە نەیاریە سیاسیانەی کە بوونیان هەبوو ، هەرئەمەش وایکرد ئالان تۆرین بەو نوسینانەی کە بە کۆشش و تێڕوانینەکانی بە کۆمەڵناسێکی تێکۆشەر بناسرێت. ئالان تۆرین خاوەنی چەند چاپکراو و نووسینی گرنگە، کە کتێبخانەی کۆمەڵناسی پێ دەوڵەمەند کردووە، لەوانە « رەخنە لە مۆدێرنە1998- Critique de la modernité)و (بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان )و (دیموکراتیەت کامەیە؟) و چەند چاپکراوی گرنگی تر.

### ئالان تۆرین بۆچی پسپۆری کۆمەڵناسی هەڵبژارد؟

تێکەڵ بوونی ناوی ئالان تۆرین بەخانەی کۆمەڵناسی، هەروا شتێکی سانا لە خۆوەو کتوپڕ نەبوو، بەڵکو ئەوە کاریگەری وسەرسامی ئەو بوو بەو ڕشتەیەو رەچەی کۆمەڵناسی سیاسی ، ئەوەش بە هۆی ئەو نەیاریانەی ئەو بۆ ئەو دۆخە سیاسیەی کۆمەڵگەی تێکەوتبوو و نەیاری ئەو بۆ ئیستیعمار، هەروەها نەیاری ئالان تۆرین بۆ شەڕو ململانێ خوێناویەکان ،پاشان نەیاری ئەو بۆ سۆشیالیستی جی مۆلیه و رەچەی رەتکردنەوەی ئەو بۆ کە مالرۆ خستبوویە سەرشانی ڕۆشنبیرانی فەرەنسی لە نێوان دیگۆڵ و پارتی کۆمۆنیستی ، لە بارودۆخی وەها شێوەی پر لە ڕاڕاییدا ، تۆرینی والێکرد کە مل بۆ لایەنداری گیانی تێکۆشەری دروست ببێت و ئارەزووی بەشداری بکات و خەون بەگۆڕینی جیهانەوە ببینێت. ئالان تۆرین جەختی لە سەر ئەوە ئەکردەوە کە لایەنگری و تێکەڵاوبوونی ئەو بە سۆسیۆلۆژیا تەنها پاڵنەرێکی کەسی و ئارەزوویەکی دەروونی خودی لای خۆی نەبووە، بەڵکو مەرجی بابەتی بوونی کۆمەڵناسی بووە وەکو زانست. تۆرین دەڵێت: ئەگەر ئەمڕۆ مرۆڤێک کۆمەڵناس بێت، ئەوە با ڕامانی پێش مەرجی بۆ هەبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێی هەبێت.ئەو ڕێگایەی بەرەو قەیران و لێکدابڕان ڕاپێچی دەکات لەلایەکەوە و ململانێکانیش لەولاکەی ترەوە، هەموو پێکەوە لەبەرچاو بگیرێت، لەناو دۆخێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری، چونکە بێ هوودەییە خەون لە کۆمەڵگەیەکی یۆتۆپییەوە ببینرێت، لەگەڵ لەبیرکردنی لێکدابڕانەکان وکودەتاکان ،کە گومانی ڕوادانیان هەیە.

### ڕەخنەی ئالان تۆرین لە سۆسیۆلۆژیای تەقلیدی و پرانسیپەکانی:

بەدەستپێکردنی ئاراستەی سۆسیۆلۆژیەکەی ئالان تۆرین، ویستی ئازاد بێت لەهەموو ئەو کۆسپ و بەندو باوانەی قوتابخانە پۆزەتیفیزمی پاشماوەی ئوگوست کونت August Comte و ئەمیل دۆرکهایم Durkheim کە دیراسەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیان Phenomena Socials دەکرد، کە خۆی لە چەند بنەمایەکی چەسپاو بەلای ئەوانەوە دەبینیەوە، بەو پێیە دیراسەکردنیان بۆ دیاردەکان وەک هەرشتێکی دەرەکی، کە بوونێکی سەربەخۆی هەبێت دوور لەدەستێوەردانی تاکەکان و تواناو هێزێکی تەوزیمی وڕاپێچکەرو سەپێنەرو زاڵیان بەسەر تاکەکاندا هەیە ، ئەو شتەی

کە بەرچاو ڕوونیمان پێدەدات، سەبارەت بە بابەتی بوون وسەربەخۆبوونی لە تاکەکان ، ئەوەیە کە کۆمەڵ و دەوڵەت ڕۆڵی خوایەتی دەگێڕن و تاک تەنها ملکەچ و بەندەیەکی دەسنەوەستاو و زەلیلە،ئەمە لەلایەک ولەلایەکی ترەوە ئالان تۆرین وازی نەهێناوە بەوەی کەخۆی رزکاربکات لە جۆری بیکردنەوەی پۆزوتیڤیزم، بەڵکو کاری بۆ ڕەخنەو ڕووبەڕوبونەوەی رەخنەی زانستیانەو بابەتیانە لە بەرامبەر ئەوان کردووە، وای کردووە زیاتر دەسکراوەتر بێت لە دوورکەوتنەوەو وازهێنان لە و رێبازە کۆنە تەقلیدیە، بەوەی کە گرنکی دەدا بە دیراسەی دامودەزگاکان، واتە دیراسەی دامودەزگای وەک : خێزان وقوتابخانە وکۆمەڵگەو دەوڵەت و.... بەوەش خۆیان تەرخانکردبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان، بەسەر تاکە بکەرەکانەوە.بەوەش لایەنی دووەمیان لە کۆمەڵگە فەرامۆشکردبوو، کەبریتی بوو لە بزاونی کۆمەڵگەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان Mouvements Sociales کەتاکەکان تیایاندا گوزارشت لە خۆیان و تواناو رۆڵیان دەکات لە نەیاری و وەستانەوەیان بەرامبەر دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان ، هەربۆیە ئالان تۆرین هەردەم نەیار بوو بە وونکردنی رۆڵی تاکە بکەرەکان و زاڵبوون و هەیمەنەکردنی دامودەزگاکان بەسەر ئەودا.

سەبارەت بە پرەنسیپەکانی سۆسیۆلۆژیای تەقلیدی تۆرین وای دەبینێت، تەنها وێنەیەکە بۆ تەرزێکی تایبەت ، کە هاوتای نەسەقی کۆمەڵایەتیە لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوشتەیە کە شوێنگەیەکی ناوەندیی بۆ بیری دەزگایی دەدات ،و شیکاری دامودەزگای ژمێریاری دیاریکراو کە جێگەی ئاستی هاوبەشیکردنی کۆمەڵایەتی بێت . سەرەڕای ئەوەی کۆتایی پرانسیپێکی بنچینەیی سۆسیۆلۆژیایە، ئەگەر بەو پێیە باسمانکرد کە هاوبەشیکردن و تێکۆشانە.

**سۆسیۆلۆژیای ئالان تۆرین « سۆسیۆلۆژیای کار»**

شتێکی شیاو و گونجاوە کە لەچوارچێوەی کیشوەری سۆسیۆلۆژیادا گەر بوترێت» هەموو سۆسیۆلۆژیەک داهێنەری سۆسیۆلۆژیای خۆیەتی» و خودی سۆسیۆلۆژیا زادەی سەردەم و چەرخی خۆیەتی.

ئەگەر سۆسیۆلۆژیای ئۆگست کۆنت وئیمیل دۆرکهایم ، و قوتابخانەی

پۆزەتیڤیزم بەگشتی پەڕەیەکە لە دیراسەی سیستم، واتە سیستم ودامودەزگاکان ، کەئالان تۆرین وا چاویان لێدەکات، کە تایبەتمەندی داوەتە سیستمی کۆمەڵایەتی و پیرۆزی کردووە بەسەر تاکە کاراکاندا.

ئەگەر سۆسیۆلۆژیای کارل مارکس Karl Marx لە سەر ئەو بیرە وەستا بێت کە « ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سیستم و دەزگایەیە کە لە پەیوەندیدایە و لەسەر دەستبەسەراگرتن کۆنترۆڵکردن وەستاوە» هەرچی سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤیبەریشە لای ئەو لەسەر ئەو بیرە خۆی نومایان دەکات، کە بکەر هەردەم بەهایەک ئاراستەی دەکات و دەیبزوێنێت، بەڵام سۆسیۆلۆژیا لای ئالان تۆرین کە سۆسیۆلۆژیای کار دەیناسێنێت ئەو مەبەست لێی دووشنە: ( کەسانێکی بکەری نەیارلەڕێگەی پەیوەندیە دیسپلینیەکان و ململانێکان، هەمان ئاراستەی کلتووری وهەمان چالاکی بەرهەمیدەهێنن)،هەروەها چەمک و میتۆدەکانی سۆسیۆلۆژیای کلاسیکی خاوەن سروشتێکی میکانیکیان وکەمبڕستیان هەیە ، سەبارەت بەکۆمەڵگەی پیشەسازی، بۆیە کۆتاییان پێدێت وبە سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیای نوێ، ئەویش «سۆسیۆلۆژیای کار» ە بەتایبەت سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە.

**بابەتی سۆسیۆلۆژیا لە ڕوانگەی( ئالان تۆرین) ەوە**

ئالان تۆرین پێیوایە کە بابەتی سەرەکی سۆسیۆلۆژیا بریتییە لە دیراسەکردنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەستن بە مێژوویەوە، واتە بەپەیوەندیەکان و ململانێی چینەکۆمەڵایەتیەکان، کە بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ناوزەد دەکرێن، بۆیە سۆسیۆلۆژیا لە تێڕوانینی ئالان تۆرینەوە گریمانەی ڕێکەوت وهەرلەخۆوە سەرهەڵدان نیە، بەڵکو کۆشش وتێکۆشان وشوڕشگێڕیە بۆ ئازادکردنی تاکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆ یەکلاکردنەوەی بۆسیستمی کۆمەڵایەتی وکەلەپچەکانی.

**بایەخ و کاری کۆمەڵناسی لەلای تۆرین:**

ئالان تۆرین وای دەبینێت کە بایەخ وگرنگی کۆمەڵناسی لەوەدایە: ڕێزو گەورەیی خۆی پیشان بدات بە ئامانجەکانی وئەرکەکانی، نەک وەک ڤێبەر باوەڕی وابوو کە ئەرکی کۆمەڵناسی بریتییە لە « چۆنیەتی تێگەیشتن لە

سیستمی کۆمەڵایەتی» دیارە ئالان تۆرین بایەخی کۆمەڵناسی، بەپێی ئەو کۆشش وهەوڵە بەردەوامانەی کە لەبەرامبەر نەیاریکردنی پۆزەتیڤزمدا خستویەتیە گەر دەردەکەوێت، چونکە ئەرک و مەهامی کۆمەڵناسی نوێ لەو رۆڵە پۆزەتیڤەدایە کە نوێنەرایەتی دینامیکیەتی کۆمەڵناسی کە رەنگدانەوەی پێویستی لەسەر توێژەری کۆمەڵناس هەیەو کاریگەری لەسەر ئامرازە میتۆدیەکانی و مەبەستەکانی دادەنێت.

‹‹ کۆمەڵناسی نوێ لەهەوڵدایە بۆهەڵسوکەوتکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە وەک بکەرێک بە گوێرەی توانا، و کۆمەڵگە رزگاری ببێت لە سیستم و ئایدیۆلۆژیاو وتارە زاڵەکانی لەرێگەی داهێنانی سیستمێک بۆ کار، کە بەهۆیەوە دامودەزگای کۆمەڵایەتی خۆی دابڕێژرێتەوە بە بەردەوامی. لێرەوە ئامانجی کۆمەڵناسی چالاککردنی کۆمەڵگەیە.

**کۆمەڵناسی لای ئالان تۆرین:**

ئالان تۆرین دەڵێت: مرۆڤی کۆمەڵناس بەرژەوەندی رێبەری ناکات، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندیە لەوەوە چاوەڕێ دەکرێت! لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئالان تۆرین جەخت لەسەر بایەخ وکاری کۆمەڵناس دەکاتەوە، بەوەی کە لە کۆشش دایە بە ئامانجی گۆڕانکاری، و هاوکاریکردنی (بکەرەکان-الفاعلین) بۆ رزگاربوونیان لەوپاڵپەستۆیانەی سیستنی کۆمەڵایەتی کەخستویەتیە سەریان،و بەزۆر خستونیەتیە ژێر ئەرک و تەڵقینەکانی لە چالاکیەکانیاندا،بۆیە دیسان جەخت لەسەر هاوکاری کۆمەڵگەکانیش دەکات بۆ کار Action، بۆئەوەی بتوانن دەستیان هەبێت لە درووستکردنی مێژووی خۆیاندا،دوور لە هەر بەرژەوەندی وهەوەسە کەسیەکان.

لەمەوە لە ئالان تۆرین ئارەزومەندیەکی مرۆڤانە دەبینین، کە زیاد لە پێویست رەخنەی لەو ڕۆشنبیران وکۆمەڵناسان هەیە، کە فەرزی دیسپلینی بیرێک بکەن لە سەر بکەرەکان، بەبێ ئەوەی هاوکاری کردنیان لە بەرگریکردنی سیستم وەک ئەوەی لە لای میشیل فۆگۆ وپیر بۆردیۆو دەردەکەوێت .تۆرین دەڵێت: منیش وەک هەریەکێک سەرسامم بە رۆشنبیرانی ئەم وڵاتەم وەختەکارێک دەست لە توێژینەوەیەکی نوێ وەردەدەن و داهێنان ئەنجامیدەن ، وەختە کارێکیش چمکی لایەنێکی خراپی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرن وەک شتراوس و فۆگۆ..



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**کۆمەڵگە لای ئالان تۆرین:**

کۆمەڵگە وەک لە راوبۆچوونی تۆرێن دا هاتووە، بریتیە لەوەی کە پێویستە خاوەنی ڕێکخستنێک و بەردەوامیەک بێت، ئیدی لەسەر ئاستی سیستم و ریکخراوی کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرک کەبەدینایەن و جێبجێ ناکرێن، مەگەر لەڕێگەی بوونی دیسپلینێکەوە نەبێت، دیسپلینی پەیوەندیەکان و دیسپلینی ئەرکەکان، بەڵام لەسەر ئاستی بەردەوامی بوونی کۆمەڵگە ئەوە دەکرێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی کۆمەڵگە لە بزوتنەوەکەی و دینامیکیەتی نەک داپۆشین و قرتاندنی گەردنی. سیستم رێکخراوی مەرجی بەردەوامبوونی لەگەڵ دەپێچرێت ، ئەوەشە کەواتای گونجاو بەکۆمەڵگە دەبەخشێت و کۆمەڵگە مێژوو بەرهەمدەهێنێت و کاریگەری لە سەر بونیادی خۆی دادەنێت لە ڕێگەی هەبوونی هەردوو ئیرادەی «کار» و» گۆڕان».

**سۆسیۆلۆژیای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان**

ئامانج لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان لەلای ئالان تۆرین بریتییە لە ئازادکردنی خود، کەلێیەوە نوێنەرایەتی چەمکی بکەری کۆمەڵایەتی دەکات ، بەو مانایە کەوادەکات لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وەک ڕەهەندێکی ڕەسەن لەتاکدا دەربکەوێت، پاشان ئالان تۆرین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە هۆشیاری خودی تاکەکانەوە بەرهەمدێت وپێویست بەدروستکردنی نەقابەو سەندیکای سیاسی ناکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە داواو خواستەکانیان بکەن .ئالان تۆرین دەڵێت: بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بە کردەی سیاسی وپێکداداان ودرووست نابن ، بەڵکو لە ژێر کاریگەری ڕای گشتی دا سەرهەڵدەدەن.

**سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە دواکەوتوەکان**

بەو پێیەی کە ئالان تۆرین ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکای لاتینی وچیلی بەتایبەتی مایەوە، ئەوەی بۆدەرکەوت کە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە پەیوەندی و پێکهاتەیاندا جیازازی ئەوتۆ هەیە، کە پێویستە کۆمەڵناس لە بەرچاوی بگرێت

، ئەو کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتیەی ڕۆژئاوا خاوەنیەتی بۆ دیراسەکردنی ئەو کۆمەمەڵگە دواکەوتوانەو کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم بەگشتی دەست ناداتْ، هەربۆیە گرنگی تەواوی دا بە «گۆمەڵناسی گەشەپێدان- سۆسیۆلۆجیا التنمیە» بەمانای سۆسیۆلۆژیای گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ گۆمەڵگەیەکی تر.و ئالان تۆرین پێناسەی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان دەکاتْ، بەوەی کە بریتین لەو کۆمەڵگایانەی کە گەشەپێدان و پیشەسازی بە بورجوازیەتی دەرەکی پێشەنگیان دەکاتْ و خۆیان ئەو ئیرادە بەهێزەیان نیەو سەرمایەداری دەرەوە جڵەویان ڕادەکێشێ. ئالان تۆرین باوەڕیشیوایە کە کۆمەڵناسی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم زۆر قورس وگرانترە لە کۆمەڵناسی وڵاتانی پێشکەوتوو، چونکە سەرمایەداریەک کاردەکاتْ و دەیبزوێنێتْ رۆحەکەی لەدەرەوەی خۆیەتی و دەیجوڵێنێتْ. هەر ئەمەشە وادەکاتْ چۆنیەتی پێکهاتەی چینە کۆمەڵایەتیەکان لەوانە» دەوڵەتْ و چینە کۆمەڵایەتیەکان Class ، دامودەزگاکان و،سەرپاک بکەرەکانی تری لە و کارو ئەرک و رۆڵیاندا جیاوازی تەواو هەبێتْ، لەگەڵ هاو شێوەی پێکهاتەو دانەکانی و چۆنیەتەکانی لە کۆمەڵناسی کلاسیکیدا. ئەمەش ئەو هەوڵ و تێگەیشتنە وجیاکاریەیە پیشاندەداتْ، کە لە کۆمەڵناسی ئالان تۆرین دا بۆ کۆمەڵگە دواکەوتوەکان هەیەتی، شوێنگەی گرتوەو پێی دەناسرێتەوە.

**ئالان تۆرین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەر سێ بنەمای سەرەکی بونیاد دەنێت ئەوانیش:**

- بنەماو پرانسیپی شوناس: مەبەستْ لەم شوناسەی ئالان تۆرین کەدەیکاتْ بە بنەما بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دیاریکردنی « شوناسی خودی» یە کەوەک پێویستیەکی گرنگ دەبێتْ خەسڵەتی فرەیی وئاوێتەیی « کۆمەڵ، چینی کۆمەڵایەتی، کەرتی کۆمەڵایەتی، ...» لە بەرامبەریشدا پێویستە شوناسی» نەیار- خصم» ەکە دیاری بکریتْ، واتە بیرێک و دۆزێک وقەزیەیەک بوون و ئامادەیی هەبێتْ.

- بنەمای بەریەککەوتن: ئەم بنەمایە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دیاریکردنی نەیار دەسەپێنێتْ، واتە پێویستە کە ئەو نەیارو خەسمەی کە

بزوتنەوەکەی بۆ بەرهەمهاتوە، ڕوون وبابەتی بێت،یاخو بەدەربڕینێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارانەبێت» ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بۆ؟ بۆیە ئەو نەیارو خەسمە دەبێت وەڵامێکی راستەقینەو ڕوونی پرسیارەکە بێت.بۆنموونە: بزوتنەوەی کرێکاری دژی رێککاری کار،و ئازادی کرێکار.

- بنەمای گشتی: مەبەست لەم پرانسیپە لای ئالان تۆرین ئەوەیە کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆنەست و هوشیاری کۆمەڵی و بە شێوازێکی کۆمەڵی گشتگیری نەک کەمینەو تاکی، بە ئامانجی سەرکەتنی لە کاریگەریدانان لەسەر ڕای گشتی و گەیشتن بەداواو خواستەکان، چونکە ئەگەر بزوتنەوەیەکی فرەوگشتگیر هەبێت ، مەحاڵە کۆنترولکردن و راگیرکردنی. لە ئەنجامی ئەم بنەمایەوە لای ئالان تۆرێن بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بە ئامانج ناگاێ، مەگەر لە ژێر هۆشیاریەک دا نەبێت، کەتوانای بەدیهێنانی مافەکانی هەبێت. و مافەکان ناگەڕێنرێنەوە و کەسانی تەوەزەل وناهوشیار توانای گەڕاندنەوەی مافەکانیان نابێت.

**سەرچاوە :**

-ئالان تۆرین Alain Touraine «:

عرض حول : عالم الإجتماع الفرنسی http://pulpit. alwatanvoice. com/ html. 203922/10/07/articles/2010

# سۆسۆلۆژیای هاوچەرخی ئالان تۆرین

محەمەد ئەلمستاری

لە عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان

ئالان تۆرین بەیەکێک لەرابەرانی زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێت، کە تا ساڵی 1958 وەک توێژەر لە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ توێژینەوە لەفەرەنسا کاریکردوەو لە ساڵی 1960یش سەنتەری توێژینەوەی زانستی کۆمەڵناسی لەزانکۆی چیلی دامەزراندووە،پاشان لە ئینودیس بووەتە توێژەر.

ئالان تۆرین، بەوە بەناوبانگە کە بایەخ و برەوی بە کۆنسێپتی «کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی « و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان داوە.

تۆرین لەئەمریکای لاتین و ئەوروپا خاوەنی ناووناوبانگەو لەساڵی 1998خەڵاتی (ئەمافلی– Amalfi) ئەوروپایی بۆ زانستی کۆمەڵناسی پێدراوە و لەساڵی 2004یشدا لەزانکۆی فالبرایسۆ لە چیلی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری وەرگرتوەو دیسان لەساڵی 2006یشدا لەزانکۆی نیشتمانیی سانت مارتنی کۆڵۆمبیا دکتۆرایەکی تری فەخری و لەساڵی 2008یشدا لەزانکۆی مایۆردی سان مارکوس لە لیما دکتۆرایەکی تری فەخری پێدراوە.

ئـالان تۆرین خاوەنی نووسراو و کتێبگەلێکە، کە پشکداربوون لە دەوڵەمەندکردنی توێژنەوەی زانستیی سۆسیۆلۆژیا لەوانەش: رەخنەگرتن لە نوێگەری –

1998 Critique de la modernité»، پرادیگمای نوێ: لەپێناو تێگەیشتنی جیهانی ئەمڕۆ 2005،بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دیموکراسیی چییە؟

**بۆچی ئالان تۆرین لەسۆسیۆلۆژیادا تایبەتمەندبووە؟**

تۆمارکردنی ناوی ئالان تۆرین لەکایەی سۆسیۆلۆژیادا، هەروەها شتێکی هەڕەمەکی و رێکەوت و بێ بەهانە نەبووە، بەڵکو هەر لەسەردەمی لاوێتییەوە کاریگەر بووە بە زۆرێک لەفۆرمەکانی رەتکردنەوەی سیاسی : رەتکردنەوەی جەنگی کۆڵۆنیالی و رەتکردنەوەی سۆسیالیزمی ژیمۆلیە، هەروەها رەتکردنەوەی

ئەو بژاردەیەی کە مالرۆ بەسەر رۆشنبیرانی فەرەنسایدا سەپاند .

لەسۆنگەی ئەو رەوشە نائۆقرەیەوە تۆرین ئینتیمای بۆ رۆحی خەبات و ئارەزوو و خەونی بۆ گۆڕینی جیهان لەلا دروستبوو.

تۆرین جەخت لەوەدەکاتەوە ئینتیمابوونی بۆ سۆسیۆلۆژیا بەپاڵنەری شەخسی نەبووە، بەڵکو مەرجێکی بابەتیانە بووە و لەوبارەشەوە دەڵێت» بۆئەوەی لەمرِۆدا مرۆڤ زانای سۆسیۆلۆژ بێت، ئەوا پێویستە لە مەرجەکانی بوونی کۆمەڵگەی نوێ رابمێنێت».

**هەڵوێستی تۆرین لەهەمبەر سۆسیۆلۆژیای تەقلیدی و پرانسیپەکانی:**

ئەم توێژەرە فەرەنسییە ویستوویەتی خۆی لە کۆت و بەندی فێرگەی پۆزەتیڤیزمی سۆسیۆلۆژیای ئۆگست کۆنت و ئمیل دۆرکهایم دەرباز بکات،کە خوێندنەوەیان فینۆمینی سۆسیۆلۆژیا کردووە،کە لەمیتۆدی دۆرکهایمدا دیاردەکان شتگەلێکن لەدەرەوەی مرۆڤ و بوونێکی سەربەخۆیان هەیە،بگرە خاوەنی هێزێکی ناچارکەر و بەزۆر و ستەمکاری سەر مرۆڤن.

بابەتیبوون و سەربەخۆیی دیاردەی کۆمەڵایەتی بەواتای ئەوەی، کە کۆمەڵگەو دەوڵەت دوو خواوەندی نوێن لە لای دۆرکهایم.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە تۆرین هەر بەتەنیا خۆی لە فێرگەی پۆزەتیڤیزم رزگار نەکردووە، بەڵکو کاریکردوە لەسەر چەند رەخنەیەک کە بەلایەوە بابەتیانە بوون لە پشتیوانیکردن بۆ رزگاربوونی لە فێرگەی تەقلیدی.

هەروەک تۆرین دەڵێت فێرگەی تەقلیدی بەدەر لە جیاوازی رێبازەکانی ،کەگرنگی داوە بە دیراسەکردنی سیستم ، واتەدیراسەکردنی دامەزراوەکانی وەک : خێزان، خوێندنگە،کۆمەڵگە،دەوڵەت ،کە بەبۆچوونی تۆرین کۆنترۆڵکردن و باڵادەستی سیستمی کۆمەڵایەتییە بەسەر ئاکتەکاندا، ئەوا ئەو دیراسەکردنە لایەنێکی گرنگی تری کۆمەڵگەی فەرامۆشکردووە، کە ئەویش بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە– Mouvements Sociales، کە ئاکتەرەکان (ACTORS) لەروو بەڕووبوونەوەی باڵادەستی و ستمی ئەو دامەزراوانەدا، گوزارشت لەخودی خۆیان دەکەن.

لەبەر ئەوە تۆرین جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە ئینتیمای بۆ سۆسیۆلۆژیا،



@kurdica

ئینتیمابوونە لەپێناو گۆڕانکاری و ڕەتکردنەوەی باڵادەستی سیستمی کۆمەڵایەتی بەسەر چالاکواناندا.

سەبارەت بە پرانسیپە تەقلیدییەکانی سۆسیۆلۆژیا، تۆرین دەڵێت ئەوە تەنیا وێنەی تەرزێکی تایبەتە: هاوتەریبی سیستمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوڵەتی ناسیونالیزم و پێدانی سەنتەریالیزم بەبیرۆکەی دامـەزراوە Etablissement و شیکاریکردنی سیستمە ئامارییە دیاریکراوەکان، لەبری ئاستی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی ،کە ئەگەر بە کاراو خەباتکارانە تەماشای بکەین، ئەوا بە بنەمایەکی سەرەکیی لەسۆسیۆلۆژیادا دادەنرێت.

**سۆسۆلۆژیای ئالان تۆرین:سۆسیۆلۆژیای کردەییە**

ئـەوەی لەکایەی مەعریفەی سۆسیۆلۆژیادا بەڵگەنەویستییە ئەوەیە» هەرسۆسیۆلۆژیستێک ،سۆسسیۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆی دادەهێنێت»، و «هەر سۆسیۆلۆژیایەکیش نەوەی سەردەمەکەیەتی».

لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت ئەگەر سۆسیۆلۆژیای ئۆگست کۆنت و ئمیل دۆرکهایم و بگرە فێرگەی پۆزەتیڤیزمیش بەگشتی، کار لەسەر دیراسەکردنی سیستم و دامـەزراوەکـان بکەن ، ئەوا سۆسیۆلۆژیای ئالان تۆرین، سیستمی کۆمەڵایەتی لەسەر لەئاکتەرەکاندا چڕدەکاتەوە ئەگەر سۆسیۆلۆژیای کارل مارکس ، لەسەر بیرۆکەی «ژیانی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنەوە هەیە» لەبەرامبەر سۆسیۆلۆژیای ماکس ڤیبەر –ئاکتەر بەهایەکی دیاریکراو ئاراستە دەکات– دامەزرابێت، ئەوا سۆسیۆلۆژیای ئالان تۆرین، بریتییە لەسۆسیۆلۆژیای کردەیی(Act).

**ا–بابەتی زانستی سۆسیۆلۆژیا لەدیدی ئالان تۆرینەوە:**

تۆرین پێیوایە بابەتی سەرەکی سۆسیۆلۆژیا بریتییە لە دیراسەکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، کە بەمێژووگەراییەوە گرێدراوە،واتە پەیوەندی و ململانێی چینەکان،کە بەبزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێت .

کەوابوو سۆسیۆلۆژیا لەدیدی تۆریندا گریمانەی ڕێکەوت وستەمکاریانە

ناکاث، بەڵکو خەباتخوازو شۆڕشگێڕانەیە بۆ رزگارکردنی ئاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسیستمی کۆمەڵایەتی و کۆت و بەندەکانی.

**ب- ئەرکی زانستی سۆسیۆلۆژیا لەلای ئالان تۆرین**

ئالان تۆرین پیوایە ئەرکی سۆسیۆلۆژیا بریتییە لەوەی کە بڕیار لەئامانج و وەزیفەی خۆی بداث، نەک وەک ئەوەی کە ماکس ڤیبەر پێیوایە ئەرکی سۆسیۆلۆژیا بریتییە لەچۆنیەتی تێگەیشتن لە سیستمی کۆمەڵایەتی.

تۆرین بایەخی سۆسیۆلۆژیا لە خەباتی بەردەوامی دژ بە پۆزەتیڤیزمی ساختەو سیستمی باو و وتارە بەربەرییەکانیدا دەبینێتەوە، جگە لەوەش ئەرکی سۆسیۆلۆژیا لەباری نوێیدا، پێویستە رۆڵێکی ئیجابی هەبێث و وەک تۆرینیش دەڵێث: سۆسیۆلۆژیا پشکدارە لەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئاکتەر هەڵسوکەوث بکەن و خودی کۆمەڵگەش لەرێگەی ئەفراندنی سیستمێک بۆ ئەکث، کە بەردەوام سیستمەکۆمەڵایەتییەکان فۆرمەڵە بکاتەوە، خۆی لە سیستم و ئایدیۆلۆژیاو راگەیەنراوەکانی رزگار بکاث ، کەوابوو ئامانجی سۆسیۆلۆژیا کاراکردنی کۆمەڵگەیە.

**ج-سۆسیۆلۆژیا لەلای ئالان تۆرین:**

تۆرین دەڵێث : مرۆڤی سۆسیۆلۆژیسث بەرژەوەندییەکانی رابەرایەتی ناکاث ، لەم وتەیەیەوە روندەبێتەوە ئەرکی زانستی سۆسیۆلۆژیا خەباتکردنە لەپێناو گۆڕانکاری و یارمەتیدانی ئەکتەرەکان بۆ رزگاربوون لە گوشاری سیستمی کۆمەڵایەتی بەزۆر و ناچارکەر لەسەر چالاکییەکانیان، هەروەها تەئکیدکردنەوەش لەسەر یارمەتیدانی کۆمەڵگەکان لە ئەکث بۆ دروستکردنی مێژوویان کە بەدوور بێث لە بەرژەوەندی و لەخشتەبردنی شەخسییانە.

ئالان تۆرین ئاراستەیەکی مرۆڤدۆستی هەیە لەسایەی رەخنەگرتنی لەرۆشنبیران و سۆسیۆلۆژیستەکانەوە، ئەوانەی پشکداربوون لە سەپاندنی باڵادەستی فیکر بەسەر ئاکتەرەکانەوە، بێئەوەی یارمەتیان بدەن بۆ بەرگریکردن لە سیستمەکان کە هەریەک لە(میشیل فۆکۆ ، پییر بۆردیۆ ) لەو کەسانە بوون.

تۆرین دەڵێت منیش وەک ئەوانیتر سەرسامم بە رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە، کاتێک لەمومارەسەکردنی توێژینەوە نوێکاندا داهێنان دەکەن، کاتێکیش دەستدەدەنە لایەنە ناشرینەکانی ژیان وەک ئەوەی شتراوس و فۆکۆو....کردوویانە ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئێمە رۆڵێکی ترمان نەبێت، باشتروایە مرۆڤ بڕوات وەک لەوەی لاساریکەرەوە یان شرۆڤەکار بێت.. بوونی ئێمەی سۆسیۆلۆژیست چییە، ئەگەر یارمەتی کۆمەڵگەکان نەدەین لە ئەکت و دروستکردنی مێژوویان ،نەک رووکردنە نامۆی و ملکەچبوون و ناهۆشیاری.

**د-کۆمەڵگە بەلای ئالان تۆرینەوە:**

بەپێی تێزی ئالان تۆرین کۆمەڵگە، پێویستە خاوەنی رێکخستن و بەردەوامی بێت، بەجۆرێک لەسەر ئاستی سیستمی کۆمەڵگە برێتییە لە کۆمەڵێک وەزیفە کە تەنیا لەرێگەی دیسپلینی پەیوەندییەکان و لەمیانەی وەزیفەکانەوە تەواو دەبێت، لەسەر ئاستی بەردەوامبوونیش دەکرێت کۆمەڵگە لەرێگەی بزاوت و دینامیکییەوە بخوێنرێتەوە .

کەوابوو مەرجی رێکخستن مەرجی بەردەوامی خستوەتە پاڵ و ئەوەشە واتا دەبەخشێتە کۆمەڵگە،چونکە کۆمەڵگە دیرۆک بەرهەمدێنێت و لەرێگەی ئیرادەوە (ئەکت و گۆڕانکاری) کاریکەری لەسەر بونیاتی دەبێت.

**پشکداریی فیکریی ئالان تۆرین لەکایەی سۆسیۆلۆژیادا:**

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ،کە ئالان تۆرین بەتەنیا رێبوارێکی نێو سۆسیۆلۆژیا نییە وەک ئەوەی زۆرێک لەتوێژەران پیایدا دەگوزەرێن و گوزەراون، چونکە ئەو ئامادەییەکی بەهێزو ئاشکرای هەیە و خاوەنی خەمێکی سیاسییە و توانیویەتی هەوڵە فیکرییەکانی خۆی لەکایەی سۆسیۆلۆژیادا گەڵاڵە بکات، ئەوەش وایکردووە ببێتە پیشەنگ لەدوو کایەو بابەتی گرنگی نێو بواری زانستی سۆسیۆلۆژیا:

**ا-سۆسیۆلۆژیای بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان:**

ئامانج لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان لای تۆرین رزگارکردنی خودە کە

بەلای ئەوەوە واتای (ئاكتەری كۆمەڵایەتی ) دەگەیەنێت، واتە ئەو كۆنسێپتەی وا لە پەیوەندی كۆمەڵایەتی دەكات رەهەندێكی رەسەن بێت لەتاكدا، هەروەها تۆرین تەئكید دەكاتەوە كە بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان لەئیرادەو هۆشمەندی تاكەكان بەرامبەر بەخودی خۆیان سەرچاوەی گرتووە و دوورە لە پێكهێنانی سەندیكای سیاسی، لەپێناو داكۆكیكردن لەخواستەكانیان.

وەک تۆرین دەڵێت: بزوتنەوە كۆمەڵایەتییە نوێكان بەكاری سیاسی و پێكدادان نایەتە ئاراوە، بەڵكو بەكاریگەری لەسەر رای گشتی دروست دەبێت.

**ب-سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵگە پاشبەندەكان:**

بەهۆی مانەوەو نیشتەجێبوونی زۆری ئالان تۆرین لەئەمریكای لاتین و چیللی بەتایبەتی، بۆی ئاشكرابوو كە سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا لە دیراسەكردنی كۆمەڵگەكانی جیهانی سێیەمدا ئاكتیڤ نییە، لەوسۆنگەیەشەوە برەوی دا بە«سۆسیۆلۆژیای گەشەپێدان» كەمەبەستی سۆسیۆلۆژیای گواستنەوەیە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر.

تۆرین«كۆمەڵگە پاشبەندەكان» بەو كۆمەڵگانە پێناسە دەكات كە گەشەسەندن و پیشەسازیكردن تیایاندا لەلایەن بۆرژوازیی بێگانەوە سەرۆكاری دەكرێت و پێشیوایە سۆسیۆلۆژیای جیهانی سێیەم زۆر ئاڵۆزترە، چونكە ئەو بۆرژوازییەی لەو وڵاتانەدا كاردەكەن بیانین و وەزیفەو رۆڵی پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكانی وەک دەوڵەت و چین و دامەزراوەكان و تەواوی ئاكتەرەكان بەشێوەیەكی ریشەیی جیاوازن لەهاوشێوەكانیان لەزانستی كۆمەڵناسی كلاسیكی. لێرەشەوە تۆرین تەقەلای داوە لەگەڵاڵەكردنی سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵگە پاشبەند-پاشكۆ كان.

**بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی لای ئالان تۆرین:**

بابەتی بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی بەگرنگترین ئەو توێژینەوانە دادەنرێت، كە تۆرین كاری لەسەركردوە و پێوەی سەرقاڵ بووە، بەتایبەتیش ئەوەی كە ئاكتەرەكان دەیكەن، ئەویش نەک وەک بەرچەكردارێكی ئەوان لەبەرامبەر خۆ سەپاندنی دامـەزراوە كۆمەڵایەتیەكان بەسەریاندا، بەڵكو كارەكانیان بەرهەمی بۆچوونی رۆشنبیری و ئەو ململانێ كۆمەڵایەتیانەیە كە تیایدا تێكەڵاوبوون.

شانازیکردنی تۆرێن بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و رۆڵی لە رۆشنبیری هاوچەرخدا،وایلێکردوە رەخنە لەهەریەک لە(مارکیوز،فۆکۆ،لوی ئالتوسێر، بۆردیۆ) بگرێت، لەکاتێکدا ئەو کەسانە پێیانوایە، کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا یاخیبوونێکن لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا روودەدەن، بەبێ هیچ کاریگەرییەکی گەورە ، ئەویش بەو پێیەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ زیاتر ئارەزووی باڵادەستی و چاودێریکردنی ورد دەکات و ژیانی کۆمەڵایەتیش، جگە لە دەرکەوتەی باڵادەستییەکی رەها چیتر نییە.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لای ئالان تۆرین بە رێکخراوو بەردەوامی دەناسرێنەوە، کە لەرێگەیەوە سەرلەنوێ مێژووی کۆمەڵایەتی فۆرمات دەکاتەوە و تایبەتمەندییەکی تریشی ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و بەر لەپیشەسازیش بوونی نەبووە.

ئالان تۆرین پێداگریش دەکات لەسەر ئەوەی کە دەکرێت لەرێگەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە بەرگری لەناسنامەو سەربەخۆبوونی خودو ئازادیمان بکەین و لەوسۆنگەیەشەوە تۆرین لەسەر سێ پرانسیپ بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دادەمزرێنێت کە بەم شێوەیەیە:

– پرانسیپی ناسنامە:مەبەث لەزەرورەتی دیاریکردنی ناسنامەی خودییە کە فرەو لێکدراو نییە(کۆمەڵە،چین، توێژی کۆمەڵایەتی..) لەبەرامبەریشدا پێویستە ناسنامەی دوژمن دیاریبکرێت، واتە پێویستە بیرۆکەو دۆزێک بوونیان هەبێت.

– پرانسیپی دژبەیەک: ئەم پرەنسیپە لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دیاریکردنی دوژمنە، واتە پێویستە ئەوە دوژمنەی کە بزوتنەوەکەی لەسەر دامەزراوە روون و بابەتیانە بێت، بەواتایەکی تر بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆچی؟ وەڵامی روونیش بۆنموونە» بزوتنەوەی کرێکاری لەدژی رێکخستنی کار ، لەپێناو سەربەخۆبوونی کرێکاریدا».

– پرانسیپی هەمەکی (الکلیە): مەبەست لەم پرانسیپە ئەوەیە کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە هۆشیاری بەکۆمەڵ و بەفۆرمێکی گشتگیر پێکهاتبێت ،نەک لەهۆشیاری کەمینەو تاکگەرایی، ئەویش لەپێناو سەرکەوتن لەکارکردنە سەر رای گشتی و بەدەستهێنانی ماف و خواستەکان.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**رۆڵی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ لەدیدی تۆرێنەوە:**

بەبۆچوونی تۆرین لەهەرقۆناغێکی گەشەی کۆمەڵگەدا، زانستێک هەیە کە پێگەیەکی سەنتەریالیزم و کاریگەری هەیە، هەروەک ئابووری لەکۆمەڵگەی پیشەسازی و فەلسەفەی سیاسی لەکۆمەڵگەی بازرگانی بەر لەشۆڕشی پیشەسازی ،بەڵام لەمرۆدا ئەم پێگەیە دراوەتە سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ و بووتە کرۆکی ژیانی رۆشنبیری هاوچەرخ ،کەرۆڵێکی ئیجابی هەیە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەدا.

هاوکات سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ پەیوەستە بەرۆحی بەخەبات و گۆڕینی جیهان و دەرچوون لەجیهانی کێشمەکێش و جەنگ و سەرمایەداری و وەهمی چەسپاو بەرەو جیهانێک، کە دان بە ئەکتەرەکۆمەڵایەتیەکان و ئیرادەیان لەبەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەدا دەنرێت.

**ژێدەرەکان:**

1– Alain Touraine، le reteur de lacteur، Paris، Fayard، 1984.

2– ئالان تۆرین، رەخنەگرتن لە نوێگەری la Critique de la Modernité، و. انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافه 1998.

3– ئالان تۆرین ، براديغما جديده لفهم عالم اليوم، و: جورج سليمان، مركز دراسات الوحده العربيه، المنظمه العربيه للترجمه.

4– عبد الرحيمذ العطرى، الحركات الاحتجاجيه بالمغرب، دفاتر وجهه نظر،الرباط،2008 .

**سەرچاوە:**

– سایتی onmagharebia

# ئالان تۆرین و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

لەفارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

ئالان تۆرین ساڵی 1929 لە فەرەنسا لەدایک بووە و بنەماڵەکەی پزیشک بوون، بەڵام تۆرین لە سوننەتی بنەماڵەکەی لایدا و لە کانێکی خەڵوز دەستی بەکارکرد. ئەم ئەزموونە ئەوی بۆ کۆمەڵناسی کێش کرد و ساڵی 1950 ژۆرژ فریدمەنی کۆمەڵناسی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستی نەتەوەیی فەرەنسا ناسی.

- **تێگەیشتنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی**

پێناسەی هەر دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی لەو چوارچێوەیەدا، کە لێی دەکۆڵرێتەوە جیاوازە. پێناسەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، بەهۆی جۆراوجۆری ئەو بزوتنەوانەوە جیاوازە و بەئاسانی ناتوانرێت سنورێک بۆ جیاکردنەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی سەرجەم دەرکەوتە پەیوەندیدارەکان بدۆزرێتەوە. ئەم ئاڵۆزیانە بوونە هۆی ئەوەی سود لە تێگەیشتنێتر لە جیاتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی وەربگیرێت و لە ئەنجامدا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بە بابەتەکانیتری وەک گۆڕان و شۆڕش لێکدراوەتەوە، یان لە بابەتە تایبەتیەکانیتری وەک رەفتاردا کورتکراوەتەوە.

لە تێگەیشتنە پەیوەندیدارەکان بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، دەتوانین ئاماژە بە رەفتاری گشتی، کاری گشتی، رەخنەی کۆمەڵایەتی، جیاوازی کۆمەڵایەتی، بەرەنگاری کۆمەڵایەتی، هەڵوێست وەرگرتنی راستەوخۆ، بکەین. لە راستیدا ئەم تێگەیشتنانە تەنها بەشێک لە تێگەیشتنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و هێشتا بەتەواوی ئاماژە بە پێناسەی سەربەخۆی ئەو ناکەن. ئالان تورینیش لە دانەرانی ئەو تیۆرانەیە، کە لەزەمینەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا خاوەنی رای خۆیەتی. بەبۆچونی ئەو (بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان نەیاری لاوەکی ئەو سیستمە نین کە هەیە، بەڵکو ئەو هێزە ناوەندیانەن کە بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرهەمی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی کاری چینەکان بۆ روخسار بەخشین بە مێژویان روبەڕوی یەکتر دەبنەوە.)

بەپەسەندکردنی ئەوەی کە واژەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، مەبەستی کۆمەڵێک دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەیە و زەمینەی سەرەکی دانانی تیۆر لەبواری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان فەراهەمدەکات. تیۆری تایبەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە دەیەی 1970وە و هاوکات لەگەڵ بزوتنەوە خوێندکاری و ژنانەکان لە ساڵانی 1967 و 1968 بڵێسەی سەند. بەدڵنیاییەوە بەرلەوکاتەش تیشکخراوەتەوە سەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، بـەڵام لەژێر ناو و تۆرە گشتکیرترەکاندا لەم بابەتەیان روانیوە.

- **تێڕوانینەکان**

لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960دا ڕوخساری نوێی کرداری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرکەوتن و دروستکەری گشتگیرترین بزوتنەوەکانی دوای 1930 بوون. یاریچیەکانی ئەم جیاوازیانە زۆرتر گەنجان و ژنان و کەمەنەتەوەکان بوون، کە ناتوانرێت رەفتاری ئەوان لەسەر بنەمای کەلێنە سیاسی - کۆمەڵایەتیە کلاسیکەکان لێکبدرێنەوە. لەئەنجامدا بابەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوو بە دەستوری کاری لێکۆڵینەوەی ئەو کەسانەی هاوبیری ئەم بوارە بون یان چالاکانە لەم بوارەدا کاریان کردبوو. لە ئەنجامدا ساڵی 1970 ژمارەیەکی زۆر تیۆر لەم بوارەدا خرانە روو.

بەپێی جیاکاریەک ئەم تیۆرانە بۆ دوو گروپی (ئەمریکایی) و (ئەوروپایی) دابەشکراون. جیاوازی لە سوننەتی بیرکردنەوەی ئەمریکایی و ئەوروپایی و جیاوازی ئەو بزوتنەوانەی لەو دوو کیشوەرەدا سەریانهەڵداوە، زەمینەسازی سەرەکی ئەمجۆرە ڕێکخستنەیە. بە روانینێکی خێرا تێڕوانینە ئەمریکاییەکان لەبارەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر لە ژێرکاریگەری سوننەتی کارکردندان، ئەمەش لەکاتێکدا کە تیۆرە ئەوروپاییەکان زیاتر بە تێڕوانینێکی نیومارکسیستی دەرکەوتەکان شیدەکەنەوە. ئەم بابەتە بەڕێژەیەک لە راستیە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە لە ئەمریکا ئەو ڕێکخراوانەی لە ئەنجامی ناڕازی بوونەکانەوە دروستبوون، خێرا بوون بە کارگەرا و زۆرتر وەک گروپی خاوەن بەرژەوەندی ڕێککەوتن، بەڵام لەبەرامبەردا لە ئەوروپا ئەم بزوتنەوانە زیاتر دژی سیستم بوون و زۆربەی تایبەتمەندیەکانی خۆیان لەوانە جەختکردنەوەیان لەسەر

ئایدۆلۆژی لە چەپەکان وەرگرتبوو. جیاکاری تیۆرە نوێیەکانی بواری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەسەربنەمای شوێنی جوگرافی لە ئێستادا کەمتر باوە و ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو سەرجەم تیۆرەکان بگرێتەوە، بەتایبەتی ئەو تێڕوانینە ئاڵۆزانەی کە ناتوانرێت بەسادەیی لە یەکێک لەو دوو بەشەدا جێبکرێنەوە.

جیاکاری لەسەر بنەمای (کلاسیک) و (نـوێ) جۆرێکیتری ڕێکخستنی تیۆرەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیە. ژمارەیەک لە خاوەن راکان لەبارەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە جیاکاری ئەم بزوتنەوانە بۆ کلاسیک و نوێ لەسەر بنەمای قۆناغی مێژویی تیۆرەکان ڕێکدەخەن. لەم ڕێکخستنەدا بزوتنەوەکان و ئەو تیۆرانەی پەیوەندیان بە ساڵانی پێش 1960وە هەیە کلاسیکن و لەبەرامبەردا بزوتنەوە و تیۆرەکانی دواتر بە نوێ لەقەڵەم دەدرێن. بنەمای ئەم ڕێکخستنە جەخت لەسەر نوێ بون وەک تایبەتمەندی دیاری بزوتنەوەکانی دواتر دەکاتەوە. (بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان) بۆ پێناسەکردنی ئەو بزوتنەوانە بەکاردێت، کە لەدەیەی (1960)وە لەبواری کۆمەڵایەتیدا گرنگیان پێدرا. لە ئەنجامی دەرکەوتنی لەناکاو و بەرفراوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان شەپۆلێکی نوێی تیۆرەکان دەرکەوتن. زۆربەی ئەم تیۆرانە پێیانوابوو کە بزوتنەوە نوێیەکان بەپێچەوانەی کلاسیکیەکان لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیکدا دروستبوون. لەلایەکیترەوە ئەندامانی سەرەکی ئەم بزوتنەوە نوێیانە تەنها کرێکاران و وەدەرنراوە کۆمەڵایەتیەکان نەبون، بەڵکو ژنان و خوێندکاران و گەنجان رۆڵیان لەم بزوتنەوانەدا هەبووە.

لەوانەیە بەدورکەوتنەوە لە گرفتی ڕێکخستنی ئەنجام دراو بەشێوەیەکی باشتر تیۆرەکان ڕێکبخرێن. لێرەدا تیۆرەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە قاڵبی چوار تێڕوانیندا لێکدەدرێنەوە. پێوەری جیاکاری ئەم تێڕوانینانە، جیاوازی و هاوشێوەیی لە سەرەنجدانە پانتایی کار و گرنگی بزوتنەوەکەیە. لەگروپێکدا ئەو تیۆرانەی کەلە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی رەفتاری هەستەکان و سەرچاوەگرتو لە فشارەکانی دەوروبەر دەکۆڵنەوە و لەژێر ناوی (تێڕوانینی رەفتاری بەکۆمەڵا) ڕێکدەخرێن. لە گروپی دوەمدا ئەو تیۆرانەی کە گرنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە پرۆسەیەکی سیاسی هەژمار دەکەن و عەقڵانیەتی ناو ڕێکخراوەکان لێکدەدەنەوە، ئەمانیش لەژێر ناوی (تێڕوانینی کۆتایی) جێگە دەگرن. گروپی سێهەم و کۆتایی ئەو تیۆرانە

لەخۆدەگرێت، کە گرنگی بنەڕەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەسەرچاوە گرتو لە ناسنامەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانن و ئامانجی ئەم بزوتنەوانەش بە گۆڕینی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن، ئەمانیش لەژێرناوی (تێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنی) ڕێکخراون.

**1.تێڕوانینی رەفتاری بەکۆمەڵ (کلاسیک)**

کۆمەڵەی تیۆرەکانی دەروونناسی، تیۆرەکانی ئاکارگەرایانەو تۆڕەکانی کۆمەڵگە لەم گروپەدا جێگە دەگرن. لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازیانەی کە لە ریزبەندی تێگەیشتنەکان و قاڵبی تیۆری ئەم سێ ڕێگەیە هەیە، خاڵی هاوبەشی ئەم سێ تیۆرە تایبەتمەندی هەستەوەری کردارە و کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تاک دادەنێت. سەرکەوتنی ئاکارگەرایی بەسەر زانستی کۆمەڵایەتی ئەمریکا زەمینەیەکی گونجاوی بۆ خستنەڕوی تیۆرەکانی دەروونناسی فەراهەمکرد، تا ئەو جێگەیەی کە دانەرانی تیۆر کە کاریگەری بەرهەمی کارکردنیان لەسەر بوو لە شیکردنەوەی بزوتنەوەکاندا تیشکیان خستە سەر (ئاکار) وەک تێگەیشتنی کلیلی. تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگەش لەگەڵ ئەوەی زیاتر پشتیان بە لایەنی کۆمەڵایەتی ئەوروپا دەبەست، لەهەمانکاتدا تایبەتمەندی تاکیان لەبەرچاودەگرت. بەگشتی لە کۆمەڵگەشدا تیشکخراوەتە سەر هەستی بێگانەیی و نیگەرانی و سەرکوتکردن و بێبەش بوونی ڕێژەیی، جەختکردنەوە لەسەر دۆخی دەروونی تاکەکان دەکرێتەوە. دەتوانرێت ئەم سێ ڕێگەیە لە خاڵێکی هاوبەشدا ڕێکبخرێن.

ئەو تیۆرانەی لێرەدا لەم بەشەدا دانراون، دەرکەوتە کۆمەڵیەکان بۆ رەفتاری تاکەکان وردەکەنەوە و سەرچاوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هەستی بێبەش بوونی تاکەکان دەگێڕنەوە، کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان رەفتاری توندوتیژ بنوێنن.

**2.تێڕوانینی ڕێکخراوەیی :**

ئەو کۆمەڵە تیۆرانەی لەژێر ناوی (ئامادەیی سەرچاوەکان)ن، بێجگە لەو تیۆرەکانی (دروستکردنی هەلە سیاسیەکان) و (قۆناغەکانی رەخنە) لێرەدا جێگە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دەگرن. لە دیدی ئەم تیۆرانەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان شێوازی ناسراوی کاری سیاسین. بەواتایەکیتر لەو لایەنەوە کە یاریچیەکان بەشێوەیەکی عەقڵانی کاردەکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان دەدەن و ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکی لە ئامادەکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ کاری بەکۆمەڵ دەگێڕن، لەبەرئەوە بزوتنەوەکان بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی ئاسایی هەژمار دەکرێن. بێجگە لە پێداگری لەسەر چوارچێوەی سیاسی تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی سیاسی دوو هاوبەشیتریان هەیە.

یەکەم: چالاکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێکنەخراو نازانن.

دوەم: بەشداربوان لەم بزوتنەوانەدا بە ناعاقڵ لەقەڵەم نادەن.

بەسەرەنجدان لەم تایبەتمەندیە هاوبەشانە، دەتوانرێت کۆی ئەم تیۆرانە لە بەشێکدا بەناوی تێڕوانینی دامەزراوەیی ڕێکبخرێن.

### 3.تێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنی :

ئەو تیۆرانەی لێرەدا جێدەگرن، بەپێچەوانەی سەرەتا لیبرالیستیەکانی تێڕوانینەکانی پێشو ڕەگ و ریشەیان بۆ ئەندێشەی نیومارکسیستی دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە دانەرانی تیۆر کە لێرەدا ڕێکخراون (تورین، هابرماس، ملوچی) جەخت لەسەر لایەنی شۆڕشگێڕی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەکەنەوە و بەپێچەوانەی دەرخستنەکانی تیۆرە کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان، ئامانجی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەکاریگەری خستنە سەر پرۆسەی سیاسی دانانێن، بەڵکو تێکدانی سنوری سیستمی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزکردنی ئەو دەکەنە ئامانج. بەپێچەوانەی تێڕوانینی ڕێکخراوەیی کە سەرنج دەداتە عەقڵانیەتی ئامرازی، لەتێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جەخت لەسەر عەقڵانیەتی پەیوەندی دەکەنەوە و لەسەر ئەم بنەمایە هەرچیەک لەدیدی تێڕوانینی ڕێکخراوەیی لایەنی ئامرازی هەیە (ئایدۆلۆژی، ناسنامەی بەکۆمەڵ، جۆری پەیوەندیەکان، ریچکخستن و ...) لە دیدی تێڕوانینی ڕێکخراوەییەوە، دەگۆڕێن بۆ ئامانج. بابەتی سەرەکی کەلەم تێڕوانینەدا سەرنجی لێدەدرێت دۆزینەوەی ڕەگی ئەو هۆکاری دروستبون و کەلێنە کۆمەڵایەتیانەیە کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمایان دروست دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو تیۆرانەی لە ڕیزبەندی کۆمەڵگەی مەدەنیدان،

جەخت لەسەر تایبەتمەندی کۆمەلایەتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەکەنەوە و گرنگی بزوتنەوەکان لە پانتاییەکی جیاواز لە چالاکی سیاسیدا هەڵدەسەنگێنن. بەواتایەکیتر بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی نادەن، بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەنە ئامانجی کارەکانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە ژمارەیەک رەخنەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دیوی سیاسیان هەبێت، یان سود لە ئامرازی سیاسی وەربگرن، بەڵام ئامانجی سەرەکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دروستکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدایە. لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی هابرماس دەتوانین بەم شێوەیە رونی بکەینەوە کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان سود لە ژینگەی جیهان (کۆمەڵگەی مەدەنی) وەردەگرن، نەک لۆژیکی سیستم (کۆمەڵگەی سیاسی).

- **بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان لە جیهاندا:**

ئاڵۆزیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان کە دوای شەڕی جیهانی دووەم لە ئەوروپا رویاندا، دەریانخست کە بەربەرەکانێی کار و سەرمایە ناوەندێتی و گرنگی خۆیان لەدەستداوە. زۆربەی خەڵک لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا توانیبوویان بگەنە خوێندنی باڵا و لەنێوانیشیاندا ژنان پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو. تۆڕەکانی زانیاری و پەیوەندی رۆڵی نوێیان گرتە ئەستۆ و سەرمایە لە چوارچێوەی بازاڕە ناوچەیی و نەتەوەییەکان تێپەڕی و لەگەڵ پەیدا بوونی سەندیکا گەورە ئابوریەکان هەوڵی دروستکردنی بواری نوێ بوو بەمشێوەیە پێکهاتەی نوێ بۆ بەربەرەکانێ هاتنە مەیدانەوە.

لێکۆڵینەوە لەوەی بە بزوتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتیەکان بەناوبانگ بوون گرنگی زۆری هەیە. بزوتنەوە کۆنەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە کرێکاری یان جوتیارییەکان لەسەربنەمای پەیوەندیان بە حکومەتەوە پێناسە کراون. لەم دیدەوە حکومەت و دامەزراوەکانی وەک نەیاری ناوەندی دەناسرێن. ئەم بزوتنەوانە کە وەک شتێکی دینامیکی بەرهەمهاتوی کۆمەڵگەی مەدەنی لێیان کۆڵراوەتەوە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی گروپە تایبەت یەکانیان لە ئەستۆیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەناچاری لە بەرنامەی کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر سەرچاوە مادیەکان تێدەپەڕێت، لەمڕووەوە پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و حکومەت یان پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت بەتەواوی لایەنی ناوەندی هەیە. ئەوەی ئەمڕۆ ئەم بزوتنەوانە جیادەکاتەوە وەڵامی ئەوان بۆ پێویستیە نوێیەکان و

لەخۆگری جۆراوجۆری زۆرە. بەبۆچوونی ئالان تورین بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کاری کێشمەکێشی یاریچی یان گروپە کۆمەڵایەتیەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوانەی گرنگن و کۆنترۆڵی لایەنگریە گرنگەکانە بۆ ئامانجە مێژوییەکانی کۆمەڵگە هەوڵدەدەن. پەیدابوونی یاریچیە نوێیە کۆمەڵایەتیەکان، کە لە دەوری بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک فیمینیزم، پاراستنی بەکارهێنەر، ژینگەی سروشتی، ئەنجومەنی خۆشەویستانی زەوی، ئەنجومەنی باجەکانی وەگرتن و پێدانی مادی لەبەرژەوەندی هاوولاتیان کۆبونەوە ، هەروەها ئەو پەیوەندیە بەرفراوانانەی بەدەر لە سنورە نەتەوەییەکانیان دەیبەستن ، دەتوانێت وەک گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی پێناسەبکرێت. لیستی بەرفراوانی ئەم بابەتانە نیشانی دەدەن، کە ناتوانرێت ئەوان لە چینە کۆمەڵایەتیەکاندا کورت بکرێنەوە. بەوتەی ئالان تورین (بابەتی ئەمڕۆ ئیتر سەرەوە یان خوارەوە نییە، بەڵکو لەناودا بوون یان لەدەرەوە بوونە: ئەو کەسانەی لەناوەوە نین دەیانەوێت لەناویدا بن، چونکە بێجگە لە ئەمە خۆیان لە بۆشایی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە، مۆدێلێکیتر بوونی نییە ، ئەمەش بەتەواوی دۆخەکە دەگۆڕێت).

ئەم تازەییەی بزوتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتیەکان بە ناسنامەی یاریچیەکانیانەوە گرێدراوە. بزوتنەوەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی ناسنامەی چینایەتیان دەویست. لێرەدا باس لە بزوتنەوەی کرێکاری و سەندیکای جوتیاران ناکەین. بزوتنەوە ئامادەکان ئیتر لە خۆیانەوە وەک بەیانکردنی چینایەتی گروپە شارەزا کۆمەڵایەتیەکان ناناسرێن. ئالان تورین ئێمە بۆ مانەوە لەسەر روخسارە نوێیەکانی کێشمەکێشە چینایەتیەکان رادەکێشێت.

• **بۆچوونی ئالان تۆرین :**

بەبڕوای تۆرین بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسین. تیۆرەکەی ئەو بەتایبەتی تیشکی خستوەتە سەر کردار و مێژوو، بەشێوەیەک کە خاڵی دەستپێکی تیۆرەکەی ئەو کاری بەکۆمەڵە. تورن ئەو کارە بەکۆمەڵە بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ناودەبات، کە ئاراستەی بزوتنەوەکان بە روانین لە نموونە فەرهەنگیەکان دادەنێت، کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکەن. گرفتی تۆرین لەگەل ئەم نمونانە لەو جێگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دۆخی نوێی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ئەوەی گروپێکی تایبەت دەست بەسەر پرۆسەی نمونەسازی و بەهاکاندا بگرن. لەمڕووەوە تۆرین

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە کارە بەکۆمەڵەکان دادەنێت، چونکە هەوڵدەدەن ژیانی کۆمەڵایەتی سەرچاوە گرنگەکانی بەکارهێنان و ئاراستەکانی فەرهەنگی پەسەندکراو لە کۆمەڵگەدا کە چاودێری دەکرێن، بگۆڕن.

بەپێی تێڕوانینی تورین بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەرکەوتەی نایاب نین، بەڵکو بەردەوام لەناخی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەن. ئالان تۆرین لە شیکردنەوەی خۆیدا بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەکان ئاماژە بە هۆکاری مێژویی دەکات. بەبۆچونی تورین بۆ دروستکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا پێویستە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە بناسرێن. لەبەرئەوە (مێژوو) شێوازێکی داڕشتنە کە لەناسینی پرۆسە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەدەستدێت (ئەم پرۆسانە جوڵانەوە فیکریەکان و نمونەکانی ژیانن کە پێکهاتەی سیاسی بۆ مانەوەی خۆی ئەوانە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێت.) دەرەنجامی ئەم ناسینی روخسار وەرگرتنی بزوتنەوەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخەکەیە. بۆ نموونە ئاگاداری لەبارەی نایەکسانی لە پەروەردە و فێرکردندا بووە هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەی مافی مەدەنی لە ئەمریکا.

تۆرین لەبارەی داهاتوی بزوتنەوەکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەییان جەخت لەسەر شێوازی پەیوەندیەکانی بزوتنەوە و پێکهاتەکانیان دەکاتەوە. تورین پێیوایە: (پرۆسەی گفتوگۆی روبەڕو کەلەمەیدانی کارکردن هەیە، لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانێک لە هەلومەرجەکاندا، کە بزوتنەوەکە هەوڵی بەرەنگاریانی داوە، بەڵام لەوانەشە ببێتە هۆی تێکەڵ بوون و یەکگرتنی دیدی هەردوو لایەن. لە هەر یەکێک لەو دو دۆخەدا لەوانەیە بزوتنەوە لەناوبچێت، یان وەک ڕێکخراوێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە.

ئالان تۆرین کۆمەڵناسی بەرجەستەی فەرەنسی سێ بنەمای بۆ بوونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی داڕشتوە:

1. بنەمای ناسنامە: پێویستە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناسنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت، واتە لە چ کەسانێک پێکهاتوە، وتەبێژی چ کەسانێک و گروپێکە و بەرگریکار و پارێزەری کام بەرژەوەندیانەیە؟

2. بنەمای دژایەتی: بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام دژی جۆرێک لەمپەڕ یان هێز دەوەستێتەوە و بەردەوام هەوڵی شکستدانی دوژمنانی هەیە. بێ بوونی بنەمای دژایەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بوونی هەبێت. زۆربەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام دژی ئەو دۆخەن کە تێیدان و ئامانجەکانی خۆیان تەریب

بە بارودۆخەکە نابینن.

3. بنەمای گشتگیری: بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوی بەهای زۆر لەگەڵ ئایدیای گەورە، فەلسەفە یان ئایدیای مەزهەبی دەستپێدەکات و کارەکانی لە بیر و بڕوایەوەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەوڵی بەرفراوان بوون و پێشکەوتن دەدات. ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی کاری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەوانەیە بەشێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئازادی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی و مافی مرۆڤ و سەلامەتی گشتی و خواستی خوداوەند بێت و ئەمانە ئەو تایبەتمەندیانەن کە ئالان تورین بە بنەمای گشتگیری ناویان دەبات.

ئەم بنەمایەش وەک بنەمای ناسنامە و دژایەتی بۆ ناسینی زات و لایەنگیری بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕانی بنەمای گشتگیریدایە.

هەروەها تۆرین بزوتنەوەکان بۆ سێ گروپی بزوتنەوە مێژووییەکان، بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، بزوتنەوە فەرهەنگیەکان دابەش دەکات. بزوتنەوە مێژووییەکان ئەو بزوتنەوانەن کەلەشێوازی گەشەپێدان لەگەڵ دەسەڵاتداری سیاسی یان دەوڵەتدا دژ یەکن. بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان پشت بە پرۆسەی دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بە تایبەتی پەیوەندی بە مۆدێرنیتەوە دەبەستن، بەڵام بزوتنەوەیەکی فەرهەنگی بێجگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئاراستەی فەرهەنگی کۆمەڵگە، دۆخەکە بۆ ئامادەبوونی ئەندامانی ناوەندێکی فەرهەنگی لە کۆمەڵگەدا دەگونجێنێت.

**بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ناسنامە**

بنەمای کاری گشتی کە لە بزوتنەوەدا دروستدەبێت ئەو ناسنامەیەیە کە لەناو بەشداربوان یان ئەندامانی بزوتنەوە هەستی پەیوەست بوونێک دروستدەکات، کە لە سنوری هەموو دامەزراوەیەک یان گروپێکی تایبەتی تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا کە لەهەمان تایبەتمەندی جیاواز و تاکی بکەراندا دەپارێزرێت، لەبەرئەوە بزوتنەوەیەک ئەو کاتە لەناودەچێت کە ناسنامەکانی ڕێکخراوی بەسەریدا زاڵبن و هەستی گرێدراوی بە کۆمەڵێکی بەرفراوانترەوە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان تۆڕێکن لە هەڵسوکەوتی نێوان بکەرە جیاوازەکان و بەپێی هەلومەرجەکان دەتوانێت ڕێکخراوە رەسمی یان ناڕەسمیەکان بگرێتەوە. لەبەرئەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ئەندامیان نییە، بەڵکو بەشدار بوویان هەیە. ئەم بەشداربوونە سەرچاوەکەی هەستی



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بوونی تاکە لە هەوڵێکی گشتیدا، بێ ئەوەی گرێدراوی رەسمی بە ڕێکخراوێکی تایبەتیەوە هەبێت. بەم شێوەیە بەشداری تاک لەسەر بنەمای مەیلی تاک خۆی دەوستێت.

**بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینەکان :**

کۆمەڵناسی کە تێگەیشتنی کردار بە تێکەڵەی ژیانی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە لە چینە کۆمەڵایەتیەکان وەک بکەر دەڕوانێت. بەپێچەوانەی مارکس، تۆرین دەڵێت هیچ چینێکی ناوخۆیی نیە. (چینی کۆمەڵایەتی وتەیەکە کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەناوی ئەوەوە کار دەکات) تورین بزوتنەوە ژنان وەک نموونەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دێنێتەوە. لەم بزوتنەوەیەدا ئامانج نەک تەنها نیشاندانی هەڵوێست نییە بەرامبەر نایەکسانیەکان لەڕێگەی پشت بەستن بە بەها لیبراڵیەکان، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی خراپی بەهای ژیانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. بزوتنەوەی ژنان لەبەرئەوە نمونەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، چونکە ناتوانرێت بۆ هیچ دامەزراوەیەکی سیاسی پێشتر هەبوو وەک پارتی سیاسی بچوک بکرێتەوە. بەبۆچوونی تۆرین دەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هاوکاتە لەگەڵ نەمانی کۆمەڵگە چینایەتیەکان و ریزبەندیەکان. ئەمەش نەک بەواتای یەکسانی تەواو، بەڵکو بەو واتایەیە کە چینی ناوەندی کۆمەڵگەی پیشەسازی رۆژئاوا گەشەی بەرچاوی کردوە و لەمپەڕە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام لە کەمبوونەوەدان.

لەو لایەنەوە کە ئێستا کرداری دیاریکەری دۆخەکان نمونەیە، کەواتە پێویستە کۆمەڵناس درک بەئەوە بکات، کە لێکۆڵینەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بێ روبەڕوبونەوەیان مەحاڵە. وەک تورین وتویەتی نمونەی سارد ناتوانێت گەرمای بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەست پێبکات، کەواتە پێویستە لەناخەوە لە کردار بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە لێکۆڵەر ئایدۆلۆژیای بکەران وەرگرێت. بەپێچەوانەوە ئامانج برینییە لە گەیشتن بە (دۆخی هەڵاوگێڕ).

**سەرچاوە:**

http://92.persianblog.ir/post/702-

# ئالان تۆرین: زۆرێک لە ڕۆشنبیران کەوتنە هەڵەوە بەوەی پاڵپشتی ڕژێمی سۆڤیەت و ماویان کرد

**لە عەرەبییەوە: ئەحمەد فاتیح محەمەد**

ئالان تۆرین سۆسیۆلۆژیستێکی فەرەنسیە و زیاتر لە 30 کتێبی هەیە، بەوە ناسراوە بەدواداچونی بۆ دەرکەوتن ورەخنەگرتن لە مۆدێرنە کردووە، هەروەها بەدواداچوونی وردی بۆ کەموکورتیەکانی کردووە، ئەمەش لەدواکتێبیدا بەناوی (پۆست قەیران) وەدیاردەکەوێت. لەکتێبە ناسراوەکانی( چۆنیەتی هاتنە دەرەوە لەلیبرالیەت) (رەخنەگرتن لە مۆدێرنە) (دیموکرسیەت چیە؟) ( فۆرمێکی نوێ: لەپێناوی تێگەیشتن لەجیهان).

لێرەدا ئەو چاوپێکەوتنە بڵاودەکەینەوە کە گۆڤاری (لیڤەر-ئابدۆ) لەژمارەی 829\2010 لەگەلیدا ئەنجامی دابوو، ئەمەش لەدوای بلاوبونەوەی دوا کتێبی (پۆست قەیران).

- **ناونیشانی کتێبەکەت (پۆست قەیران) ئایا مانای وایە قەیرانەکە کۆتایی هاتووە؟**

– بێگومان نەخێر، سەرەتا دەبێت باس لەچەند قەیرانێک بکەین، نەک تەنها قەیرانێک. یەکەمین قەیرانێک کە روویدا قەیرانی دارایی بوو، کەخەریک بوو ئابوری جیهان وێران بکات، ئەمەش دابڕانێکی لەنێوان ئابوری و کۆمەڵگەدا دروستکرد،بەڵام ئەم لێکجیاکردنەوەیە نێوان ئەم دوانە لەنێو بنەمای گەشەسەندنی دوور مەودادا شاردرابووەوە، بۆیە پێویستە دەستبەرداری هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی بین لەنێوان ئابوری و کۆمەڵدا، چونکە بەم شێوەیەی ئێستا مەحاڵە. لەپشت رووە باتۆلۆژی قەیرانەکە چەندین ئەنگێزە هەیە، کە جەخت لەقەیرانەکە دەکانەوە، یان گەشەکردنی لەئایندەیەکی دووردا خێراتر دەکات.

- **ئەو رێگاچارانەی لەبەردەست دان چیە بۆ چوونە دەرەوە لەو قەیرانە؟**

– تەنها دوو رێگاچارە هەیە، یان دەبێت لەقەیرانێکەوە بەرەو قەیرانێکی

تر برۆین، تا دەگەینە دوا کارەسات، لێ ئەفسوس ئەمە نزیکترین ئەگەرە رووبدات، چونکە ئێمە بایەخ و گرنگی بەئایندە نادەین، بەڵکو کار لەسەر کەمکردنەوەی زیانەکان دەکەین ولەوەش تێدەگەین ئێمە گوزەرانێکی کەمتر لەوەی ئێستای خۆمان بۆمناڵەکانمان جێدەهێڵین، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی مهولی قەرزە گشتیەکانە.

رێگاچارەی دووەم: ئەو کۆمەڵگەیانەی پێی ئاشنابووین بوونی نەماوە، لێ بۆئەوەی دژایەتی جیهانگیری بکەین، ناتوانین پشت بە چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکان بکەین، بەڵکو بەتەنها پشت بە بانگهێشنکردنی پرانسیپێک دەبەستێت کەلەسەروو کۆمەڵگەوەیە، وەک پرانسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ کە ئێستا هەیە.

هەروەها پێویستە گۆڕانکاری ریشەیی لە فۆرمەکانی نوێبونەوەدا رووبدات، لێ پێویستە دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە بین، کە دەڵێت کلتور هەژموون بەسەر سروشتدا بکات. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئایکۆلۆژیای(لەچەمکە مرۆڤایەتیەکەی نەک ریشەییەکەی) ویرانکردنی جیهانی تەکنەلۆژی.

ئەمە تاکە رێگەچارەسەرەیە، لەپێناو دووبارە بیناکردنەوەی کۆمەڵگەدا، دەبێت داواکارییەکانی سروشت لەبەرچاوبگیرێت، لێ چەند توانستی بەجێهێنانی کردارمان بەسەر خودی خۆمان ودەوروبەرمان هەبێت ، ئەوا بەرپرسیارێتیمان زیاتر دەبێت.

- **ئایا پرسەکە پەیوەندی بە پێگەیشتنی نێوان مۆراڵ و پارە هەیە؟**

– بەڵێ مرۆڤ(مافی ئەوەی هەیە چەند مافێکی هەبێت)وەک هانا ئارێنت دەڵێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەوەیە قەیرانەکان فرێمان دەداتە رەوشی بێ یاسایی(لەدەرەوەی یاسادا). بۆیە دەبێت دژی ئەمە بوەستینەوە. نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، قەیرانەکە چەند زیاد بێت هەوڵدان شتێکی ئەستەم دەبێت. جیهانی ئێمە لەنێوان روبەروبوونەوەی دوو پرانسیپ دایە، کەهیچیان سروشتی کۆمەڵایەتی نییە، پرانسیپی یەکەم جیهانگیری ئابوری، ئەمەش پرانسیپێکی سروشتیە، دووەمیان پرانسیپێکی مەعنەوی رۆحیە. ئەم پرانسیپە پشت بە سروشتی هۆشی مرۆڤ دەبەستێت، کە مافی هەیە بەمانای بوونی هەیە. لەلایەک خودەکان هەڵگری مافەکانە، لەلایەکی تریش جیهانگیری کەدەبێت جلەوی بگیرێت.

***ئایا ئەم قەیرانەش کلتوریە؟**

– بەڵێ، چونکە یەکەمجار پرسەکە پەیوەندی بەمەعریفەوە هەیە. دووەم جاریش دەبێت لەو بەیەکگەیشتنە دروستکراوەی نێوان کلتور و کلتوری میللی دەربازبین. لەکاتێکدا ئەوە هەڵدەهێنجێنین فەرەنسا رۆژ لەدوای رۆژ لەجیهانێکدا دەژی کەلێی تێناگەین و بەسەرخۆیدا داخراوە. لێ رەوشی قەیرانەکە تاکەکان کەرت وپەرتدەکات، لەبونیدا هەست بە زەوتکردن دەکات، ئەمەش لەناوی دەبات وخراپی دەکات، کەئەمەش رەنگە هەموو کلتور لەناوببات. لەهەمبەر ئەم هێرشە گشتیە دا بۆسەر قەیران پێویستە، وەڵام گرنگ و کۆمەڵایەتی بێت، پێویستە قوربانیەکە ببێنە بکە، بەڵام ئەم قەیرانەی ئێستا لەقەیرانێک زیاترە، کار لەسەر ئەوە دەکات جۆرێک لەکۆمەڵگە بگۆڕدرێت بۆ جۆرێکی تر، ئەم گۆڕانکاریەش دەرەنجامی لەسەر کلتور دەبێت.

**• بێدەنگی رۆشنبیران چۆن شرۆڤە دەکەیت؟**

زۆرێک لەرۆشنبیران خۆیان تەسلیمی ئەو بیرۆکەیە کردووە، کەدەڵێت هەژمونێکی گشتگیر بەسەر لایەنی (کۆمەلایەتی)هەیە وناتوانین هیچ بکەین، تەنها پرۆتستۆکردنی ئەو هەژموونە نەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی خۆکۆژی سیاسی. هیچ شتێک ناکەین، چونکە بڕوامانوایە ناتوانین هیچ بکەین. لەگەڵ ئەوەی جموجۆلی بیروبۆچەنەکان، رێگابە هاتنە دەرەوەی شتگەلە نوێیەکان دەدات. لە رابردوودا زۆرێک لەرۆشنبیران کەوتنە هەڵەوە، بەوەی پاڵپشتی رژێمی سۆڤیەت و ماویان کرد، بەشێوەیەک رۆلی خۆیان لەبانگەشەکردن بۆ کردار بزرکرد. لێ ئەوان ئەو رۆڵەیان سستکرد وبیریان چوو ناتوانین دەستبەرداری بیرۆکە گشتیەکان ببین، لەپێناوی بیرکردنەوە لەجیهان دا. ئەمڕۆ فەرەنسا توشی نەزیف بووە، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای نیگەرانیە بێدەنگی رۆشنبیران نییە، بەڵکو بێدەنگی خودی قوربانیەکانە، ئەمەش جێگای سەرسورمانە.

**• قەیرانی سالی 1929 چەندین کتێبی لێکەوتەوە وزۆر رۆمانی کلیەسەندوی خستەوە، ئایا ئیمرۆ هەمان شت دەبینیت؟**

– سەبارەت بە سۆسیۆلۆژیا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت لەنوسینەکان و وێنەکان جێگای سەرنج بێت، کەبەگشتی دوورن لەکێشە ئابوریيە هەنوکەییەکان.

لەکاتێکدا سەرنج دەدەین رۆمان وشانۆ و سینەماو ڤیدیۆ و هونەری دەستی ومۆزیک و گۆرانی قسەناکەن تەنها بەکەمی نەبێت و بەدەگمەن نەبێ هیچ ئیلهامی لێ وەرناگرێت.ئەمەش وێنایەک لەزۆرێک وڵات دروستدەکات(لەفەرەنساش) کە هزر چەند لە واقیعی مێژووی دوور بکەوێتەوە بەهێزتر دەبێت.

***کلتوری جەماوەر لەم کایە نوێیەدا چی بەسەردێت؟**

–لەشارە گەورەکاندا کلتوری جەماوەر لەو شوێنانەدا گەشە دەکات، کەکلتوری تایبەتمەندی لاواز دەبێت. هیچ پارادۆکسێک نییە لەسەر جەختکردنەوە لەگەشەسەندنی کلتوری جەماوەری، کەهاوتەریبە لەگەڵ ناوازەیی کارو کردەوە کلتورییەکان، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتی وکلتوریە گەورەکان، بووە هۆی دروستبوونی شوناسە داخراوەکان، هەموان دەیانەوێت شوناسی دیاریکراوی خۆی خالی دەستپێکردن بێت.

**• لاوان لەم سیاقەدا چۆن هەلسوکەوت دەکەن؟**

– لاوان لەسەر بەکاربردن راهاتون، درک بەوە ناکەن چوونەتە نێو ژیانی گەورەکانەوە، لێ هەروەها پشت بەستن بەتواناکانی خۆیان پاشەکشە دەکات. لەبەرەنگاربوونەوەی ساتەوەختە هەنوکەییەکاندا روبەرووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە. لێ پارە و سێکس و چێژ وەرگرتن، تەنانەت لەرێگای مادە هۆشبەرەکانیشەوە، کورتکراوەتەوە لەزۆرترین شێوە هەنوکەییەکاندا. بەڵام هەموو شتەکان چەوسێنەر نین، لەکێشمەکێشی ئەو ئاڵوگۆڕییە کلتوری و بەهایانەدا ولەسەردەمی ژمارەیی ومۆدە نوێیەکانی پەیوەندیدا، لێ لاوان هەوڵدەدەن خۆیان ئەو ئەزموونە کەسیە بژین لەبری ئەوەی بەشداری لە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان دا بکەن، بەم شێوەیە لاوانێکم بینی بەدەوری جیهاندا دێن و دەچن، ئەوانی تریش دەچنە بزوتنەوە سەندیکاییەکان.

**• سەبارەت بە بەکاربردن هەڵوێستت چیە لەبری خوێندنەوە روو کراوەتە ئامرازە ژمارەییەکان؟**

– هەرچی رووبدات بەردەوام دەبم لەسەرخوێندنەوە، بەڵام باش لەوە ئێدەگەم ئەمڕۆ زیاتر وتار لەسەر ماڵپەری ئەنتەرنێت دەخوێندرێنەوە، بەبەراورد بە رۆژنامە، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە نییە چارەنوسی خامە و کتێب



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بزر دەبێت. لێ گۆڕانکارییەکی گرنگ هەیە سەبارەت بەم رووداوە، ئەمەش بەڵگە نەویستە، بەڵام بەگشتی دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای نوێ بەزەرورەت نابێتە هۆی بزربوونی تەواوی شتە نوێیەکان.

**• لەکتێبی (پۆست قەیران) بۆ هونەرمەند (بییر سولاج) دەگەڕێیتەوە، بۆچی؟**

– (پۆست رەشبینی) کە سولاج دۆزیبوویەوە، وەڵامێکی باشە بۆ کارەساتی رەشبینی قەیرانەکە. لێ ئەوەمان نیشاندەدان دەستبەرداری ئەوەبین، کە بەروناکیەوە گرێمان دەدات، و بەو شتانەی روناکی بەشێوەیەکی بابەتیانە دەیبەخشێت. سولاج هانمان دەدات بۆ پەڕینەوە لە دیواری رەشبینی، بۆئەوەی رەنگدانەوەی روناکی لەسەر پەراوێزی تەختەکانی رەشبینی ببینین، واتە بینینی روناکی لەپشت رەشبینیەوە، بەم جۆرە دەبێت ببینین، دەبێت پشت قەیرانەکە ببینین.

**سەرچاوە:**

– رۆژنامەی ئەلعەرەبی قەتەری

http://www.alarab.com.qa/details.php?docId=167630&issueNo=1113&secId=19

# ئالان تۆرین:

## له ئێستادا ئەمریکا رووبەرووی جەنگێکی دەروونی دەبێتەوە

**له ئینگلیزییەوە : شاسوار کەمال محمود**

**پێشەکی:**

کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەڕەنسی و جیهانی (ئالان تۆرین) له چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (euronews)دا ئەوە ڕادەگەیەنێت، که زیادەڕۆیکردنە ئەگەر هەموو کردەوەیەکی تیرۆرستی بدەینە پاڵ ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها باس لەوە دەکات ئەوروپا گرفتی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ئیلامیدا هەیە و پێیوایە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، دەبێتە ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم گرفتە.

ئـالان تۆرین که خاوەنی 40 کتێبە له ساڵی 2009 دا سەرپەرشتی دانیشتنەکانی یەکێتی ئەوروپای کرد، که تایبەت بوون بە کەیسی ئیسلام. ناوبراو خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانیە بەرامبەر کارەکانی لە بوارەکانی پەیوەندییەکان و مرۆڤاییەتیدا. کارەکانی تۆرین باسکردنە لە گەشەسەندنەکانی مرۆڤایەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی، هەروەها باسکردنی ژیانی مرۆڤایەتی له ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

***Euro news: _ بەڕێز تۆرین بەخێربێیت و زۆر سوپاست دەکەین کە داوەتەکەی ئێمەت قبوڵ کرد.**

– ئالان تۆرێن: من سوپاسی ئێوە دەکەم.

***Euro news: _ ئەگەر سەیری ئیسلام و موسڵمانان بکەین ئەوا ڕاستەوخۆ مانای تیرۆر و تیرۆریزم دەگەیەنێت؟**

– ئالان تورێن: پێویستە لەو بارەیەوە زیادەڕۆیی نەکەین، مەیلێکی لەو جۆرە بوونی هەیە، لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە تیرۆریزم بووەتە سەردێڕی هەواڵەکان، ئەگەر هێرشەکە زۆر بچووکیش بێت، بۆ نموونە تەقینەوەیەکی خۆکوژی یەکسەر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە.

***Euro news: _ ئایا ئەمە هەڵەی میدیایە ؟**

– ئالان تۆرین: نەخێر، نەخێر .... بەڵام ڕوداوە رادیکاڵیەکان هەمیشە

لەبەرچاون.

***Euro news:_ باشە، دەتوانیت بڵێین کە ئایین وەک زەنگێک، یاخود ئاماژەیەک سەیردەکرێت؟ من لێرەدا باس لەو ڕیفراندۆمەی سویسرا دەکەم، دەربارەی بوونی منارەی مزگەوتەکان، هەروەها دەربارەی ئەو دیبەیتەی دەکرێت لەسەر کتێبێک لە فەرەنسا؟**

– ئالان تۆرین : من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو موسڵمانانەی لە فەرەنسا دەژی کە ژمارەیان 5–6 ملیۆن کەس دەبێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە، هیچ پەیوەندییەکمان بەم شتەوە نییە ، بەڵام لەوانەیە ژمارەیەک کۆببنەوە با بڵێین 2000–3000 کەس کۆدەبنەوە، ئەمەش شتێکی ڕێگەپێدراوە، ئەوانە لەسەر هیچ شتێک ساغ نەبوونەتەوە، لەناو 5–6 ملیۆندا ئەمە شتێکی ئەوتۆنییە .لە ئەوروپا دین، سیاسەت، ئابووری لێک جیاکراونەتەوە، کاتێک دەڵێیت ئیسلام و پێمانوابێت هەموو ئەمانە پێکەوە گرێدراون هەروەک هنتگتۆن لە پێکدادانی شارستانیەکاندا باسیدەکات، ئەمە وانیە، چونکە هیچ کۆکوتلەیەک نییە هەمووی ئیسلام بێت و ئەوی دیش هەموو مەسیحی، پێویستە تەبەنی ئەم چەمکە دەربارەی ئاین لە کۆمەڵگەدا بکەین.

***Euro news:_ ئایا ئێمە لەماوەی داڕووخانی کۆمەڵایەتیدا ناژین؟**

– ئالان تۆرین: ڕاستەوخۆ وەڵامتدەدەمەوە بە نەخێر، ئەویش لەبەر دوو هۆکارە: یەکەم هیچ قەیرانێکی جیهانی سەرتاسەری بوونی نییە. دووەم، دنیا بەردەوامە و لەبەرەو پێشچوندایە، سەیرکە ئەفریقا زۆر بەباشی بەرەوپێشەوە دەچێت.

***Euro news:_ من مەبەستم لەبەهاکانە؟**

– ئالان تۆرین: ئەوەی باسیدەکەیت شتێکی ڕۆشن نییە. با باس لەوە بکەین کە جیهان (جگە لە ئەوروپا) لە ڕووی ئابووریەوە بەرەو پێش دەڕوات، تەنانەت ئەمریکیەکانیش جارێکی دیکە هەستانەوە سەرپێ دوای داڕووخانی دارایی وڵاتەکەیان، بەڵام ئەوروپا سەرەتا لە یۆنان، جارێکی دیکە لە شوێنێکی تر.... نیشاندەری ئەوەیە توانای بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نییە. جوان سەیر بکە، هیچ گرفتێکی سەرتاسەری بوونی نییە، ئەگەر گرفتێک بوونی هەبێت،

ئەوە گرفتێکی ئەوروپیە... ئەم تێگەیشتنە وردترە. یەکێتی ئەوروپا هێزێکی بچووکە، تەنانەت بەراورد بە ئەمریکا و چین و هیندستان هەر بوونی نییە، ئەمە یەکەم. دووەم شت کە نیشاندەری ئەوەیە، کە گرفتێکی جیهانی بوونی نییە ئەوەیە لە ساڵی 2009 دا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا توانیان پارە دانراوەکانی خۆیان بەکاربهێنن بۆ خۆدورخستنەوە لە لاوازبوونی ستانداردەکانی شێوازی ژیانیان، هەر بۆ نموونە ساڵی 2009 گەشەی ئابوری لە فەڕەنسا زۆر لاواز بوو، بەڵام نەگەیشتە ئاستی قەیران.

**Euro news*:_ باشە، با جارێکی دیکە بگەڕینەوە بۆ باسکردنی ئاین، دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کار لەسەر دیاردەی بەکارهێنانی خاچ لە خوێندنگەکانی ئیتاڵیا دەکات، ئەم حاڵەتە لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟**

– ئالان تۆرین: زۆربەی ئیتاڵیە میانڕەو و موحافزکارەکان پێیانوایە، خاچ هێمایەکی نەتەوەییە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە.خاچ بەکارهێنان هێمایەکی نەتەوەیی نییە .

**Euro news*:_ ئەوە بەشێکە داب و نەریتی ئێمە، تەقالیدی ئیتاڵی؟**

– ئالان تۆرین: خاچ بەشێکە لە داب و نەریتی فەڕەنسی، داب و نەریتی ئەڵمانی، داب و نەریتی ئینگلیزی.... ئەگەر بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە ئیتاڵییەکان بە تەنها خاوەنی ئاینی مەسیحی نین. ئیتاڵیەکان پاپایان هەیە (بە پێکەنینەوە با بۆ خۆتان بێت، ئێمە نامانەوێت، بەو شێوەیە باشترە) .

بەڵام ئەگەر دەپرسی ڕای من چییە لەسەر بەکارهێنانی خاچ؟ من پێندەڵێم، من کەسێکی فەڕەنسی عەلمانی ڕاستەقینەم، پێموایە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەمڕۆمان زۆر گرنگە، هاوکات خاچ بەکارهێنان هێمایە بۆ ئەو ئازارەی کە کڵێسای کاسۆلیکی بەسەری هاتووە لە ژیانی گشتی ئیتاڵیادا.

**Euro news*: _ تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بە بۆچوونی هەندێک لە شرۆڤەکاران ئەوەی ڕێگرە لەوەی تورکیا ببێتە ئەندام لەم یەکێتیە ئەوەیە، تورکیا وڵاتێکە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، ئایا تۆش هەمان بۆچونت هەیە؟**

– ئالان تۆرین: ئەوەندەی من ئاگاداربم، پرەنسیپی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا قۆناغی دەنگدانی تێپەڕاندووە، بۆیە ئەوەی ماوەتەوە تەنها ئەوەیە کە وادەکەین تورکیا چاوەڕوان بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە داواکەی ڕەتکراوەتەوە. زۆربەی وڵاتان حەز بە ئەندامبوونی تورکیا دەکەن، تەنها چەند وڵاتێک نەبێت لەوانە فەرەنسا و ئەڵمانیا بەتایبەتیش فەرەنسا لەبەر هۆکاری شەخصی، کە تایبەتن بە سەرۆک کۆمار و پارتەکەی، ئەگەر لەمن دەپرسی، من یەکێکم لەوانەی سەرسەختانە بەرگری لەوە دەکەم تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.

**Euro news*: _ بۆچی؟**

– ئالان ترۆین : بە بۆچوونی من گەورەترین گرفتی ئەوروپا لە ئەمڕۆدا بریتیە لە پەیوەندی ئەوروپا لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا. ئەمریکییەکان پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا پەیداکردووە لە ڕێگای وڵاتانی عەرەبییەوە، ئەو وڵاتانە ناحەزیان بەرامبەر ئەوروپا هەیە، هەرگیز پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئەوروپادا نەبووە، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە ناحەزی سیاسی و کلتوریان بەرامبەر ئەوروپا هەیە، بەڵام تورکیا وڵاتێکە هەرگیز داگیرنەکراوە، ئەو شوێنانی دیکەی داگیرکردوە، بەڵام بۆخۆی هەرگیز داگیرنەکراوە، هەروەها تورکیا بەردەوام وڵاتێکی بەهێزبووە، تەنانەت تورکیای نوێ دوای کەمال ئەتاتورک، بۆیە پێموایە ئەوروپا لەسەر ئاستی دنیا وجودی زیاتری دەبێت، ئەگەر بتوانێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان بەشێک لە جیهانی ڕۆژئاوا و بەشێک لە جیهانی ئیسلامی، کە لە ئێستادا ئەمریکییەکان تووشی جەنگێکی ئابڕووبەرانە بوونەتەوە.

**Euro news*: _ زۆر سوپاس ئالان تورێن.**

– ئالان تۆرین: زۆر سوپاس

سەرچاوە :
کەناڵی تەلەفزیۆنی euronews



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئەوروپاو ئیسلامۆفۆبیا
# گفتوگۆ لەگەڵ ئالان تۆرین

لە ئینگلیزیەوە: بڕوا عەلادین- بەریتانیا

بەم دواییانە، سۆسیۆلۆژی فەرەنسی ((ئـالان تۆرین)) سەرپەرشتیاری دانیشتنێکی ئەنجومەنی ئەوروپای کرد دەربارەی بابەتی ئیسلامۆفۆبیا (واتە تۆقین لە ئیسلام). تۆرینیش وەک سۆسیۆلۆژی بەریتانی ((زیگمونت باومان)) بەهۆی چالاکی و کارەکانی ئەمساڵیەوە لە بوارەکانی کۆمیونیکەیشن و زانستە مرۆییەکاندا، خەڵاتی ئەستۆریاسی پێبەخشرا. ئالان تۆرین خاوەنی 40 کتێبە و دەیەوێت بەهۆی وەسفکردنی پەرەسەندنی سەردەمی پاش قۆناغی پیشەسازییەوە، کەمێک تیشک و ڕۆشنایی بخاتە سەر بابەتەکانی جیهانی ئەمڕۆمان.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: دەتوانین بڵێین ئایین بووە بە جۆرێک لە زەنگێکی مەترسیدار و ئاماژەی وریاکەرەوە، من بیر لە ڕیفراندۆمەکانی سویسرا دەکەمەوە، سەبارەت بە مزگەوتەکان، یان ئەو مشتومڕەی لە فەرەنسادا دەربارەی بوونی جبەی سەراپاپۆش (بورقە) لە ئارادا بوو؟**

-تۆرین: بەڵێ، لەڕاستیدا من لەگەڵ ئەم بۆچوونەتدا کۆک و تەبا نیم، چونکە زۆرینەی زۆری موسوڵمانان لە فەرەنسادا ـ کە ڕێژەیەکی زۆرن و نزیکەی پێنج بۆ شەش ملیۆن کەس دەبن ـ ناتوانن هیچ بەرامبەر ئەمە بکەن. وا زۆر زۆر ڕۆیشت و گەیشتە ئەوەی (بورقە)یان پۆشی (جبەیەکی سەراپاپۆشە، کە تەنانەت چاوی ئافرەتەکەش دیار نیە. و.ک)، بەڵام تا ئەم کاتەش مەسەلەکە زیاتر پەیوەندی بە نیقابەوە هەیە (نیقابیش هەر پۆشاکێکی سەراپاپۆشە، بەڵام چاوەکانی ئافرەتەکە دیارن و.ک). با بڵێین نزیکەی دوو بۆ سێ هەزار کەس پۆشیویانە، کە دیارە ئەمەش بۆ خۆی هەر زۆرە، بەڵام بەو مانایە نییە کە بڵێیت نیوەی ئەو شەش ملیۆنە (واتە سێ ملیۆن ئافرەت) پۆشیویانە، گەر وا بوایە ئەو دەمە جیاوازیەکە زۆر زۆر دەبوو. ئێمە لە ئەوروپا بەپێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی ئایین و ئابوری و سیاسەت لە یەکتری دەژین. کاتێک تۆ دەڵێیت ئیسلام، ئەوا هەموو ئەو لایەنانەت وەک یەک یەکەی یەکگرتوو تێکەڵ بە یەک کردوەتەوە، ڕێک وەک ئەوەی ساموێل هینگتنۆن

لە تیۆرەکەیدا سەبارەت بە ململانێی ژیارەکان دەیکات. نا، بە ڕای من شتێکی تۆکمە و یەکانگیر و یەکگرتوو نیە ناوی ئیسلام بێت، وەکچۆن شتێکی مەتین و توندوتۆڵیش بەناوی مەسیحیەتەوە بوونی نیە. بە ڕای من، باشتر وایە ئەو لایەنە ڕاستەوخۆیەی ئاینەکان بخەینە لاوە.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: بە ڕای تۆ ئێمە لە قۆناغی جۆرێک لە کارەساتی کۆمەڵایەتیدا دەژین؟**

-تۆرین: گوێبگرە، من دەڵێم نەخێر وا نییە، چونکە دەمەوێت لەم پرسیارە دەرچم، ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، جارێ شتێک نیە ناوی کارەسات بێت لە سەرتاسەری جیهاندا. بە پێچەوانەوە، جیهان گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، بڕوانە ئەفریقا چۆن گەشەدەکات و هەڵدەکشێت.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: بەڵام من مەبەستم لە کارەساتی بەهاکانە... ؟**

تۆرین: ئەمەیان تا ڕادەیەک ئاڵۆزە. تۆ بڵێ هەموویان لە گەشەدان بەتەنها ئەوروپا نەبێت! ئەگەر نا لەسەر ئاستە ئابوریەکە، جیهان گەشەیکردوە و بەرەو پێشچونی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، تەنانەت ئەمریکیەکانیش دوای ئەو قەیرانە داراییە گەورەیە توانیان خۆیان ڕێکبخەنەوە و تێی بپەڕێنن. کەچی لە بەرامبەردا، ئەوروپا ساڵی 2010 سەرەتا بە قەیرانەکەی یۆنان دەستی پێکرد، پاشتریش هەندێک وڵاتی تر، کە دەرکەوت بەرگەی ئەو قەیرانە داراییە ناگرن و کێشەکانیان بۆ چارەسەر ناکرێت، کەواتە شتێک نیە ناوی کارەساتێکی گلۆباڵ و جیهانی بێت، ئەگەر کارەساتێک هەبێت، ئەوە کارەساتێکی ئەوروپیە نەوەک هی وڵاتانی تر. ببینە، یەکێتی ئەوروپا هیچ کاریگەرییەکەی لەسەر جیهان نەماوە، لە کاتێکدا ئەمریکا نمونەی بەرجەستەکەری دەسەڵاتە، تەنانەت چین و هیندیش دەسەڵاتیان لە زیادبووندایە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بە ڕای من بۆ ئەوروپاش نەدەبووە کارەسات، گەر لە ساڵی 2009 دا وڵاتانی تر کەمێک لەکەرەستە عەمارکراوەکانی خۆیان بەگەڕبخستایە، بڕێک پارەیان بدایە و کۆمەکی ئەو وڵاتە لاوازانەیان بکردایە، تا لەو قەیرانە دەربچن. بۆ نمونە ساڵی 2009 لە فەرەنسا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپادا، سستیەک و جۆرێک لە لاوازی لە گەشەکردندا دەبینین، بەڵام کارەسات نییە. وا دیارە ساڵی 2010 خراپتر ببێت.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی ئایین. دادگای ئەوروپی**

**بۆ مافەکانی مرۆڤ سەرقاڵی تاوتوێکردنی بڕیارێکە سەبارەت بە دانانی سیمبولی خاچ لە خوێندنگەکانی ئیتاڵیادا. ئایا خاچ بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟**

-تۆرین: بەڵێ، بەشێکی زۆر لە پەڕگیر و کۆنزەرڤاتیڤەکانی ئیتاڵیا دەڵێن خاچ سیمبولێکی نیشتمانییە... بەدڵنیاییەوە ئەمە شتێکی قێزەونە. خاچ سیمبولێکی نیشتمانی و نەتەوەیی نییە.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: ئەوە بەشێکە لە نەریتی ئێمە، لە نەریتی ئیتاڵی؟**

-تۆرین: بەڵام گەر مەسەلەکە وا بێت، خۆ بەشێکە لە نەریتی فەرەنسییش، ترادسیۆنی ئەڵمانی و ئینگلیزییشە. ئیتاڵیەکان بەتەنیا خاوەنی مەسیحییەت نین. ئەوان خاوەنی پاپان و بەس ـ خودا پاپایان بۆ بپارێزێت ـ هی خۆیانە، ئەوەش شتێکی باشە، چونکە بۆ ئێمە وا باشترە، کە خاوەنی پاپا نەبین،بەڵام گەر لە من بپرسی وەک خۆم کە داخۆ خاچ چ مانایەکی بۆ من هەیە: ئەوا پێتدەڵێم کە من سێکیولارێکی ڕاستەقینەی فەرەنسییم، پێشمولایە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت یەکێکە لە بنەماکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانی ئەمڕۆ. ئەو خاچە هیچ مانایەکی نیە، جگە لەوەی کە لەمڕۆدا کەنیسەی کاتۆلیکی دەستی ناوەتە بینی ژیانی گشتی خەڵکی ئیتاڵیا.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: سەبارەت بە هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا: بە ڕای هەندێک لە لێکۆڵەرەوە و شیکەرەوەکان، ئەوەی کە وا ناهێڵێت تورکیا بێتە ناو یەکێتی ئەورووپاوە ئەوەیە کە، زۆرینەی زۆری دانیشتوانەکەی موسوڵمانن. ئایا تۆش ڕاتوایە؟**

-تۆرین: ئەوەندەی من بزانم پرەنسیپی هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا لە ئەوروپادا دەنگی لەسەر دراوە، هەر بۆیە ئێمە وامانکردوە تورکیا چاوەڕوان بێت. نابێت بڵێین ئەوە بەمانای ڕەتکردنەوە دێت. دیارە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ڕازین بە هاتنی تورکیا، ئەوەی کە ناڕازیە فەرەنسا و ئەڵمانیان، بەتایبەتی فەرەنسا کە هەستدەکەم زیاتر پەیوەندی بە مەسەکەیەکی تاکەکەسی سەرۆکی فەرەنسی و حیزبەکەیەوە هەی. من خۆم لەو کاتەوەی کە خوێندکار بووم یەکێک بووم لە سەرسەختترینی داکۆکیکاران لە هاتنی تورکیا. بۆچی؟ چونکە بەڕای من کێشەی هەرە گەورەی ئێستای ئەوروپا بریتیە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی. ئەمریکا لە ڕێگەی وڵاتە عەرەبیەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی

ئیسلامیدا دروستکردوە، ئەو وڵاتانەی ڕۆژگارێک ژێردەستە و ناوچەی کۆڵۆنیکراوی ئەوروپییەکان بوون و ڕق و کینەیان بەرامبەر بە ئەوروپییەکان هەبووە ، وەک چۆن هەرگیز نەشیانتوانیوە خاوەن دەوڵەتێکی بەهێزبن، هەر بۆیە دەبینیت کە ئەوانە خاوەن ڕقێکی کولتوریی و سیاسی توندن بەرامبەر بە ئەوروپا، بەڵام تورکیا جیایە، چونکە وڵاتێکە هەرگیز کۆڵۆنیالیزە نەکراوە، تورکیا خۆی کۆڵۆنیزەی خاک و وڵاتانی تری کردوە، لێ خۆی هەرگیز کۆڵۆنیزە نەکراوە هەمیشە بەهێز بووە وەک وڵات، سەرباری ئەوەی کە مۆدێرنیش بووە، هەر لەو سەردەمەوەی کە لەگەڵ کەمال ئەتاتورکدا دەستپێدەکات، هەر بۆیە بەڕای من ئەوروپا لەسەر ئاستی جیهانی بوونێکی دەبێت، ئەگەر هاتو توانی پردێک لە نێوان جیهانی ئیسلامی و بەشێکی خۆرئاوادا دروستبکات، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ئەمریکا بەدەست جەنگێکی شەرمهێنەر و ئابڕووبەرەوە گیرۆدەیە و وا زوو لێی نایەتە دەرێ. من پێموایە ئەمە هەلێکی گرنگە بۆ ئەوروپا.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: ئەمڕۆ هەر کە باسی ئیسلام و موسوڵمان دەکەین، ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی خۆوەکیانە دەمانبەستێتەوە بە ماناکانی تیرۆر و تیرۆریستانەوە؟**

-تۆرین: با زیادەڕەوەی نەکەین، دیارە جۆرێک لە خولیا و کەڵکەڵە بۆ ئەم جۆرە پێناسە و مانایە لە ئارادایە، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە و ساکار، لەبەرئەوەی تیرۆریزم خۆی مانشێتێکی بەردەوامەو هەمیشە لە سەردێڕی هەواڵەکاندایە. بچوکترین هێرش، یان تەنانەت کردەوەیەکی خۆکوژییانەی تاکەکەسییانەش، ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و بە تیرۆریزم ناو دەبرێت.

***سیسیلیا کاسیۆتۆ: کەواتە بەڕای تۆ ئەوە بەتەنها هەڵەی میدیایە؟**

-تۆرین: نا ، نا. مەسەلەکە بەتەنها ئەوەیە کە دۆخی توندڕەویی هەمیشە بەرچاو و دیارترە و زیاتر تیشکی لەسەرە.

**سەرچاوە:**

- دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لە بەرواری 2\7\2010، لە لایەن تەلەڤزیۆنی (euronews) ەوە لەگەڵ ئالان تۆرین سازکراوە و لەماڵپەڕی ئیفیەکەوە وەرگیراوە:

/alain-touraine-on-europe-and-islam/02/07/http://www.euronews.com/2010

# ئاکسیۆنالیزم و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

گی رۆشە
لە فارسییەوە: سەلاح مورادی

**پێناسەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی**

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێکخراوێکی بەتەواوی تۆکمە و دیاریکراو، کە بە مەبەستی داکۆکی یان پەرەپێدان یان دەستڕاگەیشتن بە ئامانجگەلێکی تایبەت گرووپبەندی دەکات و ئەندامانی ڕێک دەخات.

ئەوەی کە بە شێوەی بنەڕەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات، داواکاربوون و بانگەشەکەربوونیەتی کە هەوڵی ناساندن و سەرخستنی ئایدیاکان و قازانجەکان و بەهاگەلێکی ڕووندەدا. لەم پێناوەشدا بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ئەندامان و تێکۆشان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، هەروەها بژاردەکانی کۆمەڵگەدایە. ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن و وەک نموونە دەتوانین لە گۆڕین یان ڕووخانی سیستمی هەنووکەوە بگرە، تا قەدەغەکردنی خواردنەوە کحوولییەکان، قەدەغەکردنی سزای ئێعدام، یان قەدەغەکردنی چەکە ئەتۆمییەکان و بەفەرمی ناسینی مافە یاسایی و سیاسییەکانی ژنان و هتد... ناو ببەین. ئەو کەرەستانەی کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، جیاوازن، بە جۆرێک کە لە تەبلیغاتی سادە و خستنە ژێر گوشاری بیروڕای ئەندامانی کۆمەڵگەوە بگرە تا توندوتیژی، لە خۆدەگرن. بەهەرحاڵ بەدوور لە ئامانجەکان و کەرەستە بەکارهاتووەکان، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە بە بنەمایەکی هزریی نوێوە دەناسرێ.

بنەما سیانییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بۆچونی تۆرین.

بەپێی بۆچونەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمایەکی سیانی دارێژراون کە لە ڕاستیدا هۆی هەبوونیانە و ئاراستە بە کردەوەکانیان دەدا. تۆرین ئەو بنەمایانە بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوە:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**·1 بنەمای شوناس:**

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سەرەتا دەبێ خاوەنی شوناسێک بێ، واتە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ ئەوە روون بکاتەوە کە لە چ کەسانێک پێک هاتووە، وتەبێژی چ کەسانێک یان چ گرووپگەلێک لە خەڵکە و داکۆکیکار و پارێزەری چ بەرژەوەندیگەلێکە. بەم پێیە لێرەدا گرووپێک دەبینرێ کە داواکارە و بەدوای بەدەستهێنانی شتێکەوەیە و ئەم گرووپە لە راستیدا بۆ پێناسەی خۆی، خۆی بە وتەبێژ و داکۆکیکاری کۆمەڵێکی تایبەت لە قەڵەم دەدا. وەک کرێکاران، ژنان، جووتیاران و هتد...

یان بزووتنەوە لەوانەیە نوێنەر و وتەبێژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی گشتی بێ، وەک بزووتنەوە نەتەوەیی یان ناسیۆنالیستییەکان.

هەروەها بزووتنەوە لەوانەیە نوێنەری شێوەگرووپێک بێ، وەک بزووتنەوەی بەکارهێنەران، بەم پێیە بۆ فامکردنی خەسڵەت و کردەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، پرسیارگەلێک بە شێوەی خوارەوە دێنە ئاراوە:

1–بزووتنەوە ناسێنەری چ کەسانێکە؟

2–بە ناوی چ کەسانێکەوە دەدوێ یان بانگەشە دەکات، تەبێژی چ کەسانێکە؟

3–داکۆکیکار و پارێزەری چ بەرژەوەندیگەلێکە؟

**·2 بنەمای دوژمنی یان دژایەتی**

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە بەرانبەر جۆرێک بەربەست یان هێزێکی خۆڕاگردا راوەستاوە و بەم هۆیەوە هەمیشە لە هەوڵی تێکشکانی دوژمن یان دوژمنگەلێکدایە و بەم پێیە، بزووتنەوی کۆمەڵایەتی وەک پێویستییەک رکەبەری هەیە، بەڵام دوژمنایەتی، دووهەمین بنەمای هەبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە و بێ ئەو، بزووتنەوی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بوونی هەبێ، یان بە وتەیەکی دیکە ئەگەر دیاردەیەکی بەکۆمەڵ یان هاوچەشن بوونی هەبێ، ناتوانین وەک بزووتنەوەیەک لەبەرچاوی بگرین. چونکە لەم شێوەیەدا بزووتنەوە لەوانەیە وەک حیزبێکی باڵادەست بە ئامانجی خۆی گەیشتبێ و لەسەر کورسیی دەسەڵات

دانیشنێ، یان فۆرمی دامەزراوەیەکی جێگرتووی بەخۆوە گرتبێ، کە ئیدی بە بزووتنەوە ناژمێردرێ، چونکە ناوەڕۆکی خۆی لە دەستداوە.

**3.بنەمای گشتگیری**

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە ناوی بەها سەرترەکان، بیرۆکە گەورەکان، فەلسەفە یان بیرۆکەیەکی مەزهەبییەوە دەست پێدەکات. کردەوەکانی سەرچاوەگرتوو لە هزر و بڕوایەکە، کە تا ئاستی لواو هەوڵی پەرەگرتن و پێشکەوتن دەدا. تەنانەت لەو بوارانەشدا کە بزووتنەوە، ناسێنەر یان نوێنەر و داکۆکیکاری گرووپێکی تایبەتە، بە ناوی بەها و هەقیقەتە جیهانییەکان کە لەلایەن مرۆڤەکان یان لە ڕێگەی گشت کۆمەڵگەوە ناسێنراون و وەرگیراون بانگەشەی خۆی دەست پێدەکا. بەم پێیە، ئەو هۆیانەی کە کردەوەکانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فۆرم پێدەدەن لاوانەیە بە شێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ئازادیی مرۆڤایەتی، خۆشبژێوی و بەختەوەریی گشتی، مافە مرۆڤییەکان، لەش ساغیی گشتی، ویست و فەرمانی خواوەندی و هتد بێ. ئەمانەش ئەو تایبەتمەندییەن کە تۆرین بە «بنەمای گشتگیری» ناویان لێدەنێ.

بنەمای گشتگیریش، وەک دوو بنەمای پێشوو بۆ ناسینی خەسڵەت و لاگیری (لایەنگیری)ی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە و بەم هۆیەوە گۆڕان لە لایەنگیریی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەزۆری لەگەڵ گۆڕان لە بنەمای گشتگیریی ئەودا هاوڕێیە بە شێوەیەک کە بۆ نموونە بزووتنەوەیەکی نیشتمانپەرەستانە سەرچاوەگرتوو لە مەزهەب، ئەگەر بەرەو لای مەزهەبی بڕوات، باسکردن لە «داوا یان ویست و ئارەزووی خواوەندی» وەلا دەنێ و لە چەمکی دینامیزمی مێژوو دەدوێ و لەهەمانکاتیشدا ناوەڕۆکی خۆی لەدەستدەدا.

ئاکسیۆنالیزم1 (کردەوەگەرایی) و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

ئالان تۆرین2، کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرەنسی، خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و لەم خوێندنەوەیەی خۆیدا بۆ ڕاڤەکردنی کردەوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پێکهاتەی ئەوان، بۆچوونێکی هێناوەتە ئاراوە، کە ناوی ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیی بۆ داناوە. ئەم ڕاڤەیە

پشتئەستوورە بە ناسین و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بەهاکان و هۆکانی بوونی ئەوان و چۆنیەتیی کاریگەرییان لە پێکهاتنی کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکاندا.

تۆرین بە هێنانەئارای ئەم لێکدانەوەیە، ئەو بابەتەش وەبیر دێنێتەوە، کە ئەو بەتەما نییە بەربەرەکانێ لەگەڵ رێبازە هاوشێوەکاندا بکات و نایەوێ کە راڤەی ئاکسیۆنالیستیی خۆی لە بەرانبەر لێکدانەوە کارکردگەرا و پێکهاتەگەراکاندا دابنێ، چونکە شێوازی خوێندنەوەی هەر کام لەم رێبازانە جیاوازە. ئەگەر لە فونکسیۆنالیزم (کارکردگەرایی) و ئێسترۆکتۆرالیزم (پێکهاتەگەرایی)، داتاکان و زانیارییەکانی پێوەندیدار بە بەها ئاراییەکان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، ئاکسیۆنالیزم بە چاوگە و بنەڕەت و سەرچاوەی ئەم بەهایانەوە خەریکە. بەم پێیە تۆرین لە راڤەی ئاکسیۆنالیسنیدا بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگییەکی بەرچاو و تایبەت دادەنێ، بە شێوەیەک کە ئەم بزووتنەوانە وەکو پێگەیەک تێدەگات، کە دەبنە هۆی ئافراندن و پاساودانی بەها نوێکان و بەم پێیە بزووتنەوەکان لە لێکدانەوەی کارکردی مێژوویی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بابەتی سەرەکی و ناوکی ناوەندیی ئەم خوێندنەوانە پێکدێنن و لە بنەڕەتدا لەم بزووتنەوانە و بە هۆی ئەم بزووتنەوانەوەیە کە ئەکتەرانی داهێنەر، کردەوەی خۆیان رێک دەخەن و بۆ گۆڕین و خستنە ژێر باندۆری رەوتی مێژووی کۆمەڵگەی خۆیان، هەوڵدەدەن.

## فرەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

لە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، جۆراوجۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا فرە زۆرە و ئەم جۆراوجۆرییەی بزووتنەوەکان لە کۆمەڵگەکاندا، پێوەندی بە ژمارەی بژاردەکانەوە هەیە. لە کۆمەڵگە کەوناراکاندا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەم و زۆر بوونیان نەبووە یان دەگمەن بوون. لەکاتێکدا لە کۆمەڵگە وەرزێڕییەکاندا زیاتر دەبینرێن، کە لە راستیدا لە راپەڕین و سەرهەڵدانە جووتیارییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەم جۆرە کۆمەڵگەنەشدا ئەم بزووتنەوانە کورتخایەن و زووتێپەڕن، بەتایبەت بەو هۆیەوە کە ئەم بزووتنەوانە بە پێچەوانەی کۆمەڵگە شارییەکان، بە بەشێکی بەردەوام لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە جووتیارییەکان ناژمێردرێن.

کردەوە سیانییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانین ئەم سێ کردەوەیەی خوارەوە ببینین:

1-کرداری پێوەندیدەر یان نێوجیکەر بوون.
2-کرداری پێکهێنان و بردنەسەرەوەی ئاگایی بەکۆمەڵ.
3-کرداری پێکهێنانی گوشار.

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک هۆکاری پێوەندیدەر، یان نێوجیکەر**

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ وەک هۆکارگەلێکی چالاک کە لە نێوان تاکەکان لە لایەک و پێکهاتەکان و راستییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی دیکەوە رۆڵی نێوجیکەریان وەئەستۆیە لە بەرچاو بگرین. ئەم ئەرکی نێونجیکەرییە بە شێوەکانی خوارەوە بەڕێوە دەچێ:

یەکەم ـ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی ناساندنی کۆمەڵگە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بە ئەندامانی خۆیان و ئەوانی دی، بە وتەیەکی دیکە، ئەم بزووتنەوانە هەندێ لە هەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکانیان تێدەگەیەنن. بەم پێیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو هۆکاری بوون بە ئەندامی کۆمەڵگە رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن.

دووهەم ـ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە کەرەسەیەکی کاریگەری پێوەندی لە بەشداریکردندا لە قەڵەم دەدرێن. کۆمەڵگەی شاری و پیشەسازی، بە هۆی پانتایی و فرەچەشنییەوە پێویستی بە بەشدارییەکی زیاتر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە و ئەم بابەتە بە نێرونەسەلی لە لایەن دورکهایمەوە لە بەرهەمی ناسراوی «دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی» روون کراوەتەوە. لە پێش گوتارێکی ناسراودا کە دوورکهایم بۆ چاپی دووهەمی ئەم کتێبە (مەبەست کتێبی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی گی رۆشەیە) نووسیویەتی، گرنگیی گرووپەکانی پێوەندیدەر (واستە) کە ئامانجیان بە ئەندامی کۆمەڵگەکردن و تواندنەوەی تاک لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدایە روون کردوەتەوە و بەپێی بڕوای ناوبراو ئەم کارە پێوەندی بە یەکگرتوویی ئۆرگانیکییەوە هەیە. لەم دواییانەدا دانیەل لێرنێر3 خەریکی روونکردنەوەی ئەو بابەتە بووە کە

لە تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن، ئەندامانی کۆمەڵگەیەک دەبێ شیاوییەکان و ئەو لێهاتووییە نوێیانە بەدەستبێنن کە تواناییان پێدەدا خۆیان لەگەڵ جۆرگەلێکی ئاڵۆزتر لە بەشداریی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنن.

بەکورتی لە کۆمەڵگەی نوێدا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی شێوەی یەکێک لە گرووپە سەرەکییە نێونجیکەرەکانی بەخۆوە گۆتووە کە لە رێگەیەوە ئەندامانی کۆمەڵگە دەتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، یان بایەخ بە بیرۆکەکانی خۆیان بدەن و بەم پێیە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، لە جووڵەی مێژووییدا بەشداری بکەن.

**بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەکوو هۆکاری پێکهێنانی ئاگایی بەکۆمەڵ**

لە لایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پێکهاتنی جۆرێک ئاگایی بەکۆمەڵی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکدا یان لە بەشێکی تایبەت لە کۆمەڵگەدا. لە کاتێکەوە کە مارکس ئاگایی چینایەتی تاوتوێ کردووە، گرینگیی چەشنێک ئاگایی بەکۆمەڵی سیاسی لە گۆڕنکاریی کۆمەڵایەتیدا جەختی لەسەر کراوە.

سەرەڕای ئەوە کە ئەم چەمکە بەتەواوی لە تەمومژی بەدوور نیە، بەڵام بۆ خستنە بەردەست و روونکردنەوەی هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی کە راڤەکردنی دژوارە، لەوانەیە بتوانین دەستەواژەی «ئاگایی بەکۆمەڵی راستەقینە» بەکاربهێنین. کە پێوەندی هەیە بە کۆمەڵگەیەکەوە کە لە قازانجی خۆی دەگات و ئاگایی و شارەزایی تەواوی لێی هەیە و هەروەها بە هەڵکەوتێکەوە کە کردەوەکان پێک دێنێ و پێویستی بە گۆڕانکاری بەدیدێنێ.

لە راستیدا، ئەم کردارە دووهەمەی بزووتنەوەی کۆموڵایەتی، پێوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ جووڵەی مێژووییدا هەیە. هەبوونی «رێکخراو»، هەروەها «بنەما سیانییەکانی تۆرین» کە لە خەسڵەت و سرووشتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدایە، بەردەوام دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاگایی راستەقینە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا (ئاگایی راستەقینە لە روانگەی بزووتنەوەوە)، هەر بۆیە بە هۆی کاریگەرییەک کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاگایی کۆمەڵگەکان هەیانە، ئالێن تۆرین رۆڵێکی شوێندانەریان لە مێژوودا بۆ دادەنێ.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**کرداری گوشاری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان**

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی گوشارێکەوە کە بۆ بژاردەکانی دەسەڵاتی دەهێنن، لەسەر پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگەکان شوێن دادەنێن. ئەم گوشارانە لەوانەیە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەکار بهێنرێن، لەوانە: خەباتی تەبلیغاتی بە مەبەستی شوێندانان لەسەر بیروڕای گشتی، هەڕەشە، مانگرتن، بایکۆت، خۆپیشاندان و هتد... گوشارهێنان بۆ دەسەڵاتی هەبوو، تەنیا یەکێک لە شێوەکانی کردەوەیەکە، کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەخۆیانەوە دەگرن، بەڵام ئەم شێوە کردەوەیە ئەوەندە بەرینە کە بەزۆری وەک کاری سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەمی دەدەن و بەم هۆیەوە هەندێ جار بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ریزی گرووپەکانی گوشاردا دادەنێن. هەڵبەت دەبێ ئەو بابەتە لەبەرچاو بگرین، کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکانی گوشار یەکێک نین، تەنانەت ئەگەر هەندێ جار یەکێکیان لە باتی ئەویان بەکارببەن.

**سەرچاوە:**

1–ڕۆشە، گی، «تغییرات اجتماعی»، وەرگێڕان: مەنسوور وسووقی، چاپی نۆزدەهەم، بڵاوکەرەوەی نەی، تاران، لاپەڕەکانی 129–135

2– Actionalisme، ڕێبازی ڕەسەنایەتیی کار و کردەوە یان «کردەوەگەرایی»

3– Alain Touraine، Sociologic de I action، Paris، Editions du Seuil، 1965; La Conscience ouvriere، Paris، Editions du seuil، 1966.

4– Daniel Lerner

# بەرەو پرادیگمایەکی نوێ

**لە عەرەبییەوە: ئایدیا**

**ناسنامە و خودی کارا**

سەرەڕای دابڕان لە کۆمەڵگە و لە ئەنجامی لەبەریەک هەڵوەشانی چوارجێوە و بنەما کۆمەڵایەتییەکان سەرکەوتنی تاکی بەڵادەست بەرهەم دێت بەرەو بەگژداچوونەوەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی کە هەیەو وەکو یەک بەگژی هێزە فەوتێنەرەکاندا دەچێتەوە. بەمجۆرەش هەرزوو تاکڕەوی بۆ چەندین ڕاستی پەرت دەبێت کە یەکێک لە بەشەکانی (من)ێکی شلوشاوو گۆڕاومان بۆ نیشاندەدات کە ملکەچە بۆ هەموو بانگەشەو وێنەو دیمەنەکانی کەلتوری جەماوەری، بەجۆرێک ئیتر تاک ئەو شاشەیە نیە کە پێویستی و خواست و زانستە ئەندێشەییەکانی ناو کارگەکانی پەیوەندیکردنی مۆدێرنی تێدا نمایش دەکرێت.

ئەو شێوازەی کە زۆرجار بۆ پێناسەکردنی نوێگەری بەکارهێنراوە وێنای ئەو تاکەیە کە ئیتر نەبەستراوە بە کۆمەڵێک ئینتیماوە، ئەو تاکەی کە لاوازی زیاتر دەبێت و لە خودی خۆیدا هیچ زامنێک بۆ ناسنامەکەی نابینێتەوە دوایئەوەی کە بنەماکەی پووچەڵ دەبێتەوە و دەبێتە کەسێکی ڕەخنەلێگیراو بەهۆی ئەوەی کە لە بازنەی هۆشیاریەکەیەوە دەردەچێت. خودی کارا لە ناوەندی ویستی دەربازبوون لەوهێزو دەسەڵات و سیستمانەوە پێکدێت کە ڕێگرن لەبەردەم ناسین و بوونمان بە خودی خۆمان، هەروەها کاردەکات بۆ گۆڕینمان بۆ پێکهاتەیەکی سیستم دەسەڵاتە باڵادەستەکەی بەسەر کارو چالاکی و کارکێک کردن و مەبەستەکانی هەمووواندا.

ئەم ململانێیانە دژ بەوەی کە هەمیشە ماناکانی بوونمان لێ زەوت دەکات ئەو ململانێ جیاوازانەن کە دژی دەسەڵات و سیستم بوونیان هەیە. هیچ خودێکی کارا بوونی نیە ئەگەر خودێکی هەڵچوو نەبێت کە لەنێوان تووڕەیی و هیوادا خۆی نمایش دەکات. بەڵام ئەو مەودایەی کە خود (Le Soi) و خودی کارا لە یەکتری جیادەکاتەوە تەنها ئەم پێناسانە نایگرێتەوە، بەڵکو من دان بەوەدا دەنێم کە بیرۆکەی خود (Self) تا ئاستێکی وا فراوان بووە کە بوارێکی زۆری بۆ بیرۆکەی خودی کارا بەو مانایەی کە مەبەستمە نەهێشتۆتەوە.

ئێمە زیاترو زیاتر هەنگاو دەنێین بەرەو گەڕان بەدوای ناسنامەی خودی (Self Identity) کە زۆربەی ئەوانەی لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لەپێش (ئەنتۆنی گیدنز)دا شیکردنەوەیان بۆ کردووە. بیرۆکەی پێچەوانەبوون کە لەسەر ئەم شیکردنەوەیەدا جێبەجی کراوە، هەر ئەو ئاراستەیەیە کەوا هەستدەکەم من بە شەخسی گرتومەتەبەر، لەو کاتەدا کە هەستدەکەم من نامۆم بە دیدو بۆچوونەکانی ئەو تاکەی کە بەو دیوو بەو دیودا نمایش دەکرێت. ئامادەیی خود، بیرکردنەوەیە لە خود بە ڕاستگۆیانە و سۆزداریانە، واتا خۆشەویستی و پابەندبوونە. هەموو ئەم وشانەی کە ئاراستەمان دەکەن بۆ ئامادەبوونی خود بە ئامادەبوونی جەستە دەستپێدەکات، بۆ هەناسەدان یان جووڵانەوە. ئەم تاکێتیە ئاراستەکراوە بەرەو خۆئامادەکردنی خود کە بە ئیمتیازەوە شتێکی نوێیە، هەروەک ئەنتۆنی گیدنز بە شێوەیەکی بڕواهێنەرانە سەلماندی، چونکە گریمانەی ئەوە دەکات کە بەپێی توانا خۆی بەدەر بکات لە بینینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

من خۆم لەسەر ئەو ڕەوتە فراوانە پڕ لە بیروڕایە دادەنێم کە پێداگری دەکات لەسەر گواستنەوە لە جیهانی کۆمەڵگەوە بۆ جیهانی تاکەکەس، واتا جیهانی ئەو تاکە کارایەی کە بەرەو خود هەنگاو دەنێت، بەڵام من کاتێک قسە لەسەر خودی کارا دەکەم دەست بۆ واقیعێکی زۆر دوور لەو واقیعە دەکەم کە ئەنتۆنی گیدنزو زۆرێک لەوانی دیکە وێنایان کردووە. کەواتا هەر ئێستا دوو جیاوازیش بۆ ئاشکر دەبێت. یەکەم: ئەوەیە کە من خودی کارا بە گیانی بەرەنگاربوونەوەی بۆ جیهانی بەکاربردنی ناکەسی یاخود جیهانی توندوتیژی و شەڕ دیاری دەکەم. ئێمە بەردەوام لەبەریەک هەڵوەشاوو دابەشبوو سەرلێ شێواوین، لە دۆخێکەوە دەچینە سەر دۆخێکی دیکە و لە پاڵنەرێکەوە بۆ پاڵنەرێکی دیکە، لەناو بۆتەی زۆری هەڵوێست و بیرو کارلێککردن و کاردانەوەکانماندا خۆ دەهێڵینەوە. خودی کارا برێتیە کە کرداری ئامادەکردنی خودو خواستێکە بۆ گەڕانەوە بۆ خود بە پێچەوانەی ڕەوتی ژیانی ئاسایی.

بیرۆکەی خودی کارا پێویستی بە ئامادەگی بیرۆکەی خەباتی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمە سەرەڕای پێویستی بە بیرۆکەی هۆشیاری چینایەتی و هەستی نەتەوایەتی لە کۆمەڵگاکانی پێشوودا، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی جیاواز کە دوورە لە

هەموو خۆ نمایشکردنێکی دەرەکی و هاوکات مانەوەی لە بۆتەی ململانێکاندا، بەرەو ناسینی خود بە تەواوەتی. لەبەر ئەوە یەکەمین شت کە بیرم لێکردەوە لەپێناو ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی خودی کارا برێتی بوو لە دیمەنی بەرگریکاران و جەنگاوەران لە پێناوی ئازادیدا. بەڵام جیاوازی دووەم ئەوەیە کە هەر ئێستا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسم کرد بەوەی کە خودی کارا هەرگیز بە تەواوەتی لەگەڵ خۆیدا ویکنایەتەوە، بەڵکو لە جیهانی ئەرک و مافەکاندا دەمێنێتەوە، واتا جیهانی ئاکاریی (ئەخلاقی) نەوەک لە جیهانی تاقیکردنەوە و ئەزمونگەرایی.

لە پێناوی ئەم دوو هۆکارەدا من بەرگری لەو بیرۆکەیە دەکەم کە خۆشەویستی دەکاتە گەڕانێک بەدوای سۆزداریدا، هەرچەندێک ئەم بیرۆکەیە بەرجەستە بێت، ئەرک و کارەکان لە بەرامبەر خودو ئەو مافانەدا کە ئاماژە بە ئامادەبوونی خودی کارا دەکەن لە هەموو تاکێکدا، لە سەرووی هەموو پەیوەندییەکانەوەیە، تەنانەت خودی پەیوەندی سۆزداریش، ئەو پەیوەندیەی کە باڵایە بەسەر پەیوەندی سێکسیەوە. بەلای منەوە ئەمە پێکگەیشتن و یەکتر پەلکێشکردنی نێوان دوو کەسە کە خاوەنی خودی کاران زیاتر لەوەی کە بگەڕێن بەدوای ئاوێتەبووندا کە زیاتر هەژاریان دەکات نەوەک دەوڵەمەند.

**خودی کارا پێچەوانەی ناسنامەیە**

من بیرکردنەوەی خۆم لە چوارچێوەی جیهانی ناسنامەدا دانانێم، چونکە ئەم وشەیە دەمترسێنێ زیاتر لەوەی کە سەرنجم ڕابکێشێ. خودی کارا بۆخۆی پێچەوانەی ناسنامەیە و لە بۆتەی سۆزداریدا بزر دەبێت، تەنانەت کاتێکیش کە ئەم ڕاستییانە تێدەپەڕێنێت، لەبەرئەوە بە پێچەوانەوە من حەزم دەکرد بڵێم، کە خودی کارا برێتیە لەو بڕوابوونەی کە هەموو جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکات و گەڕانەوەیە بۆ ئەو دامودەزگایانەی کە پارێزگاری لە ئازادییەکان دەکەن. لە زۆرێک شوێن توانرا چەند زامنێکی دامەزراوەیی پتەو درووست بکرێت بۆ پارێزگاریکردن لە تاکەکان و کۆمەڵ و گروپەکان لە چنگی ئەو هێزە تازە هەڵکەوتوانەی کە هەوڵدەدەن بۆ هەڵوەشاندنی ڕووبەری کۆمەڵایەتی و سەپاندنی داپڵۆساندن و توندوتیژی لە هەموو جێگەیەک، بۆئەوەی بتوانین ڕیتمێکی دیاریکراو لە

دامودەزگاکان بگۆڕین بۆ ڕیتم و شێوازێکی دیکە، دواجار دەستبەرداری ئەو دامودەزگایانە بووین کە چەند بنەماو پێوەریکیان لەناو دامودەزگاکانیاندا دەسەپاند کە ئامانجیان دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و پارێزگاری تاکەکان و گروپ و کەمەڵگەکان بوو، لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ خۆدرووستکردن وەکو خودێکی کارا و ئەکتیڤ.

بەرگریکردن لە هاووڵاتی لە دژی دەوڵەت پێش هەموو شتێک بریتیە لە بەرگریکردن لە خودی کارا، لەگەڵ ئەوەشدا کە خێزان و خوێندنگە دوو نموونەن بۆ دامودەزگاکانی سەر بە شێوازی کۆن، بەڵام ئەم دوو نموونەیە زۆر بەهێز پابەندبوون بە هەوڵەکانی درووستکردنی خودی کاراوە. ئەم پێشکەوتنە لەگەڵ ترسدا بەریەک دەکەون، واتا ترسی هێنانی پاشاگەردانی لەژێر پەردەی ئەو نموونە باڵایەی کە بە سەربەخۆیی کەسیی کوڕ ناودەبرێت، بەڵام هەردووکیان وا خۆیان دەبیننەوە کە پەلکێشکراون بەرەو ڕووی ئەو بەبیانووی شکستهێنانی ڕێگە کلاسیکییەکان و ئەو خواست و داواکارییانەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆرتر دەبن لەسەرشانی ئەوانەی کە بەرگە ناگرن و ناتوانن سەرچاوە مرۆییەکان بە ئامرازێک دابنێن بۆ بەکارهێنان بە شێوەیەکی بەسوود لە خزمەتی بەژەوەندییەکانی دەوڵەت یاخود دامەزراوەکەدا. هەمیشە دەکرێت بناغەیەکی پتەوو تۆکمەتر لە تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی خود بە تاکەکان ببەخشرێت، ئەوەندەش بەس نیە کە بڵێین تاک بە خودی بەواتا ناکرێت، بەڵکو هاوڕێ و هاوشانیشی دەڕوات. چەند بیروڕایەکی لە هاوشان و جمکەکەیەوە پێدەگات کە لە زەمینەی حەق و یاسادا بۆی دیاریدەکرێت لە کاتێکدا ئەو لە بواری تاقیکردنەوە و حەزو هەستکردنەکانیدا پێشدەکەوێت. بەو ئاستەی کە وزەو توانای کۆمەڵگە لاواز دەبێت لەڕووی گۆڕینی خودی خۆی، لە بەرامبەریدا ئەوەش لاواز دەبێت کە من بە ڕەهەندە مێژووییەکەی ناوزەدی دەکەم بەو هۆیەشەوە لە جمکەکەی دوور دەکەوێتەوە، واتا ئەو تاکە واقیعیەی کە مافەکانی پێدەدات، هەروەها ئەو ئەرکانەش کە لەلایەن کۆمەڵەو گروپەکانەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت زیاتر دەکەن کە پابەندی بۆیان هەیە. ئەم مافانە تایبەت نین بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە بەهۆی ئەرک و پلەو پایەیەکەوە بۆی دیاریی کرابێت، بەڵکو ئەوە شتێکی تاکانە و گشتگیرە لە هەمان کاتدا، وەکو هەر مافێکی دیکەی دانپێدانراو بۆ هەموو ئادەمیزادەکانی دیکە بەو پێیەی کە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

درووستکراوی خودایە، یاخود برینین لە چەند بوونەوەرێکی خاوەن عەڵ و هۆش بەشدارن لە سەرکێشی و پێشکەوتنی گەورەدا. هەرچەندە تاک لە مافی خۆی بگەڕێت بۆ سەلماندنی بوونی لە جیهانێکدا کە مانایەکی دیاریکراوی هەڵگرتووە لەڕووی پەیڕەوکردنی پەیامێکی خودایی یاخود هەنگاونانی بەرەو پێشکەوتنێکی سەرتاسەری و گشتگیر، تەنانەت ئەگەر ئەم هۆشیاریە ئەرێنیە هەرگیز دابڕاویش نەبێت لە هەستی ڕەخنەگرانە، بەڵام هەوڵدەدات بۆ تێکشکاندنی ئەو بەرگرو کۆسپانەی کە تاک لە ناوەندی سەرچاوەی مافەکانی دادەبڕن.

**چاوگەکانی خودی کارا**

زیاتر بەو شێوەیەی کە دەستەواژەی خودی کارا لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا لەلایەن مێژوونوسان و زانایانی بواری کۆمەڵناسی دیاریکراوە، برێتیە لە بەرئەنجامی مێژوویی هەر توانایەکمان بۆ درککردن بە جیهان و گۆڕینی ئەو جیهانە، ئەوەش گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکە وادەکات پەنابردن بۆ جیهانی باڵا کە مافەکانمان لێوە دەستەبەر دەکرد، ئێستا زیاترو زیاتر بەرەو نەزۆکی دەچێت. ئێستا ئاسمان ئەوەندە شەفاف بووە بەجۆرێک کە سیمای خودای تێدا نەماوە. ئێمە ئیتر بڕوامان بەو پێشکەوتنە نەماوە، بەڵکو بڕوامان بە سیاسەتەکانی گەشەپێدان هەیە. هەرچەند ئەو تێڕوانینە بۆ نوێگەری باڵی بەسەرماندا بکێشێت ئەوەندەش وەکو عەقڵمەندی و سەردەمیانە دەستنیشان دەکرێت، تا ئاستی لێکچواندنی نێوان عەلمانیەت و نوێگەری سیاسی، بەڵام خەباتی ئێمە لە دژی قەدەغەکراوەکان بە خێرایی لاواز بوو بەجۆرێک وایکردووە کە چاکەخوازی هاوشانی شەڕەنگێزی و خراپەکاری بڕوات بۆ پووکانەوەی، هەروەک بووەتە هۆی شێواندنی ئارەزووەکان و تێکدانی ژیانمان کە تاکو ماوەیەک پێش ئێستا جیهانی حەزو ئارەزووەکان باڵی بەسەردا کێشابوو، ئێستاش ژیان ڕووبەڕووی کارەساتی چاوەڕواننەکراوی زۆر بۆتەوە: بەرپابوونی شەڕەکان لەنێوان کۆمەڵگەکان و کەلتوورە جیاوازەکاندا، قەیرانە ئابوورییەکان، سەرهەڵدانی گەشەکردنێکی بێشومار لە ئابووری نایاساییدا، گۆڕانی کەشوهەوا بەجۆرێک کە مانەوە و ژیان لەسەر بەشێک لە هەسارەی زەوی کردوەتە کارێکی ئەستەم...هەتاد. تاک و لەگەڵیشیدا ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێوەی پابەندە لەگەڵ ئەو ململانێ کۆنەی کە لە سەردەمی فرۆید لەنێوان چێژو دەسەڵاتدا بەرپا بوو هەمووی

لە بۆتەی میسالیەتی لێبوردەیی (Conformisme)دا لەناوچوو.

هەندێک وەڵامی ئەم تێڕوانینە پڕ ڕەشبینیە دەدەنەوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەرکی هاوڵاتیبوون، یاخود ئینتیمابوون بۆ چینێک یان نەتەوەیەک برێتیە لە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، ئەوانەش دوو هێزی بزوێنەری گەورەن کە وادەکەن تاکەکان هەست بکەن کە خۆیان گەورەی خودی خۆیانن. ئەو کەسانە بیریان دەچێتەوە کە کارکردنی دەستەجەمعی بە تەنها دەتوانێت لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتەکان و هەژمونەکان بپارێزێت ئەگەر بێتو باڵادەستیان نەپارێزرێت، بەڵکو لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی وێرانکردن و تێکدانی تاکێتی، ئەوەش لە کاتێکدا دەبێت کە ئەمەی دوایی واتا تاکێتی ئەو مەرجانەی بیر دەچێت کە دەبنەهۆی بوون و مانەوەی.

ماوەیەکی زۆر لە یەکێک لە سیستمەکانی گەردوندا یاخود لەناو قەدەری خواییدا لەناو شارێکی شایستە یاخود لە کۆمەڵگەیەدا کە لێوانلێوە لە یەکسانی بەدوای مانای بوونی ژیانماندا دەگەڕاین، ئەوەش لە بۆتەی پێشکەوتنێکدا کە کۆتایی نییە یاخود هەڵگری ڕوونی (شەفافیەت)ی ڕەهایە، بەڵام ئەم هەوڵدانانە کە تا ئێستاش بەردەوامن لە تەواوبووندان، چونکە بەو ئاستەی کە وزەو تواناکانمان بۆ کارکردن زیادییان کردووە بۆ ئەنجامدانی گۆڕان، ئەوەندەش پەنابردن بۆ ئامانجێکی باڵا ڕێگە بۆ ئابلۆقەدانی ئێستامان خۆشدەکات، ئەمەش وایکردووە ئەم جیهانە میسالیانە وەکو ئەندێشە بێنە بەرچاومان، بە جۆرێک کە ئاسمانەکان لە خاوەندەکانیان بەتاڵ بوونەتەوە و پاسەوانەکانی پەیکەر جێگەیان گرتوونەتەوە، لە زۆرداران و پیاوانی هەواڵگری و ڕاگەیاندنکاران لە هەندێک گۆشەی نادیارو تاریکدا. بەو ئاستەی کە ئەم دەسەڵاتە نوێیانە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئێمە سەقاڵی چوونە ناو خودی خۆمان بووین و لەناو واقیعی بەرچاوی ژیانماندا خودی خۆمان دۆزیەوە، یەکەم وەکو هاوڵاتی، دووەمیش وەکو کرێکاران کە لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بورژوازی ڕزگارمان دەبوو، ئێستاش وەکو بوونەوەری کەلتوری بە هەموو دیمەنەکانی بوون ڕووبەڕووی بەبازاڕکردن دەبینەوە، چەند بوونەوەرێک کە خاوەنی جۆری سێکسی و ڕەگەزین و لەناو ناخی قووڵایماندا چەکەرەیان کردووە بۆ ئەوەی لە قەمچی ئایدۆلۆژیاکانی زەوی و گەل و تایەفە دەربازیان ببێت.

### تایبەتمەندێتی تاک و بونەوەری تاکبوو

بەو پێیەی کە خۆمان خاوەنی بڕیاری ژیانمان بووین، هەستمان بەو هەموو لایەنەکانی ئەزموونەکەمان دەکرد. لە هەموو جارێکیشدا لەسەرمان پێویست بوو وەک کارکتەری کۆمەڵایەتی پاشەکشەی لێبکەین، بەڵکو ئێمە وەکو کاراکتەری کەسیی خۆمان بەهێز دەکرد. لە ڕاستیدا بە تەواوەتی نەبووینە کاراکتەری کەسیی تا ئەو کاتەی بۆ نموونە ڕازەدی نەبووبین بە خودی خۆمان و خەڵکانی ترمان ناچار نەکردبێت کە دانمان پێدا بنێن وەکو تاک و بوونەوەری تاکبوو کە بەرگری کە تایبەتمەندێتی و بونیادی خۆی دەکات و دەبەخشێت و لە ڕێگەی کردەوەکانی بەرەنگاربوونەوەمان مانایەک بۆ بوونمان هەیە، یاخود ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەناو جیهانی خودە کاراکاندا دەژین؟. ئەمجۆرە بۆچوونانە ئەستەمبوونیان کەمتر نیە لە تێڕوانینی ئێمە بۆ کۆمەڵگەکانی پێشوو کە بە قدیس و پاڵەوان و تێکۆشەران دەیاندەیەنە قەڵەم، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێمە زیاتر لە سەرەمەکانی دیکە بوارێک بۆ بێموبالانی، یاخود دووفاقیەتی تەواو جێناهێڵێت.

لێمان شاراوە نییە کە باروودۆخێک دێت پێویست دەبێت لەسەرمان هەڵبژێرین و خودی خۆمان بناسین یاخود وەکو خودێکی کارا پشتگوێی بخەین. ئێمە کەوتوینەتە ژێر کاریگەری ئەو هێزانەوە کە فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگە دەکەن زیاتر لەو چینە بژاردە دەسەڵاتدارەی کە لە هەمان کۆمەڵگەدایە، ئەو هێزانەی کە پەلکێشمان دەکەن و ئاراستەمان دەکەن و یاریمان پێدەکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە کەمتر لە توانا هەوڵدەدەین ئازادی خودی کارامان بەکاربهێنین، چونکە باجەکەی زۆر قورسە، بەڵام ئەمڕۆ و لە هیچ کەلتورێکی پێشووشدا وێنەی خودێکی کارا بەبێ قوربانیدان بوونی نیە و نەبووە.

### بەرگریکردن لە سۆسیۆلۆجیا

ئایا ئەو چەند دێڕەی خستمەڕوو نامۆیە بە سۆسیۆلۆجیا، واتا سەبارەت بە زانینی باروودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و خودی کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی دیارو چەسپاو. هەرگیز نەخێر، بەڵکو خەریکە بڵێم ئیمڕۆ ڕێگرە لە درووست هەر سۆسیۆلۆجیایەکی دیکە، هەروەها ئەستەمە لە سایەی لەبیرکردنی

واقیعی ئایینیدا باس لە هەر کۆمەڵگەیەک بکەین، ئەوەش کەمتر نیە لە پێویستیمان بە ڕەخنەگرتنی ئەوانەی کە دەستدەگرن بەسەر لایەنی خواوەندیدا و پەرەی پێدەدەن تا ئاستی پیرۆزی و باوەڕییان بە ویستەکانی هەیە، هەروەها ئەستەمە ئیمڕۆ نکۆڵی لە ئامادەگی خودی کارا بکەین لە سەردەمێکدا کە ململانێکان سەریانهەڵداوە و ڕەخنەو گازەندەییەکان لە دژی ئیمپریالیزمەکان و نەتەوەکان و بزووتنەوە گەلییەکان زۆر بوون، جگە لەوەش لە دژی دەسەڵات و هەژموونی پارە و فراوانبوونی گاپی جیاوازیە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆر بوون. ئەستەمە باسی مافە مرۆڤایەتییەکان نەکەین، بەو پێیەش دەبێت دان بنێین بە زیادبوونی ژمارەی ئەو بوونەوەرە ئادەمیزادیانەدا کە بەپێی هێزو توانایان بۆ خوڵقاندنی خودیان و توانایان بۆ گوزەراندنی ژیان وەک بوونەوەری ئازاد و بەرپرسیار ڕەفتار دەکەن.

تەنها گێلەکانن کە جگە لە قوربانیان و ئامێرەکانی کۆنترۆڵکردن و مردن چیتر لە دەوری خۆیان نابینن، چونکە تێبینی ئەوە ناکەن کە چۆن ویستی ململانێ لە دژی ستەم و مردن خۆی دڵنیا دەکاتەوە، بەڵکو خۆیان لەو سەرکەوتنانە گێل دەکەن کە لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەدا بەدیهاتوون. کەواتا خواوەند گۆڕەپانەکەی بە تەنها چۆڵ نەکردووە بۆ جەنگاوەران و پیاوانی یاسا. ئێمە هەمیشە پێویستیمان بە هاوشان هەیە، چونکە ئەوە دەتوانێت مافەکانمان بەدەست بخات و سوودمان پێ بگەیەنێت، بەو پێیەش وادەکات هەستی ئاکاریمان درک پێبکەین، هەستی خێرو شەڕ، ئەوەش کە لەم هاوشانە زیاتر نزیک بێنەوە ئاستی کەوتنی لە جیهانی باڵادا کەمدەبێتەوە و دێنە ناو هەر یەکێکمانەوە، بۆیە بەناوی باوەڕە باڵاکانەوە ڕەفتار دەکەین و سزای خۆمان دەدەین لەسەر کەمتەرخەمیمان لە گەیشتن پێی. ئەم ویژدانە ئاکاریە لە قۆناغی یەکەمدا زۆر لە ئەفراندنی ئایینی دەچێت.

کاتێک کە یاسای سروشت سوود لە نەریتە ئایینییەکان وەردەگرێت و لە هەمانکاتیشدا دەیخاتە ئەستۆی ئاکبوونی خۆی. باوەڕبوونمان بە گەشەکردنی ئابووری و سەروەری عەقڵ باوەڕمانی بە نیشتمان و شۆڕش، بەڵکو بە پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی بەهێز کردووە. بەڵام ئێمە لەم قۆناغە دوورو درێژە دەرباز بووین کە تیایدا وامان دەزانی دەتوانین لەم ڕێگەیەوە بە بەدیهێنانی ئامانجی زەمەنی بوەستین کە خۆی لە هەموو ئەو شتانەدا دەبینێتەوە کە بەڵێندراوە بۆ

پیاوانی مەزن لە دەسەڵات و نەمری و دەوڵەمەندی و شکۆمەندی.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لایەنی ئاکاریمان سروشتی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەستدەدات و زیاتر خۆی دەپارێزێت لە بەرامبەر یاساکانی کۆمەڵگەو گوتارەکانی دەسەڵات و ئەو دەستەگەریەی کە هەموو گروپ و کۆمەڵێک بەهۆیەوە پارێزگاری لە پێگەو دەسەڵات و جیاوازییەکانی خۆیان دەکەن. ئەوەی هەر یەکێک لە ئێمە لە بۆنەی هەموو ڕووداوەکانی ژیانماندا هەوڵی بۆ دەدەین بریتییە، لە بونیاتنانی ژیانی تاکەکەسیمان بە جیاوازی لەگەڵ خەڵکانی تردا و توانای تاک لەسەر بەخشینی مانایەکی گشتی بۆ هەموو ڕووداوێکی تایبەتی. ئەم هەوڵدانە ناکرێت ببێتە گەڕانێک بەدوای ناسنامەدا دوای ئەوەی کە هەموو ڕۆژێکی نوێ بە کۆمەڵێک ناسنامەی جیاواز ئاشنا دەبین. ناکرێت ئەم هەوڵ و تەقەللایانە لێکبدرێنەوە تەنها وەکو گەڕانێک نەبێت بەدوای مافی خودی کارادا لە بوونە تایبەتیەکەی و توانای تایبەتی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو کۆسپانەی کە لێی بێبەشمان دەکەن و ژیانمان لەبەریەک هەڵدەوەشێن.

وێنای ئەم تاکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باشتر بەرجەستە دەبێت وەکو وێنای ئەو بوونەوەرە مرۆییەی کە دووپاتی دەکاتەوە ئەو بوونەوەرێکە خاوەنی مافەکانیەتی لەپێش هەمووشیانەوە ئەوەی کە ببێتە تاک نەوەک ئەو مرۆڤەی کە هەموو سیفەتە باڵاکانی هەیە، واتا بوونەوەرێکی ئادەمیزادی کە خاوەنی مافە شارستانی و مافە کۆمەڵایەتییەکانی بێت، مافەکانی هاوڵاتی و کرێکار بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هەروەها ئەو مافە کەلتورییانەی کە مافی هەڵبژاردنی زمان و بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی دەداتە هەموو تاکێک، هەروەک بە هەمان ئاست مافی هەڵبژاردنی لایەنی ڕەگەزی (سێکسی) پێدەدات کە کە لە جۆرێکی سێکسی دیاریکراودا لەژێر هەژمونی دامودەزگا هەژمونگەرەکاندا خۆی نیشان نادات.

### مێژوو خودی تاکی کارا

لەبەردەم ئەو بۆچوونانەی کە مێژوو نیشانمان دەدات عەقڵی ئامێری و سوودو چێژوەرگرتندا هەمووی شوێنی ویژدان یاخود هەمان دۆخی دروستکەری



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بوونەوەرە ئادەمیزادییەکان دەگرنەوە، لە میانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: نوێگەری بریتیە لە بە سەردەمیکردنی جیهان و هەڵوەشاندنەوەی جادووەکەی. بەپێی وتەیەکی بەناوبانگی ماکس ڤیبەر خودی کارا کە بەردەوام مرۆڤەکان لە بەهەشتێکدا، یاخود لە شارێکی ئـازاددا یان لە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا هەڵیانداوەتە سەرووی خۆیانەوە، لە ناخی هەموو تاکێکدا جێگیر بووە و بووەتە جێی دڵنیاکردنەوەی خود وەکو خاوەن ماف لەوەدا کە ببێتە تاکێکی بەتوانا بۆ سەلماندنی خودی لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا، کە تێکوپێکیان دەدات لە هێزە ناشەخسیەکان.

مردنی خواوەند نەبوەتە هۆی سەرکەوتنی عەقڵ و بیری مرۆڤ و نەشبوتە هۆی لەدەست دەرچوونی حەزو ئارەزووەکان، بەڵکو هەموو تاکێکی ئاراستە کـردووە بۆ سەلماندنی خود وەکئەوەی خۆی درووسـت کردبێت بۆ ئامانجی بەدیهێنانی کارەکانی، بە جۆرێک کە کۆنترۆڵی بزافی کێشەگەلی دەکات کە تێیدا هەموو بەشەکانی (من) بەریەکدەکەون و تێکەڵاو بە یەکتری دەبن و یەکتری وێران دەکەن. ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە تاکو ئێستا توانراوە تێبپەڕێنرێت و دەمانبات بۆ لێکدانەوەیەکی زۆر قووڵتر بۆ ئەو مانایەی کە دەستەواژەی خودی کارا هەڵیگرتووە، بەڵام ئایا پەنابردن بۆ ئەم بیرۆکەیە لە گۆشەنیگای لەبەرچاوگرتنەوەیە، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە وەک پێدەچێت پەلکێشمان دەکەن بۆ لەناوچوونی ئایینەکان، یاخود ئەو ئاکارانەی کە ڕێگە خۆشدەکەن بۆ کپکردنی حەزو ئارەزووەکان، بێئەوەی چەمکی خودی کارامان لەبیر بچێت، بەڵام لەوانەیە لەلای خەڵکی قورستر بێت کاتێک لەبەریەکچوونی خود بە گرنگیەوە باس دەکرێت، لە کاتی ئامادەباشیدا کە لە دەسەڵاتەکان و بیروبۆچوونە ستەمکارییەکان دەمانپارێزێت.

خودی کارا بەلای زانای کۆمەڵناسیەوە زیاترە لە چەمکێک کە لە کاروانێکی فیکری گشتیدا درووست دەبێت، بەڵام پێویستە ببێتە جێگەی تێبینی و سەرنجدان، واتا لە هۆشیاری کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەیی هەبێت و کەسی شیکەرەوە لە هەمانکاتدا بتوانێت بارووددۆخەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخێکی کۆمەڵایەتی کە چوونیەک بێت لەگەڵ زۆرترین ژمارە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی. لە ڕاستیدا لە ساتێکدا کە وێنای کۆمەڵگەی کەلتوری خۆی دەسەپێنێت، واتا کاتێک سەرنجی

ئەو مئمبوونە گەورەیەی جیهانی دەرەوە و بۆچوونی لەسەر جیهانی ناوەوە دەدرێت. بە واتایەکی ڕوونتر کارێکە لە سیستمی کۆمەڵایەتیەوە بەرەو کاراکتەری کەسی یان کۆمەڵی، بە دیاریکراویش بیرۆکەی خودی کارا وەک ئامانجی کەسی بکەر واتا تاک دەردەکەوێت کە دەیەوێت ببێتە بکەر. لێرەدا ڕێگەم پێبدەن کە باسی ناوێک بکەم کە بیرکردنەوەمی جێنەهێشتووە بە درێژایی سەرقاڵبوونم بە خستنەڕووی چەمکی خودی کارا، ئەویش ناوی (جەرمین تیۆن)ە.

جەرمین تیۆن کە توێژەرێکی بـواری ئەتنۆلۆجیایە سەر بە نەوەی خوێندکارە سەرەتاییەکانی (مارسیل ماوس)ە و لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگەوە چووە ڕیزی بەرەنگاربوونەوەوە و دامەزرێنەری تۆڕێکە ناوی لێنا (مۆزەخانەی مرۆڤ). هەرچەندە لە ڕافنسبرۆک دەستگیر کرا، بەڵام توانی بەهۆی پێکهاتن و ڕێکەوتنەکانی ئەو کاتەوە دەربازی بێت و لەدوای جەنگ بووە سەرۆکی زیندانیە دێرینەکان لەو کەمپەدا، بەڵام بەردەوامیش بوو لەسەر کارە ئەتنۆلۆجیەکەی لە وڵاتی جەزائیر و لەوێ لەماوەی جەنگدا لە دژی ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردنەکان دەوەستایەوە و بەتوندی لایەنگیری سەربەخۆبوونی ئەو هەرێمە فەڕەنسیەی دەکرد. ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەو لەو کاتەدا لەگەڵ یاصف سەعدی، بەرپرسی یەکەم و فەرماندەی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی لە جەزائیر ئەنجامی داون ئەوەیان بۆ دەرخستم کە چەندێک دەستدرێژە و سزادادانی خوێناوی ڕوویانداوە. ئەم ژنە سیمایەکی نیمچە تەواوی ئەوەیە کە من ناوم لێناوە خودی کارا، چونکە هەڵوێستی وەرگرتووە و بەرگەی هەموو مەترسییەکانی گرتووە، بێئەوەی ئەو مەترسیانە وابکەن سڵ بکاتەوە لە ڕزگارکردنی ژیانی زۆرێک مرۆڤ، هەروەها لە تەوەرو گفتوگۆکانیدا هاوشێوەی ئەو شڵەژانە ناوەکیەیم دۆزیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو خەباتی زۆری کردووە بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە و تێکۆشاوە لەپێناو ڕزگارکردنی تاکەکاندا.

ئەم ژنە پڕ لە جۆش و خـرۆش و ژیـری و ڕێـزە بەرامبەر هەموو بوونەوەرێکی ئادەمی لە ئێستادا کە من ناوی دەخەمە بەرباس دەبێت تەمەنی سەد ساڵی تەواو کردبێت، ئەو ناوەی کە خەڵکی بەگشتی زۆر کەم دەیناسن، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە ناسیویانە، یاخود کارەکانی دەناسن، ڕێزو

خۆشەویستیان بۆی هەیە. ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشاوە بەم ژنە ئەوەیە کە خزمەتی زۆر مەسەلەی گەورەی کردووە بێئەوەی خۆی بە هیچ کامێکیانەوە بابدات، چونکە ئەو مافەکانی مرۆڤ و بەگژداچوونەوەی توندوتیژی خستبووە سەرووی هەموو شتەکانی دیکەوە، بەڵام ئەگەر بێتو دیارترین دەموچاوەکان ڕۆڵێکی ئاراستەکردنی پێویست ببینێت، ئەوا کاری ئێون کاریگەر نابێت، تا ئەو کاتەی ڕێکخراوەکان و ناوەندی بڕیارەکان گرنگی پێنەدەن و پشکی نەبێت، ئەو لەدایکبوونی داکۆکیکردنی دامەزراوەیی لە خودی کارا گرتۆتەخۆی و بڕوای بە پاڵپشتی کردنی هەیە.

لێرەدا چاکە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کارە دەستەجەمعیە، بە دیاریکراویش دەگەڕێنەوە بۆ دیموکراسی نوێنەرایەتی کردن لەڕووی دەستەبەرکردنی زەمانەت بۆ هەموو مرۆیەک لەسەر ئاستی تاک و لەسەر ئاستی کۆمەڵیش. لە هەمبەر ئەمەدا دەموچاوە شەڕەنگێزەکان لەگەڵ سەربازەکان و پیلانگێڕەکان و بەرتیل خۆرەکان و هەموو ئەو تاکانەدا کە لە دەسکەوتێکی تایبەتی کەم دەگەڕێن هەڵدەستن بە سەرکێشی کردن لە گێژاوی ئەو شەڕەنگێزیەدا. ئەم شڵەژانە بەردەوامە دەبێتە بارتەقای ئەو کارکردنە سیاسیە بەو پێیەی کە ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن لە ئازادییەکان و بەرژەوەندی ڕێژەی هەرەزۆری خەڵک.

**مافەکان**

لەو ماوەیەدا کە تێیدا هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتارو هەڵسەکەوتەکان دەکرا و بەپێی زاراوە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکرا، پێوەرو بەهاکان چۆکدادانی کاراکتەرەکانی بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بەرز دەنرخاند، بەڵام چەمکی خودی کارا لە کۆتاییەکانی مێژوویەکی درێژی پڕ لە کاڵبوونەوەی ئەم بەهایانە خۆی سەپاند، ئەوەش بووەتە دیاریدەیەکی سەرەکی بۆ ئەو دەستەواژەیەی کە بە سەردەمگەرایی ناوزەدی دەکەین. خودی کارا بکەرێک نیە بەدەر بێت لە بنەمایەکی دەرەکی بابەتیانە کە ڕەفتارەکانی ئاراستە دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بێبەریە لەو دەستەواژانەی کە خودی گۆڕیوە بۆ بنەمای ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی.

«تۆ ببە بە خودی خۆت”، ئەمەیە باڵاترین بەهاکان، بەم پێیەش تاکە پێوەرێک کە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ لە ئێستاوە بریتیە لەو پێوەرە نەرێنییانەی کە هەمیشە گوێڕایەڵی نەکردن و بڕوانەبوون بە هەموو شێوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی فێری خەڵکی دەکات، بە تایبەتی لە هەموو بوارێکدا کە ژیانی تاکەکەسی پێویستی پێیەتی، ئەوەش بۆ نمونە هێزی بەرەنگاربوونەوەی زۆرێک لە کاسۆلیکەکان بەرامبەر بڕیارەکانی پاپای ئێستا ڕووندەکاتەوە لە بواری ئاکارێتی تایبەتیدا. تەنانەت ئەگەر هێزی بەرگریکردن لە مافەکانی تاک لەلای ئێمە دەگمەنیش بێت لە هەمبەر مافەکانی ئائیفەدا، بەڵام هەست بە خۆپارێزیەکی توند دەکەین لە بەرامبەر ئەو دامودەزگایانەدا کە ڕاسپێردراون بە سزادانی لادەران و تاوانباران، تەنانەت گرنگیدانیش بە مافی کەمینەکان و کەمئەندامانیش. ئەوەی هەمیشە ترسمان لێی هەیە ئەوەیە کە بە بەرژەوەندی کۆمەڵگە مافی هەموو مرۆڤێک پشتگوێ دەخات کە وەکو خودێکی کارا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ئەوەی کە بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ناوزەدی دەکەین. ئەم وابەستەبوونە بە مافەکانی مرۆڤ هاوتەرایە لەگەڵ لەدەستدانی متمانەی دامودەزگاکان و کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە تایبەتیش سیاسییەکان، هەروەها هاوشانە لەگەڵ ڕێزنەگرتنی ئەوانەی کە بەردەوام خاوەنی سەروەری میللی بوون، ئەوانەی لە سەردەمێکدا شەرعیەتیان لە سەرووی شەرعیەتی هەموو دامودەزگاکانی دیکەوە بووە.

بەڵام ئەگەر هێشتا خۆمان بە پابەندو وابەستەی ئەم دامودەزگایانە بزانین و لەبەر ئەوەی بوونیان لە داپڵۆسینی دیکتاتۆریەتەکان و ئەو توندوتیژیە دەمانپارێزێت کە ئەنجامە ڕاستەوخۆکەی بریتی بووە لە ڕێگرتن لە پەنابردن بۆ خودی کارا، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی خۆڕادەستکردنمان بۆ ئەو خەونانەی کە زیاتر لە گوتارەکانی دەسەڵاتە هەڵتۆقیوەکان واقیعی ئەزموونی ژیانمان بۆ بەرجەستە دەکەن، چەند ژیاریەکی کۆمەڵایەتیمان دێنە خەیاڵ کە زیاترو زیاتر لە دامودەزگاکان بەتاڵ دەبێت و لە کۆتایی گفتوگۆیەکی شایستەدا لە نێوان کەسایەتیە سیمبوڵییەکاندا زیاتر لە کەسە ڕاستەقینەکان بڕیارەکانی خۆی دەدات، بە جۆرێک کە قوتابخانەیەک پەیدا دەبێت کە بیناو بەرنامەیەکی نیە و مامۆستاکان

نابنە جەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تێیدا، بەڵکو لە ڕەفتاری هەر تاکێکدا خۆی وێنا دەکات بەپێی تکەنیکێکی زۆر فرەجۆر گرنگترین کاری ئەوەیە کە هانی خوێندکارەکانی دەدات بۆ بیرکردنەوە. توندترین و دیارترین گۆڕانکارییەکان لە گۆڕەپانی دادپەروەریدا یان ئەوەتا سەردەمێکی دوورو درێژ هەوڵبدەین، بەڵام بە ڕێژەیەک سەرکەوتنی زۆر کەم بەرەو بەرەنگاربوونەوەی هەموو هێزە وێرانکەرەکانی خودی کارا بە ئازادی و یاکسانی و برایەتی، ئەو بەرەنگاریەی کە بەپێی پابەندیەکی سامناک بە قورسیەکی زۆرەوە پابەند دەبێت بە داکۆکیکردن لە کۆمەڵگە.

ئەم دەست بردنە بۆ خودی کارا بە شێوازی نوێنەرایەتیکردنی خەیاڵی دەمانبات بۆ ئاراستەیەکی پێچەوانە ئەگەر دەستپێشخەری نەکەین بۆ بیرهێنانەوەی چەمکی ئەوەی کە خودی کارا پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ چەمکی مافەکاندا هەیە. خودی کارا هەروەک ئیمڕۆ دەیهێنینە پێشچاوی خۆمان و داکۆکی لێدەکەین، وێنایەکی سەردەمگەراییانەی دەروون نیە و ئامادەگیەکی واقیعی سەرو ئادەمیزادی و خواوەندی یاخود کۆمەڵییش نییە لە هەموو تاکێکدا، بەڵکو مێژووی خودی کارا بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە بریتیە لە مێژووی داواکردنی زیاترو زیاتری مافەکانە بە شێوەیەکی بەرچاو، کە پارێزگاری لەو تایبەتمەندێیە کەلتورییانە بکات کە ئیتر خۆیان نوێ ناکەنەوە بە کارکردنی دەستەجەمعی خۆبەخشانە و لە بۆتەی ئەو دامەزراوانەدا کە درووسنکەری وابەستەیی و ئەرکەکانن. ئەم گواستنەوەیە لە قۆناغی مافە داتاشراوەکانەوە بۆ مافە زۆر بەرچاوەکان دەمانگەیەنەتە واقیعیەتی خودی کارا.

بەو هێندەی کە مافە گشتیەکان پەیوەندیدارە بە پابەندبوون بە جۆری مرۆییەوە، لە بەرامبەردا دەرئەنجامە واقیعیەکانی کەم دەکات، لە هەموویدا جگە لە لابردنی سزای لەسێدارەدان. مافە سیاسیەکان زیاتر مافی ڕاستەقینەن، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوە کۆمەڵێکی دیاریکراو یاخود شارێک یان لەناو نەتەوەیەکی دیاریکراودا پەیڕەو بکرێت، بەڵام کاریکەری مافە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی گونجانیان لەگەڵ بارودۆخی جۆریدا دەپێورێت، وەکو نەرێتە کۆمەڵایەتیەکان.

کاروانی خەباتی دورو درێژی بزوتنەوەی کرێکاری ئامانجێکی سەرەکی



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

هەبوو کە لە زیادکردنی چەند مافێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە، وەکو مافە تایبەتیەکانی چین و توێژە پیشەییەکان، تا دەگاتە ئەو مافە سیاسیانەی کە ڕەهەندێکی گشتگیریان هەیە و زۆر دورن لە ئەزمونی ڕۆژانەی ژیان. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان گشتگیری مافە سیاسیەکان و تایبەتمەندێتی مافە کۆمەڵایەتیە جۆرییەکاندا پرۆسەیەکە زۆر بە ئەستەم بووەتە هۆی پەرتەوازەکردنی بزوتنەوەی کرێکاری لەبەردەم توندوتیژی و مشتومڕەکاندا. تاقمێک لە ئومەمیەتی دووەم، کە پاشان بە سۆسیالیزمی دیموکراسی ناودەبرێت هۆکار بوون بۆ هێشتنەوەی مافە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، لە کاتێکدا تاقمێکی دیکە، کە لە سەرەتادا زۆرینە بوون داکۆکیان لە مافە کۆمەڵایەتیەکان کرد، واتا مافی کرێکاران لە بەرامبەر ئازادیە بورژوازییەکاندا، کە بووە هۆی پەلکێشکردن بەرەو ڕەوتی لینینی -ماوی کە بۆ ماوەی نیو سەدە دەسەڵات و هەژمونی خۆی بەسەر نیوەی گۆی زەویدا سەپاند.

لێکۆڵینەوەیەکی وردتر ئەنجام دەدەم بۆ ئەو مینۆدەی کە بەهۆیەوە مێژوو خۆی دووبارە کردەوە لەو کاتەدا کە مافە کەلتوریە نوێیەکان پاڵی بە هەندێک لە داکۆکیکاری ئەو مافانەوە نا بەرەو پەیڕەوکردنی تائیفەگەری، ئەمە لە کاتێکدا کە خەڵکانی دیکە هەوڵیاندا بۆ نزیک کردنەوەی مافە کەلتوریە تایبەتیەکان لە مافە سیاسیە گشتیەکان، بێئەوەی ئەوانە پشتگێ بخرێن، کە بەناو بۆچونێکی بەرتەسکیانەوە بۆ سیستمی کۆماری ڕوبەڕوی بیرۆکەی مافە کەلتورییەکان بونەوە.

هەڵکشانی کێرڤی تایەفەگەریە ستەمکاریەکان کە ئەمڕۆ سورن لەسەر هێشتنەوەی ئافرەتان لە چوارچێوەی پاشکۆیەتی و دونیدا، دەکرێت بە شێوەیەکی دیاریکراو لێکدانەوە بۆ ڕێگری لە هەندێک وڵات بکات لەڕووی دانانیان بە مافە کەلتوریەکاندا بە ناوی شمولیەتی کۆماریەوە، وەکو فەڕەنسا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەستەمە لە دەرەوەی ئەو وتوێژانەدا کە پێویستە بۆ هەندێک بارودۆخی تایبەت بکرێت، نکۆڵی لە گرنگی مافە کەلتوریەکان بکرێت، واتا هێزی ئەو خواست و داواکریانەی کە لەسەر کەلتورێک یان پەیڕەوێکی دیاریکراو لە بۆتەی هەمان گەلدا بونیاتنراوە. پێویستە پارتە سیاسیەکان بگەنە ئەو ڕادەیەی کە دان بنێن بە لێک جیاکردنەوەی مافە کەلتوریەکان لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان،

چونکە ئەستەمە خودی کارا خۆی بناسێنی لە دەرەوەی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانی ئەو کەسانەدا کە خۆیان بە خودی کارا دەزانن و دەیانەوێت هەموو ئەوانی دیکە دانیان پێدا بنێن.

**ئایا هەموومان خودی کاراین؟**

دەکرێت ئێمە هەمومان خۆمان بە خودی کارا دابنێین؟ ئەگەر بەمەدا مەبەستمان هۆشیاری ڕون و هاوبەشە بەو پێیەی کە خودی کاراین، وەڵامەکەی بە نەخێرە. دەکرێت خەسڵەتی خودی کارا لە هەموو تاکەکاندا بدۆزرێتەوە، بە هەمان ئەو شێوازەی کە خەڵکانی دیکە بوونی دەرون لە ناخی هەموو تاکێکدا هەست پێدەکەن، یاخود بەپێی ئەوەی کە هەموو تاکێک هاووڵاتیە. کارەکەی ئێمە بە تایبەتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەناو هەموو مرۆڤێکدا گواستنەوە بۆ خود بدۆزینەوە وەکو خودێکی کارا، لە هەمان کاتیشدا کار بکەین بۆ دەربازکردنی لە کاراکتەرە پێچەوانەکان هەروەکو سیستمی کۆمەڵایەتی، یاخود ئایدۆلۆژیا بە هەژمونەکان بەسەر ژیانی فیکریدا بەسەریاندا دەسەپێنن، هەروەها ڕۆڵی زانای کۆمەڵناسی لە ئەفراندنی بارودۆخێکدا بەرجەستە دەبێت، کە تێیدا هەموو تاکێک هانبدرێت بۆ گەشەپێدانی داواکاریەکانی دوور لە دەستەواژە بێ ماناکان.

ئەم ڕۆڵە بە شێوازێکی جیاواز و لەپێش ئەواندا ڕۆشنبیرە پابەندەکان پێی هەڵساون کە سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی و ناسیاسی نەبوون، بەڵام سوربون لەسەر نیشاندانی چەند خواست و داواکاریەکی سەرەکی. ئەگەر ئەو ڕۆشنبیرە پابەندبوانە و هاوتاکانیان نەبونایا دیموکراسی دروست نەدەبوو، بەڵکو زێدەڕۆیی دەکرا لە پەیڕەوکردنی فشارەکان لەپێناوی چۆکپێدادانی خواست و داواکاری خود و تاکەکان و بەکۆمەڵەکانیش بۆ بەرژەوەندی ئەوەی بە کۆمەڵگە ناومان لێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێگر بوون لە ئامادەگی خودی کارا، هەر ئەو ڕۆشنبیرانە بوون.

زۆرن ئەوانەی کە بەو بیرۆکەیە ڕازی بوون کە دەڵێت: واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا بریتیە لە هەژمونداری نەوەک ئازادی، بەو پێیەش تەنها لە دەربڕینی خواست و ئارەزوەکان و ویستی هێزدا ویستی هیوا دێنەدی کە گیانی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. ئەم ئایدۆلۆژیایە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا کۆک نەبووە

کە لەسەر زەوی واقیعدا ڕوودەدات، بەڵام کاتێک هەستی کرد کە پارێزگاری لە خۆی دەکات لە بەرامبەر دڕندانەترین شێوازەکانی پاوانخوازی و داپڵۆسین ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر هەرگیز قابیلی دەستکاری کردن نەبوو. سودی ڕەخنەیی ئەمجۆرە بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیە کە دان بە بوونی کەسە کاراکاندا نانێت، بەڵکو دان بە بوونی قوربانیاندا دەنێت و پێشترو ئێستاش هەر مەزنە، بەڵام داخران لەناو موقارەبەیەکی ڕەخنەیی ڕوتدا زیاتر ئەستەم بووە لەوەتای شێوازەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتوە مۆدێرنەکان لەناو ژیانماندا دەژین.

وەکو نموونەیەک بۆ ئەوە، وتاری باو0 لەبارەی ئافرەتان ئەوەیە کە وەکو قوربانی دەردەکەون، بەڵام ئەگەر پرسیار لە خودی ئافرەتان بکەن، بە تایبەتیش ئەوانەی کە بەشداری لە بزاڤەکانی ئافرەتاندا دەکەن، سەرنجی ئەوە دەدەن، کە هەستکردن بەوەی ئەوان بوونەتە قوربانی دەبینی ئەو هەستە لەلای خۆیان کەمتر بەرجەستە بووە زۆر زیاتر لەوەی، کە بڕوا بکەین ئافرەتان سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێناوە و لەمڕۆدا جیهانێکی کەلتوری نوێیان داهێناوە. گوتاری ئافرەتان لەبارەی خۆیانەوە هەڵگری هیوا و دەستپێشخەری زۆرە، زیاتر لە گوتاری پیاوان لەبارەی ڕەوشی خۆیانەوە، چونکە ئەوانە هەمیشە گوتاری بریقەدار دەربارەی پیاوەتی و پیاوسالاری ڕەت دەکەنەوە.

هاوشێوەی ئەمە زۆرجار پێناسەی کۆلۆنیالیزمە کۆنەکان و پەنابەرە تازە هاتووەکان و باوەڕهێنەران بە ئیسلام دەکرێت دەربارەی ئەو ئازارو مەینەیانەی دەیچێژن، وەک ئەوەی نەتوانن ببنە بکەرو دروستکەری مێژووی تایبەتی خۆیان. ئێمە بەناوی ڕزگارکردنی کۆڵنیالیستەکانەوە بەجۆرێک ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین وەک ئەوەی نەتوانن رزگاربونی خودو گۆڕانیان بۆ کاراکتەرێک، لەپێناو گەشەپێدانی ڕەوش و بارودۆخییان دروست بکەن. هیچ شتێک نەبوەتە مایەی نیگەرانی جگە لەوەی ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە بانگەشەکردنیان بۆ دروستکردنی ململانێ لە دژی هەژمونگەری بە ئاسانی باسی ئەگەری ئەفراندنی کاری شایستەو ڕزگارکەر دەکەن. ئای لەم تێڕوانینە سەیرە بۆ جیهان، ئەوەی کە نکۆڵی دەکات و باسی مەینەتیەکانی پشت هەژمونگەری دەکات و کردارو بیرۆکە ئازادیخوازیەکان پەراوێز دەخات.

بۆ ئـەوەی هۆشیاری خودی کارا دروسـت ببێت پێویستە 3، پێکهاتە

دەربکەون و پێکەوە هاوکار بن:

یەکەم: بوونی پەیوەندی لەگەڵ خود، لەگەڵ ئەو بونەوەرە تاکەدا بەو پێیەی کە خاوەنی مافە سەرەکییەکانە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دابڕان لە گواستنەوە بۆ بنەما گشتگیرەکان، تەنانەت بەرەو شەریعەتی خودا، چونکە خودی کارا بۆ خۆی ئامانجە.

دووەم: ئەمڕۆ خودی کارا وەکو دوێنێ دروست نابێت، تەنها ئەگەر بە شێوەیەکی ئەنقەست نەچێتە ململانێوە لەگەڵ هێزە خاوەن هەژمونەکاندا، کە نکۆڵی دەکات خودی کارا نەک هەر مافی ڕەفتارکردنی هەبێت، بەڵکو ئەوە بە ئەستەم دەزانێت.

سێیەم: هەموو یەکێک لەو ڕوانگەیەوە کە خودی کاران لە ئاستی خۆیانەوە پێشنیازی پێشبینیەکی گشتی بۆ تاک بکەن.

خودی کارا بە تەنها پەیڕەوکردنی هۆشیاری نیە، بەڵکو پێویستی بەو ململانێیە هەیە کە بەبێ ئەو کارکردنی بەکۆمەڵ دروست نابێت، بەڵام بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە بۆنەی تاکدا دەمێنێتەوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری بەکۆمەڵ دەبێت وا هەست دەکات ئەوە کە داکۆکی لە مافی گشتی دەکات. لە ڕاستیدا ئەمە بوو بارودۆخی سەردەمی ڕاگەیاندنی پەیامی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی، بەڵام لە سەردەمی نەتەوەکان و سەرهەڵدانی بیروباوەڕە تائیفیەکاندا بارودۆخەکە بەو جۆرە نەمایەوە.

لەوانەیە لە بارودۆخی ئەمڕۆماندا سەرلەنوێ گرنگی گەورە بە پرس و مەسەلە مرۆڤایەتیەکان و پوچەڵکردنەوەی شێوازەکانی مامەڵە کردنی نامرۆڤانە بدەین.

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە ژمارەیەکی زۆر وڵاتدا ئاماژەیەکە بۆ پاشەکشە کردنی ئەم چەمکەی لەسەر پاراستنی کۆمەڵگە بونیات نرابوو، بەڵام ئەوەی هەیە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت: ژیانی مرۆڤایەتی لە سەروی هەموو شەریعەتێکەوەیە. زۆرن ئەو وڵات و ناوچانەی کە شەڕی ناوخۆو جۆرەکانی تری توندوتیژی وێرانی کردون، لە چەند وڵاتێکی دیکەشدا بیرۆکەی خودی کارا لە بۆتەی ململانێ و کێشمەکێشە تائیفی و ئینتی و ئاینیەکاندا

دەستی بە پوکانەوە و لەناوچوون کردووە، بەڵام ئەگەر پوکانەوەی ئەو سیستم و ئایدۆلۆژیا سیاسیانە کە لێکچواندنیان کردووە لەنێوان داکۆکی کردن لە خودی کاراو سەرکەوتنی یەکێک لە حزبەکان، یاخود سەرکردەکان یان شێوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، ئەوا بۆشاییەکیان دروستکردووە کە قابیلی ئەوەیە ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ سەرهەڵدانی پاشاگەردانی، پێدەچێت ئەوەش ببێتە هۆی گەڕانەوە بۆ خود، واتا گەڕانەوە بۆ هۆشیاری خودی کارا. ئەستەمە ئەگەر لە پێشوەختدا بە چەند زاراوەیەکی گشتی ئەو بارودۆخانە بخەینەڕو کە یارمەتی سەرهەڵدانی هۆشیاری لای تاکەکەس، یاخود ناوەندێکی بەکۆمەڵ دەدەن، چونکە خودێکی کاران. لێرەوە گرنگی گەورەی ئەو نموونانە بەرجەستە دەبێت کە پەروەردە بەرجەستەیان دەکات، واتا ئەو پێشبینیانەی کە لەلایەن ئەو تاکانەوە نیشاندەدرێت کە هانی یەکێک لە گەنجەکان دەدەن، یان بە پێچەوانەوە بە جۆرێک کە خۆی وەکو ئامانجی کارەکەی نمایش بکات، واتا بەجۆرێک کە لە خودی خۆی بگەڕێت.

زۆرجار ئەو هاندانە لەلایەن هاوڕێیەکی پێگەیشتو، یان نزیکەوە دەبێت کە کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر ئەو گەنجە هەیە کە تەمەنی لەخۆیبچوکترە، بە شێوەیەک کە پەیوەندی نێوان گەنجەکان ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو دۆزینەوەی خودیان دەیانبات. خەمی گرنگیدان بە کەسانی تر ئەوەیە لە خودی خۆمان دوور دەخاتەوە، لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە هۆشدار بین لە ئاست ئەو پەیوەندیە سۆزداریەی کە هەمیشە هەڕەشە لە هۆشیاری خودیمان دەکات، بەڵکو پێویستە بە بەردەوامی بە باشی تەنسیق بکەین لەنێوان پابەندی لە ژیانی پراکتیکی و بزاڤی گەڕانەوەمان بۆ خود، پێویستە ئەوەش بڵێین تەنانەت ئەو کەسانەمان کە هێشتا لە ژیانیاندا گرنگیەکی زۆر بە کارەکانیان دەدەن، هەست بە پێویستی دوورکەوتنەوە لە چالاکیەکانیان و گەڕانەوەیان خودیان دەکەن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و پرسیار لە خۆیان دەکەن، بە تایبەتی ئەو پرسیارانەی کە تا ماوەیەکی لەمەوبەر بەلامانەوە باش نەبوون، وەک ئایا من کەسێکی شادمانم؟ ئەو کارەی ئەنجامی دەدەم بەڕاستی ئەو کارەیە کە دەمەوێت بیکەم؟ ئایا من دەتوانم لەم بابەتە یان ئەو بابەتەی دیکە تێبگەم؟ ئام من دڵنیام لە زانینی ڕوداوە ناپەسەندەکان لەو ساتەوەختەدا یان سەبارەت بەو ستەمە گەورانەی کە دەکرێت؟



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئەم پرسیارانەی کە لە خودی خۆمیان دەکەم و ئەو حوکمانەی بەسەر خۆم و بەسەر جیهانیاندا دەدەم ئەو تێڕوانینانە ڕاست دەکەنەوە کە بەسەر خودی خۆمیاندا دەسەپێنم وەکو خودێکی کارا و خودێکی کۆمەڵایەتی. ئەمە لە هەرجۆرە هەڵوێستێکدا بێت وەڵامی ئەگەری دەرکەوتنی خودی کارا دەداتەوە. پێویستە بە یەکسانی پارێزگاری بکرێت لە بیرۆکەی خودی کارا لە بەرامبەر ئەو هۆنینەوە ئاکاری و سایکۆلۆجیانەی هەیە، چونکە خودی کارا کەسێک نیە خودی خۆی بەدی بهێنێت، یاخود بە چاکترین شێوە ئەو ئەرکانە تەواو بکات، کە دەخرێنە سەر ئەستۆی، بە جۆرێک کە کاراکتەرێکی چالاک و هاوڵاتیەکی دڵسۆز و باوکێکی نموونەیی یان دایکێکی نموونەیی تێدا دەبینرێت.

دەرکەوتنی خودی کارا پەیوەندار نیە بە کۆتایی ئەو کاروانە گەورەیەی کە جان فرانسوا لیۆتار ئاماژەی بۆ کردووە، چونکە ڕۆمانە گەورەکان تاکە کەسی بن یان بەکۆمەڵ، لە گرنگیدا وەکو یەک وان. ژیانی خودی کارا مێژووی تراژیدیای جیهان هەموار دەکاتەوە، بەڵام خودی کارا لەناو کۆمەڵگەی پارەو توندوتیژیدا زیاتر ئازادو ئاسودەیە لەو ژیانەی کە لە سایەی ئەو لادانەی کە سیستمی کۆمۆنیستی بەسەریدا هێناوە بەناوی خەبات و هیواکانی بزوتنەوەی کرێکاریەوە.

ڕاستی خودی کارا لە هەموو قۆناغەکانی مێژودا شتێکی جێگیرو چەسپاوە و ئامادەگی لەناو شارستانێتی ئێمەدا بەهێزترە لە ئامادەگی لە هەر شارستانێتیەکی دیکەدا، بەڵام کاتێک لە چوارچێوەی بونیاتنانی جیهانێکی پیرۆزدا لەناو نوێگەریدا قەتیس نەکراوە، بۆیە گونجاندنی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرجەستە بووە و توانیویەتی دەربکەوێت و دواجار ڕاستی خۆی نیشان بدات بە شێوەیەکی ئازادو شلوشاو لەدوای دیارنەمانی تێکشاندنە دوورەکانی.

**سەرچاوە:**

کتێبی (برادیغما جدیده لفهم عالم الیوم) ئالان تۆرین، المنظمه العربیه للترجمه

# ئالان تۆرین یەكێكە لە بونیادنەرە بەناوبانگەكانی سۆسیۆلۆژیای مۆدێرنی فەرەنسا.

وەرگێڕانی: ڕەند

**دیموكراسی واتە پشتیوانی لە مافە پراكتیكیەكانی هاووڵاتیان**

ناوبراو لە ساڵانی (1960)ەوە تائێستا، لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆری دەربارەی پێكهاتە كۆمەڵایەتی و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆمەڵگە دیموكراسییەكاندا ئەنجام داوە.

دواپەرتوكی ئەلان تۆرین لە ساڵی (1992ز) لەژێرناوی (ڕەخنەی مۆدێرنێتە) دا بەچاپ گەیەندرا، لە ڕاستیدا تێڕوانینێكی سۆسیۆلۆژییە بۆ ڕەگوڕیشەی فەلسەفی ڕەوتە فكرییەكان كە لە ماوەی (50) ساڵی ڕابردوودا، كۆمەڵگەی خۆرئاوای خستە ژێر كاریگەرییەوە.

ئامانجی ئالان تۆرین لەم پەرتوكەدا داكۆكییە لە چەمكی (مۆدێرنێتە) و ڕەتكردنەوەی تیۆری ئەو بیرمەندانەی كە بە دیدێكی ڕەخنەگرانەوە بۆ ئەم چەمكە، ڕێگا بەرەو هەرجۆرە پرۆژەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی دادەخەن. هەربۆیەشە تۆرین بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم تیۆرانە و فۆرمەڵەكردنی دامەزراوە سۆسیۆلۆژییەكەی خۆی، داكۆكی لە (بكەری كۆمەڵایەتی مۆدێرن) دەكات. تۆرین هاوكات بە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەكانی مێژوو و خۆدوورخستنەوە لە پۆست مۆدێرنیزم، چەمكی مۆدێرن بە چەقی بیركردنەوەی خۆی دادەنێ و هەوڵیش دەدات بە پشت بەستن بە ئازادی تاكەكەس و سەربەخۆیی، پێگەیەكی پڕناوەرۆك بۆ فەلسەفەی سیاسی دیموكراسی دابڕێژێت. ئەمەش گفتوگۆیەكی هەڵبژاردەیە لەگەڵ ناوبراودا.

***

بەرلە هەر شتێ، دەمەوێ بۆ ئەم گفتوگۆیە سوپاست بكەم. سەرەتا ئەگەر ڕێگام بدەی، دەمەوێ چەند پرسیارێك دەربارەی دواپەرتوكتان (ڕەخنەی مۆدێرنێتە) بخەمەڕوو، حەز دەكەم بزانم چۆن گەیشتینە بایەخی هەڵسەنگاندنی

مۆدێرنێتە؟

– پێموایە جۆرێ لە بەردەوامی لەنێو بەرهەمەکانمدا هەیە، ئەگەر باسی مەسەلەی جۆراوجۆرم کردووە، لەبەر ئەم فاکتەرە بووە، کە مەسەلەکانی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە نەک لەبەرئەوەی گۆڕانی مەسەلە بایەخدارەکان، زادەی جوڵەی هزری من بووبن.

لە ماوەی (20) ساڵی ڕابـردووەوە بەتەواوەتی ئاشکرایە کە ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەی پیشەسازیدا واتا مەسەلەکانی وەک چینایەتی، یاخود بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا دەیگێڕن، تا ئەندازەیەک کاڵ بوەتەوە. ئێمە شایەتحاڵی بەرزبوونەوەی وردە وردەی ئەو مەسەلانەین کە پتر بە کلتوری دادەنرێن نەک کۆمەڵایەتی. لە یەکێک لە پەرتوکەکانمدا بەناوی (بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە) و لە پەرتوکەکانیترمدا نووسیومە کە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کۆمەڵگەیەکە تیایدا ئۆرگانیزەکردن و شێوازی بەرهەمهێنان لەنێو چەقی کار و هزری کۆمەڵایەتیدایە. خەسڵەتی سەرەکی کۆمەڵگەکانمان کە پۆست پیشەسازین (واتا مەبەستم لەو کۆمەڵگەیانەیە کە ئیدی بوونەتە پیشەسازی) گەشەکردنی پیشەسازیی کلتورییە، واتا مەسەلەکانی پەیوەست بە ئامانج و بەهاکان و ئەو چەمکانەش کە لە پەروەردە و فێرکردندا، یاخود لە ڕاگەیاندندا دەبینرێن. هەروەها کۆمەڵێ چەمکی پەیوەندیدار بە ژیان و بوونی مرۆیی کە لە بوارەکانی پزیشکی و لە مەسەلەکانی بایۆلۆژی–ئەخلاقیدا دەبینرێن. ئەم گیروگرفتانە لەناو وڵاتە تازە گەشەکردووەکانیشدا دێنەئارا. تەنانەت لە سەردەمی پێنەری مەزنەوە، قسە لەسەر گەشەکردن لەسەر بنەمای پیشەسازی و عەقڵانییەت کراوە، پاشان وردە وردە کاتێ دەگەینە سەدەی بیستەم، بایەخ بەو خاڵە دەدرێت کە (گەشەکردن) برێتییە لە نۆژەنکردنەوەی مەسەلە دێرینەکان. دواتر دەست بە وەگەڕخستنی ڕێبازی پیشەسازی و کرێکاران دەکرێت.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیشەوە مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و پاشان لە تورکیا و مەکسیک هاتەئارا. دواتر بەهەموو چەشنێ کلتورەکان یاخود توخمە کلتورییەکان گەشە دەکەن. بەمانایەکیتر، چ لە وڵاتانی پێشکەوتوو یاخود لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، لە هەرێمی (ئامراز)ەوە دەبێتە هەرێمی (ئامانج)، ئەمەش هەمان ئەو پرۆسەیەیە کە زەمینەی (مۆدێرنێتە و

نوێگەری) خۆش دەکات، واتا مۆدێرنێتە جۆرە کۆمەڵگەیەکە وەها پێناس دەکرێت، کە لە سەرەتای قۆناغی نرخ و بەها بەخشیندایە بە چەمکی بە عەقڵانیبوون (Rationalization) و داماڵینی ژیانی کۆمەڵایەتی لە مەزهەب (عەلمانییەت Secularization). ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی هزر و فکرەوە، وردە وردە دەبێتەمایەی نەهێشتنی کارە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی دابونەریت و مەزهەب ئەویش قازانجی دونیایەکی شەفاف و پێشکەوتوو، لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگەیەی ئەمڕۆ دەبینرێن، لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا وێکنایەتەوە، تەنانەت دەتوانین بڵێم پرۆسەی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتەوەیە....ئێمە بە پێچەوانەوە گەیشتووینەتە ئەو ئاستەی بڵێم کە کۆمەڵگەی مۆدێرنێتەو نوێگەرایی کۆمەڵگەیەکە لەڕێگەی ئەکتیڤکردنی عەقڵەوە، ئاراستەی جیهان کامڵ دەکات و بڕەو بە فرەجۆری لەنێو هاوڵاتیان و کلتور و کۆمەڵگەدا دەدات. ئەمەش هەمان ئەو مەسەلەیەیە کە لە کارەکانمدا مامەڵەیان لە تەکدا دەکەم. لە پەرتوکەکانمدا نمونەیەک لەم باسوخواسانەم خستۆتەڕوو، چونکە لە یادمە لە سەرەتای پەرتوکەکەمدا لە کاتی گەڕانەوەم لە ئەمریکای باشور، لەنێو فڕۆکەدا بیرم لێ دەکردەوە، پەرتوکێکی (ئەلن فینکلکرۆت)م دەخوێندەوە بەناوی (شکستی فکر)، ئەم پەرتوکە داکۆکی لە (ڕەسەنایەتی گشتی) دەکات. هەر ئەم پەرتوکە منی زۆر توڕە کرد، چونکە بە توندی دژی تیۆرەکەی فینکلکرۆت بووم، لەو بڕوایەدابووم ئەمە جۆرێکە لە پاشەکشە. پێموایە بەشێکی گرنگی گفتوگۆکانی ئەمڕۆمان دەربارەی پەیوەندی (گشتاندنی عەقڵ)ە بەسەر (تایبەتمەندییەکان)ی کۆمەڵگەیەک، گروپێک، میللەتێک، نەتەوەیەک یاخود مەزهەبێکەوە. پێموایە کرۆکی مەسەلەکەمان ئەوەیە کە بزانین چۆن ئەم دوو خەسڵەتە پێکەوە ئاوێتە بکەین. من وردە وردە گەیشتمە ئەو بڕوایەی مەسەلە گرنگەکە لەمەدایە کە ئەم بیرکردنەوەیە زیاتر کلتورییە نەک کۆمەڵایەتی، واتا چۆن بتوانین (یەکگرتوویی) و (پلورالیزم) پێکەوە ئاوێتە بکەین، یەکپارچەیی زانست و یەکپارچەیی یاسا و یەکپارچەیی مافەکانی مرۆڤ واتا ئەو مەسەلانەی گشتین، لەگەڵ تایبەتمەندی و ئەزموونە جۆراوجۆرەکاندا بخەینە یەک چوارچێوەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، من (25) ساڵ لە ژیانم لەنێو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا گوزەراند، قۆناغێکم لە ژیان تێپەڕاندووە کە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەم دەربارەی

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام داوە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، مەجەر و فەرەنسا، هەستم کرد پێویستە ئەم قۆناغە ببڕم و بچمە نێو دونیایەکی تازەوە، قۆناغێ کە ئێستا بەشێوازێکی گرنگ سەرقاڵی نوسینی سێ پەرتوکم لەو بارەیەوە، پەرتوکێ لە مەیدانی ڕەخنەی کلتوریی بەناوی (ڕەخنەی مۆدێرنێتە)، پەرتوکێکیتر کە ڕەخنەی سیاسییە، پەرتوکی سێیەمیشم پتر لە چوارچێوەی باسوخواسە کلاسیکییەکانی سۆسیۆلۆژیادایە، ئامانجەکەشیان شرۆڤەی ئەو مۆدیلە کۆمەڵگەیەیە کە ئێستا تیایدا دەژین. نوسینی ئەم پەرتوکەی دواییم، نزیکەی سێ تا چوار ساڵ کاری دەوێت.

***کاتێ وشەی (ڕەخنە) بەکاردەهێنی، ئایا ئەم چەمکە بە شێوازی (کانت) بەکاردەهێنی؟ واتا چاوخشاندنەوە یان هەڵسەنگاندن لە مەیدانی هێزی مەعریفەی ئەقڵی سۆسیۆلۆژی یاخود سیاسی؟**

-من چەمکی (ڕەخنە) تا ئەندازەیەک بە شێوازی (کانت) بەکاردەهێنم، تا ئاستێکیش بەمانای زاراوەیی و مێژووییەکەی وشەی ڕەخنە (Critic) بەکاری دەهێنم کە لە چەمکی یۆنانی (Krinein) وەرگیراوە و بەمانای (جیاکردنەوەی توخمە جیاوازەکان) دێت. لە هەمانکاتدا ئەم وشەیە بەمانای (ڕەخنەگرتن لە کەسێ یاخود شتێ) بەکارناهێنم.

پەرتوکەکەشم لە ڕاستیدا بۆ داکۆکی لە نوێگەرایی و مۆدێرنێتە نوسیوە، من خۆم بە پۆست مۆدێرنیزم (Post Modernist) نازانم.

***ئێمە لێرەدا دەچینەسەر کرۆکی سەرەکی گفتوگۆکەمان کە مەسەلەی دیموکراسییە. تۆ گوتت پەرتوکەکەت واتا (ڕەخنەی مۆدێرنێتە) بەرگی دووەمیشی هەیە بەناوی (ڕەخنەی دیموکراسی)**

**هەر لە بەرگی یەکەمی پەرتوکەکەتەوە مەسەلەی دیموکراسیت هێناوەتە ئاراوە. تۆش سود لە گوتە و نوسینەکانی نوسەرە لیبڕاڵەکانی وەک (ئەیزایا بەرلین) وەردەگریت و دەربارەی (تیۆری ئازادیی نیگەتیڤ)ی ئەیزایا بەرلین دەدوێی، ئەو تیۆرەی کە پێدەچێ لەگەڵیدا هاوڕا بیت، بەڵام لەهەمانکاتدا لەسەر مەسەلەی لیبڕاڵبوون لێی دوور دەکەویتەوە. دەمەوێ بزانم هەڵوێستت دەربارەی باسوخواسی دیموکراسی چییە؟**

-تۆ بە دروستی هەردوو ڕەهەندەکە دەبینی، چونکە لە ڕاستیدا لە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کۆتایی سەدەی بیستەم، هیچ کەسێ ناتوانێ داکۆکی لە تیۆری ئازادیی پۆزەتیڤ بکات، واتا بەرگری لە هزری بەشداربوونی راستەوخۆ لە کاروباری کۆمەڵگەدا. تەنانەت لە کوباش کە ئاستی پەروەردە و تەندروستی لە ئاستێکی باڵادایە، کەس ناتوانێ بڵێ کوبا دیموکراسییە بەڵکو دەڵێن کوبا ڕژێمێکی جەماوەرییە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە خاوەنی حکومەتێکی دیموکراسییە، بەڵکو پێموایە ئەمڕۆ بۆ ئێمە، دیموکراسی لە هەموو شتێ زیاتر پشتیوانی لە مافە پراکتیکییەکانی هاوڵاتیان لەهەمبەر دەسەڵاتە تاکڕەوەکاندا دەکات. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتە تاکڕەوەکان لە ڕێگەی حکومڕانی خەڵکەوە واتا لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە، بخەینە ژێر پرسیارەوە. هەموو ئەمانە ئاشکرا و ڕوونن. لە هەمانکاتدا چەمکی (ئازادیی نیگەتیڤ)یش بە تەنها کامڵ نییە. پێویستە بیر لە مەسەلەی سنوردارکردنی دەسەڵاتیش بکەینەوە، ئەمەش مەسەلەیەکی نوێیە، بەو مانایەی بەلای هاوڵاتییەکی فەرەنسی یاخود ئەمریکییەوە، هزری دیموکراسی پەیوەندی بە هزری (هاوڵاتێتی)یەوە هەیە.

ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە، ئێمە دیموکراسی بە شێوەیەکی داسەپاو یاخود بە ڕێسایەک پێناس دەکەین کە دەسەڵات ناچار دەکات ئەو مەسەلانە لەبەرچاو بگرێت کە کۆمەڵایەتی نین ئەویش ئازادی تاکەکەسییە، دیموکراسی لە وڵاتێکدا لە توانایدایە سەرجەم دانیشتوان ناچار بکات تا هەمەچەشنی کەس و لایەنەکان لەبەرچاو بگرن ئەویش بە هاوکاری یاسا.

پێموایە (چارلز تایلۆر Taylor) کە دەربارەی (سیاسەتی مەعریفە) دەدوێ و (جۆن راوڵزRawls ) لە پەرتوکی (تیۆری دادپەروەری)یدا نوسیویەتی هەر هەمان شتە.

لە ڕوانگەی ڕاوڵـزەوە، مەسەلەی سیاسەت واتا هەموو ئەو مرۆڤانەی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەیە، بیانخەینە ژێر سایەی یاسا یەکسانەکانەوە... مەسەلەکەش ئەوەیە کە فێر ببین ڕێزگرتن لە کەمینەش بخەینە نێو یاسایەکی زۆرینەوە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (خرد)، شمارە اول، تیر 1389.

# ئالان تۆرین
# رەخنەگری سۆسیۆلۆژیای کلاسیکی

لە عەرەبییەوە : ئارام ئەمین شوانی

ئێستا ئالان تۆرین بە یەکێک لە گرنگترین رابەرانی کۆمەڵناسی هاوچەرخ دادەنرێ، تۆرین بە رچەڵەک فەرەنسییە و ساڵی 1925 لەدایکبووە، تا ساڵی 1958 وەکو توێژەر لە ئەنجومەنی نیشتیمانی توێژینەوەی فەرەنسی کاریکردووە، ساڵی 1960 لە زانکۆی چیلی «سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی کار"ی دامەزراندووە، پاشان لە ئیکۆل لە زانستەکانی پاریس بووەتە توێژەر، بەوە بەناوبانگە کە پەرەی بە چەمکی (کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی) داوە، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوەی (بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان) دەدا و لەو بوارەشدا زۆری نووسیوە.

تۆرین لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین ناوبانگێکی گەورەی هەیە، ساڵی 1998 خەڵاتی (ئامالفی) ئەوروپی بۆ کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتیەکان وەرگرتووە، ساڵی 2004 لەزانکۆی فالبرایسۆ لە چیلی پلەی دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە، ساڵی 2006 لە زانکۆی نیشتیمانی (سانت مارتن) دکتۆرای فەخری پێ بەخشرا، لە دیسەمبەری 2006 لەزانکۆی کۆڵۆمبیای نیشتیمانی و لە ساڵی 2008 لە زانکۆی مایۆردی سان مارکۆس لە لیما بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە.

ئالان تورێن لە گەنجیەوە لەژێر کاریگەری چەندین رەتکردنەوەی سیاسیی بووە و لەسەر ئەو بنەمایە و بەهۆی کتێبەکانیەوە بووە سۆسیۆلۆجیستێکی تێکۆشەر، ئەو کتێبانەی کە خاوەن دیدێگایەکی جیدی بوون ئەگەر نەڵێم خاوەن دیدگایەکی شۆڕشگێڕانەبوون، وەک: رەخنە لە مۆدێرنیتە، پارادیمی نوێ: لەپێناو تێگەیشتن لە جیهانی ئەمڕۆ 2005، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، دیموکراسی چییە، و چەندین بەرهەمی دیکە.

**بۆچی پسیۆڕی ئالان تورێن کۆمەڵناسییە؟**

ئالان تۆرین کە ناوی خۆی لە کایەی کۆمەڵناسیدا تۆمارکردوە لەخۆوە و

بێ هودە، یان بەرێکەوت و بێ پاساوێکی بابەتیانە نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی لە گەنجییەوە لەژێر کاریگەری چەندین رەتکردنەوەی سیاسی بووە: رەتکردنەوەی جەنگی کۆلۆنیالی، رەتکردنەوەی سۆسیالیزمی جی مۆلیە (ناپاک)، رەتکردنەوەی ئەو سەرپشکبوونەوەی کە مالرۆ لەنێوان دیگۆلیزم و حیزبی کۆمۆنیزمدا بەسەر رۆشنبیرانی فەرەنسیدا سەپاندبووی. ئەو هەلومەرجە نائارامەبوو، روحێکی تێکۆشەرانە و بەشداریکەرانە و خەونی گۆڕینی جیهانی بەتۆرین بەخشی.

تۆرین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئینیتمای ئەو بۆ سۆسیۆلۆژیا پاڵنەرێکی شەخسی نەبووە، بەڵکو مەرجێکی بابەتیانە بوو بۆ سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیا وەک زانستێک. لەو بارەشەوە دەڵێ: «ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک زانای کۆمەڵناسی بێت، ئەوەیە لە مەرجی بوونی کۆمەڵگەیەکی تازە رابمێنێ، هەروەها بیر لەو رێگەیە بکاتەوە کە بشێ بەهۆیەوە قەیران و دابڕان لەلایەک و ململانێکان لەلایەکی دیکە لە دۆخێکی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و کولتوری تازەدا یەک بگرن، چونکە بێ مانابیە خەون بە کۆمەڵگەیەکی نموونەییەوە ببینی و ئەو هەلاهەلابوون و کۆدێنایانە لەبیر بکەی کە لەلێواری قەوماندان".

*** هەڵوێستی تۆرین لەمەڕ سۆسیۆلۆژیای کلاسیکی و پرەنسیپەکانی:**

لەکاروانی سۆسیۆلۆژی ئالان تۆرینەوە، توێژەری فەرەنسی دەیەوێ لە کۆت و بەندی قوتابخانەی پۆزتڤیزمی سۆسیۆلۆژیای میراتی ئۆگست کۆنت و ئەمیل دۆرکهایم رزگاری ببێ، کە لەسۆنگەی رێسای یەکەمی میتۆدی دۆرکهایمەوە لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان شتی دەرەکین و بوونی سەربەخۆیان لە تاکەکان هەیە، بگرە هێزێکی زۆرەملێانە و ناچارکردنی بەسەر تاکەکاندا هەیە، بەبۆچوونی تۆرین بوونی بابەتیانە و سەربەخۆی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، واتە کۆمەڵگە و دەوڵەت دوو خودای تازەن لای دۆرکهایم.

ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکە، تۆرین تەنها لە خۆرزگارکردن لە قوتابخانەی پۆزتڤیزمی دەستبەردار نەبووە، بەڵکو کاری لەسەر پێشکەشکردن و خستنەڕووی چەندین رەخنە کردووە، کە پێیوابوون زۆر بابەتیانەن و هاوکاری دەبن بۆ

رزگاربوونی لە قوتابخانەی کلاسیکی، چونکە بە جیاوازی قوتابخانەکانی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی سیستەم داوە، واتە لێکۆڵینەوەی دەزگاکان: وەک خێزان، خوێندنگە، دەوڵەت، بە قسەی تۆرین بەهۆی ئەوانەوە دەسەڵاتی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەسەر بکەرەکاندا دەسەپێنێ و لێکۆڵینەوەی لایەنەکەی دیکەی کۆمەڵگە فەرامۆش دەکات، وەک بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەهۆیەوە بکەرەکان لەبەرەنگاری دەسەڵات و زۆرەملێی ئەو دەزگایانە گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن.

بۆیە ئالان تۆرین جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، ئینتیمای ئەو بۆ سۆسیۆلۆژیا ئینتیمایەکە لە پێناو گۆڕین و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەسەر بکەرەکاندا.

بەڵام لە بارەی پرەنسیەکانی سۆسیۆلۆژیای کلاسیکەوە، تۆرین پێیوایە تەنها وێنەی جۆرێکی تایبەتن: لێکچواندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو شتەی کە پێگەیەکی سەنتەری بە بیرۆکەی دەزگا دەدات، هەروەها جێگرتنەوەی سیستەمە ئامارییە دیاریکراوەکان لە جێی ئاستی بەشداری کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەی ئاستی بەشداری کۆمەڵایەتی بە پرەنسیپێکی سەرەکی لە سۆسیۆلۆژیا دادەنرێ، ئەگەر بە چالاک و تێکۆشەرانەمان زانی.

*** سۆسیۆلۆژیای ئالان تۆرین «کۆمەڵناسی کردە".**

دیـارە ئـەوە شتێکی سەرەتاییە، کە لە کایەی کۆمەڵناسیدا «هەموو سۆسیۆلۆجیستێک سۆسیۆلۆژیای تایبەت بەخۆی دادەهێنێ« و «سۆسیۆلۆژیاش کوڕی سەردەمەکەیەتی".

بۆیە دەکرێ بێژین، کە ئەگەر سۆسیۆلۆژیای ئۆگست کۆنت و لەگەڵیشیدا ئەمیل دۆرکهایم، بگرە قوتابخانەی پۆزتڤیزمیش هەموویان کار لەسەر لێکۆڵینەوەی سیستەم، واتە دەزگاکان بکەن، ئەوە ئالان تۆرین پێیوایە ئەو سۆسیۆلۆژیایە سیستەمی کۆمەڵایەتی بەسەر بکەرەکاندا دەسەپێنێ.

هەروەها ئەگەر سۆسیۆلۆژیای کارل مارکس لەسەر بنەمای بیرۆکەیە هەڵنرابێ کە دەڵێ (ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر پەیوەندیەکی دەسەڵاتداران دامەزراوە)، لەبەرامبەر سۆسیۆلۆژیای ڤیبەر کە پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێ، کە

بکەر هەمیشە لەلایەن بەهای دیاریکراوەوە دەکرێ«، ئەوە ئالان تۆرین پێیوایە سۆسیۆلۆژیاکەی ئەو «سۆسیۆلۆژیای کردەیە”، مەبەستیشی لەوە دوو «بکەرە، کە لە رێگەی دەسەڵات و ململانێیەوە دژی یەکترن و خاوەنی هەمان ئەو ئاراستە کلتوری و چالاکیەن، کە بەرهەمی دەهێنن”، پاشان چەمک و میتۆدەکانی کۆمەڵناسی کلاسیکی سروشتێکی میکانیکی هەیە و کورتکراوەتەوە بەسەر کۆمەڵناسی پیشەسازیدا و لە ناو کۆمەڵناسی هاوچەرخدا لەرزیوە و بگرە روخاویشە، کە کۆمەڵناسی کردەیە، بەدیاریکراویش کۆمەڵناسی بزاوتە کۆمەڵایەتیەکان.

### أ- بابەتی کۆمەڵناسی لە روانگەی ئالان تۆرینەوە:

ئالان تۆرین پێیوایە بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسی بریتیە لە دیراسەکردنی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتیانەی کە پەیوەستی مێژوون، واتە پەیوەستی پەیوەندی و ململانێی چینەکانن، ئەوەی ئێمە ناومان لێناوە «بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان”، لەدیدی تۆرینەوە سۆسیۆلۆژیا بەرێکەوت و زۆرەملێ ناسەپێ، بەڵام پێویستە تێکۆشەرانە بێت، بگرە دەبێ شۆڕشگێڕانەش بێت، لەپێناو رزگارکردنی بکەری کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کۆت و بەندەکانی.

### ب- ئەرکی کۆمەڵناسی لە دیدی تۆرینەوە:

ئالان تۆرین پێیوایە ئەرکی کۆمەڵناسی بریتیە لەوەی «پێویستە بڕیار لەسەر ئامانج و ئەرکی خۆی بدات”، نەک وەک ڤیبەر پێیوایە ئەرکی کۆمەڵناسی بریتیە لە «تەنها چۆنیەتی تێگەیشتن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی”، چونکە تۆرین لە سۆنگەی تێکۆشانێکی بەردەوام و کۆڵنەدەرانە دژی پۆزتڤیزمی ساختەی سیستەمی باو و گوتارە پاساودەرەکانیەوە، گرنگی کۆمەڵناسی دیاریدەکات.

سەرەڕای ئەوەش، ئالان تۆرین پێی وایە ئەرکی کۆمەڵناسی لە دۆخی تازەیدا پێویستە رۆڵێکی پۆزەتیڤانە بێت کە خۆی لە میکانیکی کۆمەڵناسی دەنوێنێ و بێ ئەملاوئەولاش بەسەر توێژەری کۆمەڵایەتیدا رەنگدانەوەی دەبێ و کار دەکاتە سەر کەرەستە میتۆدیەکانی و ئامانجەکانیشی. تۆرین دەڵێ: «کۆمەڵناسی هاوچەرخ بەشدار دەبێ لەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەگوێرەی توانا وەک بکەر مامەڵە بکەن”،



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

هەروەها کۆمەڵگە خۆی لە سیستەم و ئایدیۆلۆژیا و ڕەوانبێژیەکەی قوتار بکات لەرێگەی داهێنانی سیستەمێکەوە بۆ کردە، کە بەهۆیەوە سیتسەمی کۆمەڵایەتی بەبەردەوام خۆی دابڕێژێتەوە، کەوایە ئامانجی کۆمەڵناسی بریتیە لە چالاککردنی کۆمەڵگە".

**ج- زانای کۆمەڵناسی لە دیدی ئالان تۆرینەوە:**

تۆرین دەڵێ «مرۆڤی سۆسیۆلۆژیشت بەرژەوەندییەکانی ئاراستەی ناکەن، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ«. لەو گوتەیەی ئالان تۆرینەوە دەردەکەوێ، کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئەرکی کۆمەڵناسی بریتییە لە تێکۆشان لەپێناو گۆڕان، و هاوکاریکردنی بکەرەکان بۆ رزگاربونیان لە فشارەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ناچارەکی و زۆرەملێ بەسەر چالاکیەکانیانەوە، هەروەها جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کۆمەڵگەکان هاوکاری کردە و بزاوت بنەوە تا مێژووی خۆیان دروست بکەن، و دەستبەرداری لە بەرژەوەندی و مەیلە شەخسیەکانی.

مرۆڤدۆستی ئالان تۆرین لەوەدایە، کە ڕەخنەی لەو رۆشنبیر و کۆمەڵناسانە گرتووە کە بەشداربوون لە سەپاندنی دەسەڵاتی هزر بەسەر بکەرەکاندا، بێ ئەوەی هاوکاریان بکەن لە بەرەنگاربوونەوەی سیستەم نموونەش فوکۆ و پییەر بۆردۆ، لە جیاکردنەوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە.

تۆرین دەڵێ: «منیش وەکو ئەوانی دیکە سەرسامم بە رۆشنبیرانی ئەم وڵاتە کاتێک ڕێوشوێنی توێژینەوەیی نوێ دادەهێنن، و کاتێکیش پەنجە دەخنە سەر لایەنە پۆخڵەکانی ژیانی کۆمەڵگە وەکو ئەوەی فوکۆ و شتراوس ..کردیان، بەڵام کە هیچ رۆڵێکمان نەبوو، باشتروایە کۆچ بکەین لەوەی لاساییکەرەوە یان لێکدەرەوە بین. ئەی بۆچی ئێمە زانای کۆمەڵناسیین، ئەگەر لەپێناو هاوکاری کۆمەڵگەکان نەبێت بۆ کردە، بۆ دروستکردنی مێژووی خۆیان، لەبری ئەوەی بەرەو بێگانەبوون و ملکەچی و نائاگایی بڕۆین".

**د- کۆمەڵگە بەلای ئالان تۆرینەوە:**

بەگوێرەی بۆچوونەکانی تۆرین کۆمەڵگە ئەو شتەیە کە پێویستە ڕێکخستن

و بەردەوامیەتی هەبێ، لەسەر ئاستی سیستەمیش، برێتیە لە کۆمەڵێک ئەرک کە تەنها لە رێگەی کۆنترۆڵکردنەوە ئەنجام دەدرێ، کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکان لە رێگەی ئەرکەکانەوە، بەڵام لەسەر ئاستی بەردەوامیەتی دەکرێ کۆمەڵگە لە جوڵە و دینامیەتەکانیەوە بخوێنینەوە، نەک لە چەقبەستنیندا لێی بکۆڵینەوە.

مەرجی رێکخستن و سەرباری ئەوەش مەرجی بەردەوامیەتی ئەوەن، کە مانای ئەگەرانە بە کۆمەڵگە دەبەخشن، کۆمەڵگە مێژوویەک بەرهەمدەهێنێ و لەرێگەی هەردوو ویستی کردە و گۆڕانەوە کار دەکرێتە سەر بوونیادەکانی.

*** بەشدارییە فیکرییەکانی ئالان تۆرین لەکایەی کۆمەڵناسیدا:**

زێدەڕۆییمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ئالان تۆرین تەنها رێبوارێکی سۆسیۆلۆژیا نییە وەکو ئەوەی چەندانی تر تێپەڕین و تێدەپەڕن، ئەوەش بە سەرنجدان بە ئامادەیی بەهێز و ئاشکرای ئەو، تۆرین لە سۆنگەی خەمە سیاسیەکانەوە توانی هەوڵە فیکرییەکانی خۆی (گەر نەڵێین شۆڕشگێڕییەکانی) لەکایەی کۆمەڵناسیدا گەڵاڵە بکات. ئەو هەوڵانە تۆرینیان کرد بە رابەری دوو کایە و بابەتی گرنگ لە کایەکانی کۆمەڵناسیدا کە ئەمانەن:

**ا- سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان:**

بەلای تۆرینەوە بزاوتە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکان ئامانجیان رزگارکردنی ئەو خودەیە کە چەمکی «بکەری کۆمەڵایەتی” نوێنەرایەتی دەکات، واتە ئەو چەمکەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بە رەهەندێکی رەسەن لە تاکدا. هەروەک تۆرین جەخت دەکاتە سەر ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان زادەی ویست و ئاگایی تاکەکانن بە خۆیان ئەوەش لە رێگەی دروستکردنی سەندیکای سیاسیی، لە پێناو داکۆکیکردن لە داخوازییەکانیان.

تۆرین دەڵێ: بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە تازەکان: «لەرێگەی کاری سیاسی و پێکدادانەوە دروست نابن، بەڵکو لەژێر کاریگەری رای گشتی دروستدەبن”.

**ب- سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە پاشکۆکان:**

بەهۆی ئەوەی تۆرین ماوەیەکی درێژ لە ئەمریکای لاتینی و بەتایبەت چیلی نیشتەجێ بووە، بۆی دەرکەوت کە کۆمەڵناسی خۆرئاوایی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم چالاک نییە، بەهۆی ئەوەوە پەرەی بە (سۆسیۆلۆژیای گەشەسەندن) دا، کە مەبەستی سۆسیۆلۆژیای گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بوو.

تۆرین (کۆمەڵگە پاشکۆکان) وا پێناسە دەکات: ئەو کۆمەڵگایانەن کە بورژوازیەتی بیانی ڕێبەرایەتی گەشەسەندن و پیشەسازیانە دەکات.

سەرەڕای ئەوەش تۆرین پێیوایە سۆسیۆلۆژیا لە جیهانی سێ زۆر ئاڵۆزترە، ئەوەش لەبەرئەوەی بورژوازیەت لەو وڵاتانە کار دەکات، سەرەڕای ئەوەی بیانیشە، پاشان ئەرک و ڕۆڵی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی وەک دەوڵەت و چین و دەزگاکان، و بکەرەکانی دیکە، بەشێوەیەکی ریشەیی جیاوازن لە هاوشێوەکانی لە کۆمەڵناسی کلاسیکیدا. لێرەوە ئەو هەوڵە دەردەکەوێ، کە تۆرین بۆ گەڵاڵەکردنی سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە پاشکۆکان دابووی.

*** بزاوتی کۆمەڵایەتی لای ئالان تۆرین:**

بابەتی «بزاوتی کۆمەڵایەتی" بە یەکێک لە گرنگترین ئەوە بابەتە سەرەکیانە دادەنرێ، کە ئالان تۆرین کاری لەسەر کردووە، بەوردیش مەبەستی لەوە ئەوەیە، ئەوەی بکەرەکان ئەنجامی دەدەن پەرچەکردار نین بەرامبەر سەپاندنی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان بەسەریاندا، بەڵکو بە ئاراستەی کولتوری و بەچوونە ناو ململانێی کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەرهەمی دەهێنن و دیاری دەکەن.

پێشوازی ئالان تۆرین لە بزاوتی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ئەو بزاوتە لە کولتوری هاوچەرخدا، وای لێکردووە ڕەخنە لە هەریەک لە مارکیوز و فوکۆ و لوی ئاڵتوسێر و بۆردیۆ بگرێ، ئەوەش کاتێک ئەوانە پێیانوابوو کە بزاوتە کۆمەڵایەتیەکان تەنها یاخیبوونێکن بێ هیچ کاریگەریەک لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن. بەبیانوی ئەوەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ پتر و پتر بەلای دەسەڵاتخوازی و چاودێری توندوتۆڵدایە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئیدی ژیانی کۆمەڵایەتی تەنها

دەرکەوتەی دەسەڵاتی ڕەهان.

ئالان تۆرین پێیوایە ڕەخنەکانی مارکیوز و فوکۆ و ئاڵتوسێر و بۆردیۆ لە بزاوتی کۆمەڵایەتی لە شێوە و ڕۆڵی سەندیکایی کۆنی پەیوەست بە کاری سیاسی لە گرووپی سەندیکایی پاشەکشەی کردوە لە داواکردنی مافەکانیان، بەڵام ئالان تۆرین پێی وایە بزاوتە کۆمەڵایەتیە تازەکان :"لەژێر کاریگەری کاری سیاسی و پێکداهەڵپژاندا دروست نابێ، بەڵکو لەژێر کاریگەری ڕای گشتییدا دروستدەبن".

لێرەدا لەڕوانگەی تۆرینەوە قسە لەسەر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دەکەین، کە کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، و لە دامەزراندنیدا پشت بە ئاگایی و قەناعەت دەبەستێ، بەپێچەوانەی بزوتنەوە ساردەکانەوە، یاخود بەهۆی کاری سیاسییەوە دروست دەبێ و پەیوەستە بە کۆمەڵگەی پیشەسازییەوە.

بزاوتی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ لە دیدی ئالان تۆرینەوە بەرادەیەکی دیاریکراو ڕێکخستن و بەردەوامی هەیە، کە لەڕێگەیانەوە هەوڵی چالاکی دەدات بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مێژووی چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەک بەوە جیا دەکرێنەوە، کە نە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و نە لە کۆمەڵگەی پێش پیشەسازیدا بوونی نەبووە.

ئالان تۆرین پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی تەنها لە ڕێگەی بزاوتە کۆمەڵایەتیەکانەوە، دەکرێ داکۆکی لە شوناسی خۆمان و سەربەخۆیی خودیانەی خۆمان و ئازادیمان لە ملکەچی و گەردنکەچی بۆ زاڵبوون بکەین، بۆیە دەبینین تۆرین پێداگرە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی بەرگری و ڕەوایەتی ئەو ڕەفتارەی کە خۆی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە بەردەوامەکان دەنوێنێ و ئەستەمیشە کۆنترۆڵا بکرێ.

لەو پێناوەشدا ئالان تۆرین پێشنیازی دامەزراندنی بزاوتێکی کۆمەڵایەتی لەسەر سێ پرەنسیپ دەکات ، کە بە سێ پرەنسیپی سەرەکیان لەقەڵەم دەدات و ئەمانەن:

-پرەنسیپی شوناس: ئالان تۆرین مەبەستی لە پرەنسیپی شوناس زەروورەتی دیاریکردنی شوناسی ئاکەکەسە کە دەشی فرەشوناس و پێکهاتەشوناس بێت (کۆمەڵە، چین، توێژی کۆمەڵایەتی...)، لەبەرامبەریشدا پێویستە شوناسی

نەیار دیاری بکرێ واتە پێویستە بیرۆکەیەک و دۆزێک هەبێ.

– پرەنسیپی پارادۆکس: لای تۆرین پرەنسیپی پارادۆکس لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دیاریکردنی نەیار دەسەپێنێ، واتە پێویستە ئەو نەیارەی کە بزووتنەوەی لەسەر هەڵچنراوە، روون و بابەتیانە بێت. بەمانایەکی دیکە دەکرێ پرسیاری :بۆچی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی؟ وەڵامێکی دیاریکراو و رونی هەبێ، بۆ نموونە «بزووتنەوەی کرێکاری دژی رێکخستنی کارە لەپێناو سەربەخۆیی کرێکاریی". 

– پرەنسیپی هەمەکی: ئالان تۆرین مەبەستی لەم پرەنسیپە ئەوەیە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆئاگایی و بەشێوازی کۆمەڵی و گشتگیر پێکبێت نەک کەمینە و تاکەکەسی، ئەوەش لەپێناو سەرکەوتن لە کاریگەریخستنە سەر رای گشتی و بەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکان، چونکە بەقسەی تۆرین ئەگەر بزووتنەوەی گشتگیر بوونی هەبێ ئەوە سەرکەوتن بەسەریدا مەحاڵە.

لە دەرئەنجامی پرەنسیپی هەمەکی لای ئالان تورێن ئەوە دەردەکەوێ کە بزاوتی کۆمەڵایەتی، تەنها لە ژێر سایەی ئاگایی کۆنترۆڵکردنی مافەکانیاندا بەدیدێت. ناشکرێ مافەکانیان بۆ بگەڕێنەوە، چونکە مافەکان موڵکی گەمژە و بێ ئاگایان نییە.

ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئالان تۆرین کاری لەسەر کردەی ناڕەزایەتی و کاری سەندیکایی و بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوە تازەکانی لایەنگرانی ژینگە و بەرهەڵستکارانی جیهانگیری سەرکێش و سەرمادارێ دڕندە کردووە، هەروەک دەبینین بەشداریکردووە لە ناڕەزایی دژی ئەو جەنگە کۆڵۆنیاڵانەی کە لەسەردەمی گەنجیەتیدا فەرەنسا تێوەی گلابوو، پێش ئەوەی هەست بە برایەتی لەگەڵ ئەو رۆشنبیر و کرێکارانە بکات، کە دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیزمیان لە بۆداپێست رەتدەکردەوە.

ئالان تۆرین ئامانجی خۆی لە بزاوتەی کۆمەڵایەتی نوێ لە دیاریکردنی ویستی بەدەستهێنانی مافە تازەکان و سەپاندنی داننان بە مافە قۆرخکراوەکانیان، کورتکردوەتەوە، هەروەک ئالان تۆرین جەختدەکاتە سەر چوونە پاڵ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە تازانەی کە وەک پێشتر بینیمان خۆی لە داکۆکیکردن لە شوناس و بەرژەوەندی تایبەت و تێکۆشان دژی نەیار دەنوێنێ.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

*** رۆڵی کۆمەڵناسی هاوچەرخ لەدیدی ئالان تۆرینەوە:**

ئالان تۆرین ئامانجی ئەوەیە بڵێ لە هەموو قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا زانستێک هەیە، کە پێگەیەکی سەنتەری و کاریگەرییەکی مەزنی هەیە. بۆ نموونە :" ئابووری لە کۆمەڵگەی پیشەسازی، و فەلسەفەی سیاسی لە کۆمەڵگە بازرگانیەکانی پێش شۆڕشی پیشەسازی،بەڵام ئەمڕۆ ئەو پێگەیە کۆمەڵناسی هاوچەرخ خاوەنیەتی. ئەوەش لەسۆنگەی ئەوەی بووەتە کانگای ژیانی کولتوری هاوچەرخ. هەروەک لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەش رۆڵی هەیە" هەروەها رۆڵی کۆمەڵناسی هاوچەرخ لە چالاککردنی کۆمەڵگە و هاوکاری کۆمەڵگەکان بۆ کردە و دروستکردنی مێژوو و هاوکاری بکەران بۆ رزگاربوون لە زیندان و کۆت و بەندی ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیانەی، کە سیستەم بەسەر چالاکیەکانیاندا دەسەپێنێ و وا لە بزاوتی کۆمەڵایەتیان دەکات، دژی نەیارەکەی بێت لە پەراوێزی کۆمەڵگە کە بێ کاریگەری و بێ چالاکیە.

هەروەها تۆرین دەڵێ رۆڵی کۆمەڵناسی هاوچەرخ زۆر بەتوندی وابەستەی روحی تێکۆشان و گۆڕینی جیهانە، واتە دەرچوون لە جیهانی ململانێ و جەنگ و سەرمایەداری و وەهمە چەسپیوەکان، بەرەو جیهانێک کە دان بە بکەرانی کۆمەڵایەتی و ئیرادەیان لە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە دەنێ.

**پوختەی گشتی:**

لە سۆنگەی دەستکەوتەکانی ئـالان تۆرین و بەشدارییە فیکرییە هەمەجۆرەکانییەوە، تێبینی دەکەین رێبوارێکی کایەی کۆمەڵناسی نەبووە، بەڵکو ئامادەییەکی بەهێز و تایبەتی هەبووە، وای لێکردبوو ببێتە یەکێک لە گەورەترین و مەزنترین کەسی نێو ئەو زانستە، بەتایبەت شیکارە قوڵ و دیدگا جیدیەکانی، ئەگەر نەڵێم دیدگا شۆڕشگێڕییەکانی.

ئەوە سەرەڕای دارشتنی پارادیمێکی بەهێز کە لە میانیەوە هەوڵیدا زۆرێک لەو کۆمەڵناسانە دووربخاتەوە کە لە ئەنجامی پاڵنەری ئایدیۆلۆژییەوە ئامانجیان بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو، بۆیە دەڵێ: « مرۆڤی کۆمەڵناس، شوێن بەرژەوەندییەکانی ناکەوێ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ«، هەرچەند

ئالان تۆرین بەچەندین بەشداری و چەندین چەمکی وەک «بکەری کۆمەڵایەتی” و «بزاوتی کۆمەڵایەتی” و «کۆمەڵگەی بەرنامەڕێژکراو” یا «پاش پیشەسازی” هاوکاری کایەی کۆمەڵناسی کردووە، هەروەها یەکێکە لەو مەزنانەی کۆمەڵناسی، کە بەشداربوونە لە دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵناسی بەدەزگایەکی چەمکسازی دەوڵەمەند. هەروەک یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە بڕوایەکی مرۆڤدۆستانەی هەبووە و ترسی لە جەنگ و ململانێ و جیهانگیری و مۆدێرنیتەی سەرکێش هەبووە، بۆیە هەمیشە تێکۆشانێک بە بیروباوەڕ و دەسکەوتە بەهێز و شۆڕشگێڕییەکانیەوە دیارە.

**پەراوێز:**

1- Alain Touraine، le reteur de lacteur، Paris، Fayard، 1984 .

2-la Critique de la Modernité الان تورین، نقد الحداثه ترجمه انور مغیث، المجلس الاعلی للثقافه 1998.

3-الان تورین، برادیغما جدیده لفهم عالم الیوم، ترجمه: جورج سلیمان، مرکز دراسات الوحده العربیه، المنظمه العربیه للترجمه.

4- عبد الرحیم العطری، الحرکات الاحتجاجیه بالمغرب، دفاتر وجهه نظر،الرباط،2008

**سەرچاوە:**

-http://www. diwanalarab. com/spip. php? article31468